





# مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی کورد

# لە ناو ڕاپۆرتەکانی ویکلیکسدا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- کێشەی کورد و ئێران ........ ٤

٢- بابەت: نوسینی WASHINGTON POST لە سەر کێشەی کوردی عێراق ........ ٨

٣- سەدام حسین: ئێمە نەوت ناخۆینەوە ئامادەین بە ڕۆژئاوای بفرۆشین ........ ١٠

٤- مەلا مستەفا بارزانی بڕوای بە بەعس نەبووە ........ ١٣

٥- سەدام حسێن: دەبێت بارزانی ئاڵای سپی هەڵبکات ........ ١٦

٦- نامەیەکی کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ مەلا مەستەفای بارزانی ........ ٢١

٧- ڕێکەوتنامەنی جەزائیر دژی کورد ........ ٢٥

٨- بارزانی داوای پاراستن لە ئەمریکا دەکات ........ ٢٨

٩- خۆ رادەستکردنەوەی کورد بە رژێمی عێراق ........ ٣٢

١٠- سوپای عێراق بە ٢٠٠ هەزار چەکدار لە ١٩٧٥دا کوردستانی کۆنترۆڵکرد ........ ٣٥

١١- بارزانی بۆ چارەسەری پزیشکی داوای سەردانی ئەمەریکا دەکات ........ ٤٣

١٢- بۆ حکومەتی عێراق بارزانی بێ یارمەتی دەرەکی لە موزعجێکی بچوک زیاتر نییە ........ ٤٧

١٣- باڵوێزی تورکیا: هەندێک عەناسری پارتی یارمەتی پەکەکە دەدەن ........ ٥١

١٤- بەرهەم ساڵح لە تورکیا هێرشی توندی کردۆتە سەر پەکەکە ........ ٥٣

١٥- تاڵەبانی داوایەکی پەکەکەی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکیەکان ڕەتکردۆتەوە ........ ٥٦

١٦- توغان: کەرکوک گەورەترین کەرەستەی تەقینەوەی تێدایە ........ ٦٠

١٧- تورکیا داوا لە ئەمەریکا دەکات بەرامبەر بارزانی توند بێت ........ ٦٤




سەرچاوە
Serchawe

١٨- نەوشیروان مستەفا: ئەمریکا ئەم میکانیزمەی خوڵقاند لەسەر حسابی کورد بۆ یاریکردن بەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان ........................................................................................................ ٦٨

١٩- مەسعود بارزانی ساڵی ٢٠٠٧ پێیوابووە چارەسەری سەربازی کێشەی پەکەکە چارەسەر ناکات ........................ ٧٣

٢٠- تورکیا هۆشیاری دەداتە عێراق و ئەمریکا تا چۆک بە بارزانی و پەکەکە دابنێن ................................. ٧٦

٢١- ئەمەریکا ئامادەیە سەرکردەکانی پەکەکە رادەستی تورکیا بکات ................................................. ٧٩

٢٢- عەبدوڵا گویڵ: دەبێت بارزانیو تاڵەبانی تێبگەن پەکەکە دەبێتە مەترسیش لەسەر خۆیان ........................ ٨٥

٢٣- ئەحمەد داود ئۆغلو هەوڵی چاککردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراق دەدەن ................. ٩٤

٢٤- زۆربەی کوردەکان باوەڕیان هەیە کەگەندەڵی چۆتە نێو هەموو ئاستێکی حزبەکان و ئەو دو حکومەتە ............. ٩٦

٢٥- فازل میرانی: تاڵەبانی دەڵێت: ئێران نفوزی لەعێراق نییە، لە راستیدا ئەو خۆی زۆر لە تەهران نزیک بووە .... ١٠٢

٢٦- مەسرور بارزانی :نەوشیروان مستەفا کەسێکی زیرەکە، گەمەکەرێکی قانیعکەرەو بەهیچ شێوەیەک شوێنی متمانە نییە . ........................................................................................................ ١٠٥

٢٧- نەوشیروان مستەفا پێیوابووە لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگەدا راوێژ بە ئیسرائیلیەکان بکرێت ........................ ١٠٨

٢٨- کۆسرەت رەسوڵ وتوویەتی: من هەرگیز پشتگیری لە سیستەمی بنەماڵە ناکەم ................................... ١١٢

٢٩- ویکلیکس چۆن باسی عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرکردەی رۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات دەکات؟ ....................... ١١٥



# مێژووی ٥٠ ساڵی ڕابردووی کورد لە ناو ڕاپۆرتەکانی ویکلیکسدا




## بابەت: کێشەی کورد و ئێران

**ماڵپەڕی "سپی" وەک ماڵپەڕێکی سەربەخۆ بە پێویستی زانی دەست بۆ کارێکی ڕۆژنامەوانی قورس بات، ئەویش بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی "ویکلیکس" کە تایبەتە بەکوردستان.**

بەشێوەیەکی گشتی ویکلیکس ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بەدوای قازانجی مادیدا ناگەڕێت، کارەکەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی میدیای تایبەتی و نهێنیە، سەرەتا لە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لەژێر ناوی ڕێکخراوی "سەن شاین"ی ڕۆژنامەوانی دەستیان بەکارکردو، بەڕێوەبەرەکەشی گەنجێکی ئوسترالییە بەناوی "جولیان ئاسانج"ە و لەسەرەتاوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە زیاتر لە ١،٢ یەک ملیۆن و دووسەد هەزار بەڵگەنامەیان لەبەردەستدایەو بڵاویدەکەنەوە.

ئامانجی ڕێکخراوەکە وەک ئاماژەی بۆ دەکەن ئاشکراکردن و ڕسواکردنی ئەو سیاسەت و هەڵوێستە نا ئەخلاقیانەیە کە ڕژێمە سەرکوتکارەکانی ئاسیا و پاشماوەی ڕژێمەکانی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی تریش بەئەمەریکاشەو کە پیادەیان کردووە.

لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا لە ساڵی ٢٠١٠دا ویکلیکس ٧٦ هەزارو ٩٠٠ بەڵگەنامەی لەسەر شەڕی ئەمەریکا لە ئەفغانستان

بڵاوکردەوە، هەر لە هەمان ساڵدا ٤٠٠ هەزار بەڵگەنامەی لەسەر شەڕی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق بڵاوکردەوە، دواتر ویکلیکس بەلێشاو ئەو برووسکەو نامە نهێنیانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای بڵاوکردەوە.

کورد لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا بە بەراورد بە گەلانی تر بەشێکی بچووکی ئەو بەڵگەنامانەی بەردەکەوێت کە بڵاوکراونەتەوەو، ئەمڕۆ هەر خوێنەرێکی ئینگلیزیزان لە هەر کونجێکی ئەم جیهانەدا دەتوانێت ئەو ڕاپۆرتانە ببینێت، بەوانەشەوە لەسەر کوردیش بڵاوکراونەتەوە، کارێکی زۆر نەگونجاویشە هەموو جیهان بتوانێت لەسەر تۆ ڕاپۆرتی نهێنی و ئاشکرا بخوێنێتەوە، کەچی هاوڵاتی کورد لەبەر نەزانینی زمانی ئینگلیزی بەشێکی زۆر لە خوێنەری کورد ناتوانێت هیچ زانیارییەک دەربارەی ئەو ڕاپۆرتانە بزانێت، سپی ئەم ئەرکە قورسەی خستۆتە سەر شانی و لەبەشی دۆکۆمێنتی ماڵپەڕەکەدا هەر ڕۆژەو بەشێکی ئەو ڕاپۆرتانە بڵاودەکاتەوە کە بەشێکیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵ ڕابردووە. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە بەپێی بەرواری ڕاپۆرتەکە لە ڕووی مێژوویەوە بڵاودەکرێتەوە.

ڕاپۆرتەکان لە زمانی ئیگلیزیەوە دەقاو دەق و زۆر بەجوانی و وەرگێردراوەتە سەر زمانێکی ڕۆژنامەوانی جوانی کوردی و لە بەشی "دۆکۆمێنت" دا بلاوکراونەتەوە. تێکڕای ڕاپۆرتەکانیش دەقە ئیگلیزیەکەی وەک بڵاوکراونەتەوە لەلای ماڵپەڕی "سپی" پارێزراوە.

**ڕاپۆرتی نهێنی ژمارە BAGHDA00363_b1973**
**ئامادەکراو لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٣**
**لە بەغداد بۆ: ئۆفیسی کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک و باشوری ئاسیا**

## بابەت: کێشەی کورد و ئێران

١- لە ٢٣ی حوزەیران هەفتەنامەی کۆمینیستەکان، الفكر الجديد، و ڕۆژنامەی التئخی پارتی دیموکراتی کوردستان هەمان نوسینیان بڵاوکردەوە و تێیدا باسیان لەوە کردوە کە شاندێکی پارتی کۆمینیستی عێراق بەسەرۆکایەتی محمد عزیز، سکرتێری یەکەمی لیژنەی ناوەندی، لە گەڵ مستەفا بارزانی لە بارەگای بارزانی لە ١٩ی حوزەیراندا کۆبۆتەوە. لەو کۆبونەوەیەدا هەر دو لا جەختیان کردۆتەوە لە:

(ا) یەکریزی نیشتمانی بەرێگەی جێبەجێکردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٩ و پاراستنی مافی کەمایەتیەکان،

**(ب) دروستکردنی بەپەلەی بەرەی نیشتمانی.... تاد.**

**٢- کۆمێنت: بەبێ هیچ گومانێک ئەم کۆبونەوەیە ڕەزامەندی بەعسی لە سەر بوە، بەعس هەوڵ دەدات نفوزی پارتی کۆمینیست لە ناو پارتیدا بەکار بهێنێت تا فشار بخرێتە سەر بارزانی سازش لە سەر داواکاریەکانی بۆ ئۆتۆنۆمی بکات. هەرچۆنێک بێت ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان کۆمینیست و بەعس لە سەر مەسەلەی کورد بەرچاو دەکەون. سەرکردەکانی بەعس سەیری کێشەی کورد وەک گەورەترین خاڵی لاوازی ڕژێم دەکەن و دەیانەوێت چارەی بکەن. GAVIN YOUNG پەیامنێری لەندەن ئۆبسێرڤەر لەم دواییەدا چەند هەفتەیەک لە سەر بانگێشی حکومەتی عێراق لێرە بوە، یۆنگ وتی هەمو وەزیرەکان جەختیان لە بڕیاری یەکلاکەرەوەیان کردۆتەوە بۆ چارەی مەسەلەی کورد و ئاماژەیان بەوە داوە کە نیەتیان هەیە بۆ گەیشتن بە تەوافق لە گەڵ ئێران ئەگەر پێویست بو بۆ چارەی کێشەی کوردی، لە لایەکی ترەوە دەرکەوتوە کە سەرکردەکانی کۆمینیست هێورترن سەبارەت بە کورد و مەترسیەکان لە ئێرانەوە، باسیان لە سنوری درێژی ئێران لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت کردوە و پێیان وایە بەو هۆیەوە هەر کاتێک پێویست بو ڕوسیا دەتوانێت ئێران بخاتە ژێر فشارەوە تا عێراق پارێزراو بێت.**

**٣- هەرچەندە چەند بەشێکی مەتەڵەکە دیار نین، پێدەچێت کۆمینیستەکان نەیانەوێت ببینن کە بەعس چارەی مەسەلەی کورد دەکات و لە سەر حسابی ئەوان لە گەڵ ئێران بگاتە تەوافق، چونکە ئەمە پێگەی بەعس لە قۆرخکردنی دەسەڵاتدا بەهێزتر دەکات. ئەگەر کۆمینیستەکان بتوانن ڕۆڵیان لە چارەی کێشەکەدا هەبێت، ئەوا پاداشتیان ڕۆڵێکی گەورەتر لە بەرەی نیشتمانیدا دەبێت.**

**٤- باڵیۆزی فەرەنسا CERLES ڕایگەیاندوە کە چەند سەرچاوەیەکی نەناسراو بەبەعسیەکانیان وتوە کە شا تەوافقی DETENTE لە گەل عیراقدا پێ باشە بەڵام هێزەکانی خۆرئاوا هاورای نین، بەتایبەت بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەمکە "شۆرشگێریەکان" ...**

**٥- دیبلۆماتەکان لێرە یەک ڕان کە عێراق تەوافقی لە گەڵ ئێراندا پێ باشە تا چارەی کێشەی کورد بکات و سەرقاڵی قوتاعی نەوت بێت پاش ١٠ ساڵ لە چەقبەستنی ئەو قوتاعە. من دەرک بەوە دەکەم کە لەوانەیە وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزمان لە تەهران زانیاریان لابێت کە ئەوەی سەرەوە پشتراست ناکەنەوە، ئەگەر وا نەبێت، لەو باوەرەدام لە دۆخی ئێستادا سودمەند دەبێت ئەگەر ئەمریکا بەعێراق ڕابگەیەنێت، بەرێگەی لایەنی سێیەم وەک باڵیۆزی جەزائیر یا تورکیا، کە ئەمریکا نزیکبونەوەی ئێران و عێراقی پێ باشە.**

LOWRIE لە وەلامی ڕاپۆرتی سەرەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی بەراپۆرتی ژمارە STATE134384_b1973 لە بەرواری ١٠ی تەموزی ١٩٧٣ وەڵامی خۆی ناردووە و تێدا هاتوە:

٢- لە ڕاستیدا حکومەتی ئەمریکا لە سەر ئەو خاڵە (ڕێگری لە نزیکبونەوەی ئێران و عێراق) لە گەڵ شا باسی نەکردووە.

٣- بۆیە مەبەستمانە بۆ حکومەتی عێراقی ڕونیکەینەوە کە ئێمە ئێران و هەروەها عێراق بە وڵاتی سەربەخۆ و خاوەن سیادە دەزانین و تەواوی توانای بریار وەرگرتنیان هەیە بۆ بەرژەوندیەکانیان و بەو پێوەرەش کاربکەن. وەک پرەنسیپێکی گشتی سیاسەت ئێمە پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکەین کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی گرژی نێودەوڵەتی و ڕێگەخەشکەر بێت بۆ حکومەتەکان تا تەواوی بایەخیان بەباشکردنی گوزەرانی خەڵکەکانیان بدەن.

هەرچۆنێک بێت ئێمە هیچ سودێکمان لە وردەکاری نزیکبونەوەی نێوان ئێران و عێراق دەست نەکەوتوە، بۆ ئێمە ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو دو وڵاتەوە هەیە. ئەگەر حاڵەتێک هاتە پێشەوە لە مامەڵەکردنمان لە گەڵ بەشی دیبلۆماسی بەرژەوەندیەکانی عێراق لە واشنتۆن و لە پەیوەندی بەشی دیبلۆماسی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە بەغداد لە گەڵ کارمەندە عێراقیەکان دەبێت ئەو هەڵوێستەی لە سەرەوە باسمان کردوە پێیان ڕابگەیەنن. پێمان باشترە ئەمە ڕاستەوخۆ لەو پەیوەندیە کەمانەی لە گەڵ عیراقدا هەمانە بکەین لە بری ئەوەی بەرێگەی کەسانی ترەوە. هەرچۆنێک بێت هیچ مانعێکمان نیە هەڵوێستمان بۆ دیبلۆماتکارە بیانییەکان دوبارە بکەینەوە، وەک تورک و جەزائیریەکان، کە لە ڕاپۆرتەکەدا باس کراون، ناشێت ئەوان وەک کەناڵی ئێمە بۆ حکومەتی عێراق بەکاربن.

٤- بۆ تەهران: کاتێک حاڵەتی گونجاو هاتە پێش باڵیۆز دەسەڵاتی هەیە هەڵوێستی ئەمریکا وەک لە سەرەوە باسکراوە بە ئێرانیەکان بگەیەنێت. ROGERS

٢٥ی جوونی ٢٠١٩

## بابەت: نوسینی WASHINGTON POST لە سەر کێشەی کوردی عێراق




**بەشی دووەم**

**راپۆرت ژمارە STATE123621_b1973 بۆ بڵاوکردنەوەی فەرمی دیاریکراو**
**ئامادەکراو لە رپژە دوشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٧٣**
**لە وەزارەتی دەرەوە بۆ: تەهران - بەغداد - عەمان - بەیروت - مۆسکۆ - ئەنقەرە**

**بابەت: نوسینی WASHINGTON POST لە سەر کێشەی کوردی عێراق**

**١- رۆژنامەی WASHINGTON POST لە رۆژی ٢٤ی حوزەیران نوسینێکی چروپری JIM HOAGLAND بەناونیشانی "کوردەکان بۆ شەرێکی تر ئامادەن" بڵاوکردۆتەوە، نوسینەکە باس لە نیدایەکی راستەوخۆی مستەفا بارزانی بۆ " پشتگیری ئەمریکا " دەکات، بەهەڵسەنگاندنی نوسەر چانسەکانی یارمەتی خۆرئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بۆ کوردەکان لە بارترن، چونکە لە خۆرئاوا بایەخی زیاتر دەدرێت بە هاوردەکردنی نەوت لە ناوچەی کەنداوی فارسیەوە و بەخەستبونەوەی رۆڵی سۆڤیەت لە عێراق.**

**لەو نوسینەدا هاتوە کە بارزانی وتویەتی: "دەشێت یارمەتی ئەمریکا سیاسی، مرۆیی یاخود سەربازی بێت، ئاشکراو نهێنی بێت.**

**راپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە TEHRAN04582_b1973**



سەرچاوە
Serchawe

ئامادەکراو لە رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣
لە ئێران - تەهران بۆ: وەزیری دەرەوە، ئۆفیسی کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک و باشوری ئاسیا، قاهیرە، عەمان، کوێت، بەیروت، جدە، لەندەن.

بابەت: راپۆرت دەربارەی رودانی شەر نێوان کورد و سوپای عێراق

١- مانشێتەکانی لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکانی تەهران لە رۆژانی ٢٦ و ٢٧ و ٢٨ باس لە هەڵگیرساندنی شەر نێوان کورد و سوپای عێراق دەکەن.... بەپێی راپۆرتەکان سوپای عێراق دەستپێشخەری بۆ شەرەکە کردوە کاتێک پەلاماری چەند گوندنشینێکی بێ چەکیان کردوە.

٢- بەپێی راپۆرتەکان مەلا مستەفا بارزانی، سەرکردەی کورد، هوشیاری داوەتە بەغداد تا هێزەکانی لە ناوچە کوردیەکان بکشێنێتەوە و بەپێچەوانەوە روبەروی شەرێکی سەرانسەری دەبێتەوە. ئەو شوێنانەی تا ئێستا باسی رودانی شەریان لێکراوە بریتین لە بابا ئیسمایل، بەمۆ، قەڵادزە، هەڵەبجە و کەرکوک. دەوترێت کەرکوک بەتەواوی بەهێزە کوردیەکان دەور دراوە.

٣- لە پەیوەندی تەلەفۆنی کارمەندانی باڵیۆزخانە لە گەڵ بەرێوەبەری گشتی کاروباری سیاسی وەزارەتی دەرەوە، سوڵتان حسێن سەنەندجی، ناوبراو وتویەتی کە دەزگای هەواڵگری ئێران پشتراستی رودانی شەریان کردوە. هەرچۆنێک بێت پێدەچیت سەنەندەجی گومانی هەیە کە شەرەکانی چەند رۆژی دوایی ئاماژەیەکی راستەوخۆ بێت بۆ شەرێکی نوێی فراوانی نێوان کوردەکان و سوپای عێراقی. بەردەوام نێوان کوردەکان و حکومەتی بەغداد خوێن رشتن هەبوە، تەنها وروژاندنێکی تازە کە مایەی سەرنج راکێشانی سەنەندەجی بوە نوسینەکەی پەیامنێری واشنتۆن پۆست، JIM HOAGLAND ە، تێدا لێدوانە تاڵەکانی بارزانی دژ بە بەغداد باسکراوە، سەبارەت بە شکستی بەغداد لە پابەندبون بەرێکەوتنی نێوان کورد و حکومەت، سەنەندەجی وا چاوەروانە کە بەغداد ئاستێکی دیاریکراوی هێز بەکار بهێنێت بۆ دەربرینی نارەزایی بەرامبەر بارزانی.

٣- کۆمێنت: لە دیدی ناسراوی ئێران دژ بەبەغداد لەوانەیە میدیای ئێرانی سکاڵای شەرەکانی گەورە کردبێت، هەرچۆنێک بێت ئاشکرایە کە شەر رویداوە و بەرفراوانتریش بوە لە روداوەکانی چەند مانگی دواییدا.

٢٦ی جوونی ٢٠١٩

## سەدام حسین: ئێمە نەوت ناخۆینەوە ئامادەین بە رۆژئاوای بفرۆشین



**بەشی سێهەم**

**راپۆرتی نهێنی ژمارە: STATE134384_b1973**

**ئامادەکراو لە رۆژی پێنجشەممە ریکەوتی ١٠ی تەموزی ١٩٧٣**

**لە وازارەتی دەرەوە بۆ: باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە جەزائیر، فەرەنسا، ئێران، کوێت، لوبنان، روسیا، سعودیە، تورکیا، بەریتانیا، یەمەن (سەنعا)، بەشی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە بەغداد.**

### بابەت: کێشەی کورد و ئێران

**لە وەلامی راپۆرتی سەرەو بەراپۆرتی ژمارە STATE134384_b1973 لە بەرواری ١٠ی تەموزی ١٩٧٣ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی وەڵامی خۆی ناردوە و تێدا هاتوە:**

**٢- لە راستیدا حکومەتی ئەمریکا لە سەر ئەو خاڵە (رێگری لە نزیکبونەوەی ئێران و عێراق) لە گەڵ شا باسی نەکردوە.**

**٣- بۆیە مەبەستمانە بۆ حکومەتی عێراقی رونیکەینەوە کە ئێمە ئێران و هەروەها عێراق بە وڵاتی سەربەخۆ و خاوەن سیادە دەزانین و تەواوی توانای بریار وەرگرتنیان هەیە بۆ بەرژەوندیەکانیان و بەو پێوەرەش کاربکەن. وەک پرەنسیپێکی گشتی سیاسەت ئێمە پێشوازی لە هەر هەنگاوێک دەکەین کە ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی گرژی نێودەوڵەتی و رێگەخەشکەر**

بێت بۆ حکومەتەکان کە تەواوی بایەخیان بدەن بەباشکردنی گوزەرانی خەڵکەکانیان.

هەرچۆنێک بێت ئێمە هیچ بەرژەوەندیەکمان لە وردەکاری نزیکبونەوەی نێوان ئێران و عێراق دەستت نەکەوتوە، ئەمە بابەتە بۆ ئێمە راستەوخۆ پەیوەندی بەو دو وڵاتەوە هەیە. ئەگەر حاڵەتێک هاتە پێشەوە لە مامەڵەکردنمان لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی عێراق لە واشنتۆن و لە پەیوەندی بەشی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە بەغداد لە گەڵ کارمەندە عێراقیەکان دەبێت ئەو هەڵوێستیەی لە سەرەوە باسمان کردوە پێیان رابگەیەنن. پێمان باشترە ئەمە راستەوخۆ لەو پەیوەندیە کەمانەی لە گەڵ عیراقدا هەمانە بکەین لە بری ئەوەی بەرێگەی کەسانی ترەوە. هەرچۆنێک بێت هیچ مانعێکمان نیە هەڵوێستمان بۆ دیبلۆماتکارە بیانییەکان دوبارە بکەینەوە، وەک تورک و جەزائیریەکان کە لە راپۆرتەکەدا باس کراون، نەک وەک کەناڵی ئێمە بۆ حکومەتی عێراق.

٤- بۆ تەهران: کاتێک حاڵەتی گونجاو هاتە پێش باڵیۆز دەسەڵاتی هەیە هەڵوێستی ئەمریکا وەک لە سەرەوە باسکراوە بە ئێرانیەکان بگەیەنێت. ROGERS نهێنی

راپۆرتی ژمارە: STATE138667_b1973

ئامادەکراو لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٥ی تەموزی ١٩٧٣

لە: وەزارەتی دەرەوە

**بابەت: هەواڵەکانی NEW YORK TIMES.**

لە خوارەوە چاوپێکەوتنێک لە گەڵ سەدام حسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و سکرتێری گشتی حزبی بەعسی حاکم، حسێن تێیدا دەڵێت پێشوازی لە پەیوەندیەکی باش لە گەڵ ئەمریکا دەکات.

JUAN DE ONIS لە بەغدادەوە نوسیویەتی سەرکردەی سیاسی عێراق، حسێن، وتویەتی ئاسایشی تەجهیزکردنی نەوت بۆ ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستەوە باشتر دەرەخسێت بەرێگەی دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی بەرهەمهێنەرتی نەوت وەک لەوەی ئیسرائیڵ و ئێران پر چەک بکرێن.
سەدام دەڵێت: سیاسەتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا دژ بەعێراق و بەرژەوەندیەکانی عەرەبن، لە هەمان کاتیشدا دەڵێت: عێراق پێشوازی لە هەنگاوەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکان دەکات.



سەرچاوە Serchawe

حسێن بە JUAN DE ONIS و دو رۆژنامەگەری تری خۆر ئاوا لە چاوپێکەوتنێکی سێ سەعاتیدا لە نوسینگەکەی خۆی وتوە "عێراق هەرگیز دەرگا بەروی گۆرانکاری پۆسیتیڤ لەم سیاسەتانەدا داناخات".

پەیامنێرەکان دەڵێن حسێن هیچ ئاماژەیەکی نەدا کە عێراق نەوت بە وڵاتە پیشەسازییەکانی خۆرئاوا نافرۆشێت... سەدام وتی: "ئێمە نەوت ناخۆینەوە، دەیفرۆشین، ئێمە دەزانین کە بازارە گەورەکانمان لە خۆرئاوا و ژاپۆنە".

٢٧ی جوونی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

# مەلا مستەفا بارزانی بڕوای بە بەعس نەبووە



## بەشی چوارەم

**راپۆرتی تایبەت ژمارە BAGHDA00452_b1973**

**ئامادەکراو لە ٢٦ی ئۆگۆستی ١٩٧٣**

**تەنها بۆ مەبەستی فەرمی**

**لە عێراق - بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - ئێران تەهران - لوبنان بەیروت - روسیا مۆسکۆ - وەزیری دەرەوە - تورکیا ئەنقەرە**

**بابەت: تێکچونی پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراق و کوردەکان**

٢- پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کوردەکان تابێت خراپتر دەبن، حکومەتی عێراق لە ٢٣ی ئۆگۆست رایگەیاند کە سێ کەس (بەبێ هیچ گومانێک کوردن) لە ٢٠ی ئۆگۆست بەتۆمەتی کارکردن بۆ دەزگای هەواڵگری ئێران ئیعدام کراون. پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بە ئیعدامکردنەکە پرۆتێستی کردوە. راپۆرتەکان باس لە پێکدادان لە دەوروبەری ١٨ی ئۆگۆست لە خانەقین دەکەن و تێیدا ٢ سەرباز و ١٠ کورد کوژراون. رووداوێکی خەستی تر لە سنجار نزیک لە سنوری سوریا رویداوە. لە ئاکامی ئەم رووداوە هەمو قەزا و ناحیە کوردنشینەکان لە رۆژی ٢٤ی ئۆگۆست لە سەعات ٥ بەیانی تا ٥ پاشنیوەڕۆ مانیان گرت دژ بە "هێرشی تیرۆریستانە بۆ سەر خەڵکی سنجار لە لایەن حکەمەتەوە و چەندین قوربانی لێکەوتۆتەوە". رۆژنامەی التئخی لە ژمارەی رۆژی ٢٦ی ئۆگۆست ئیدانەی هێرشەکەی کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

٢- مولحەقی تورکی لە ٢٣ی ئۆگۆست پێی وتم قورسترین روداو رۆژی ١٧ی ئۆگۆست رویدا، کاتێک هێزێکی کوردی پەلاماری چەند لایەنێکی فەرمیان لە گوندی ١٧ی تەموز دا. ئەم گوندە ٢٥ کیلۆمەتر لە کەرکوک دورە، لەو هێرشەدا کەلاشینکۆف و مەدفەعیە بەکار هێنراون. گوندەکە تازە دروست کراوە و بە عەرەب ئاوەدان کراوەتەوە، وەک هەوڵێکی حکومەتی عێراق بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە ناوچەی کەرکوک..... تاد. حکومەت بۆ وەڵامدانەوە بەتالیۆنێکی هێزەکانی و ٢٠ دەبابەی بۆ ناوچەکە رەوانە کرد و رێگای کەرکوک - بەغدادیان لە شەودا داخست.

LOWRIE بۆ بەکارهێنانی فەرمی سنوردار

١٩٧٤

راپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە BAGHDA00066_b1974

ئامادەکراو لە رۆژی یەک شەممە رێکەوتی ٣ی شوباتی ١٩٧٤

لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، تەهران، بەیروت، مۆسکۆ، ئەنقەرە

**بابەت: دانوستانەکان بۆ ئۆتۆنۆمی کوردی**

١- رژێمی بەعس بەتوندی پابەندە بەجێبەجیکردنی بەڵێنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان لە ١١ی ئازاری ١٩٧٤ دا. لە گەڵ ئەمەشدا کۆنسێپتی ئۆتۆنۆمی هەر دو لا تا ئەم ساتەش زۆر لە یەکتر دورن. پێشنیازی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مایسی ١٩٧٣ یەکسەر لە لایەن بەعسەوە رەتکراوەتەوە چونکە لە سەربەخۆییەوە نزیکە. پێشنیازی بەعس لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەم بە پارتی دراوە. هەرچەندە پێشنیازەکەی بەعس جیاوازی زۆری لە گەڵ ئەوەی پارتیدا هەیە، بەڵام پارتی رازیبوە وەک زەمینەیەک بۆ دانوستان بەکاری بهێنێت. شاندی پارتی بەسەرۆکایەتی سکرتیرەکەی، حبیب محمد کریم، لە ١٥ی کانونی دوەم گەیشتنە بەغداد و دانوستان رۆژی داوتر لە گەڵ لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی (بەعس و پارتی کۆمێنیستی عێراق) دەستی پێکرد.

٢- پارتی لە ژێر فشارێکی زۆردایە تا کۆنسێپتی بەعس بۆ ئۆتۆنۆمی پەسند بکات و بێتە ناو بەرەی نیشتمانیەوە. رژێم هەر دو چەمکی (پاداشت و سزا) بەکار دەهێنێت. رژێم کۆمۆنیستەکانی لە پارێزگای سلێمانی چەکدار کردوە و بەردەوام فشاری سەربازی دەخاتە سەر گوندە کوردەکانی سلێمانی و ناوچە جێناکۆکان لە دەوروبەری کەرکوک. رژێم هۆشداری داوەتە پارتی کە ئەو تەنها حزب نیە نوێنەرایەتی کورد بکات. لە هەمان کاتیشدا رژێم پرۆگرامی وەبەرهێنانی هەنگاو

بەهەنگاوی دارشتوە و بەڵێنی پشکی کوردی لە گەشەکردنی ئابوری چاوەڕوانکراودا داوە. هەروەها بێگومان ڕژێم بەخشینەوەی ڕاستەوخۆی پارەش بەکار دەهێنێت.

٣- دەردەکەوێت یەکێتی سۆڤیەت و پارتی کۆمێنیستی عێراق لەم بابەتەدا بەتوندی پشتگیری ڕژێم دەکەن. بێجگە لە کۆمێنتەکانی ڕادیۆی مۆسکۆ کە داوا لە پارتی دەکات پێشنیازی ئۆتۆنۆمی و بەرەی نیشتمانی پەسند بکات، سکرتێری گشتی پارتی کۆمێنیستی سوریا، خالد بەکداش، حزبی تودە، پارتە کۆمێنیستەکانی لوبنان و ئوردون، هەمویان نامەیان بۆ پارتی و بارزانی ناردوە و تێیاندا ڕەخنە لە پارتی دەگرن لە سەر شەرکردنی دژ بەکۆمۆنیستەکان و نەهاتنی بۆ ناو بەرەی نیشتمانیەوە.

٤- باڵیۆزی تورکیا، CUHRUK، خاڵە بنەڕەتیەکانی جیاوازی لە دانوستانەکانی ئێستای پێوتم، خاڵەکان بریتین لە سنورەکان و سەرژمێری هاوڵاتیان و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بەسەر سەرۆکی ئەنجومەنی تەشریعی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و مافی دامەزراندنی کارمەندە لۆکاڵیەکان بە پۆلیسیشەوە.

٥- کۆمێنت: پێناچیت جیاوازیەکانی نێوان هەر دو لا لە وادەی خۆیدا لە مانگی ئازار چارە بکرێن بۆ ئەنجامدانی دوا ڕێکەوتن، دەردەکەوێت پێگەی ڕژێم بەهێزتر دەبێت. هەر دو باڵیۆزی میسر و سۆڤیەت لەو باوەڕەدان تا دێت کەسایەتی زیاتر لە ناو پارتیدا دەیانەوێت بە کۆنسێپتی بەعس بۆ ئۆتۆنۆمی کێشەکە چارە بکرێت. بارزانی، ئێستاشی لە گەڵدا بێت، قەناعەتی بەنیەتپاکی بەعس نەهێناوە. لایەنێکی مەترسیداری دۆخی ئێستا داوای بەهێزی یەکێتی سۆڤیەت و پارتی کۆمێنیستی عێراقە لە کوردەکان بۆ سازشکردن، چونکە کۆمێنیستەکان لەو باوەڕەدان - وەک ئەندامی بەرەی نیشتمانی - لەو پێگەیەدان کە کاریگەری خۆیان بەهێزتر بکەن لە بری ئەوەی بیانەوێت کێشە بۆ بەعس دروست بکەن.....

LOWRIE نهێنی.

٢٨ی جوونی ٢٠١٩

# سەدام حسێن: دەبێت بارزانی ئاڵای سپی هەڵبکات



**بەشی پێنجەم**

**ڕاپۆرتی ژمارە: BAGHDA00280_b1974**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١ی مایسی ١٩٧٤**

**لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە: میسر، ئێران، ئیسرائیڵ، ئوردون، کوێت، لوبنان، ڕوسیا، سعودیە، سوریا، تورکیا، بەریتانیا.**

**بابەت: ستراتیژیەتی بەعس دژ بە بارزانی**

٢- لە ٢٥ی نیسان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، سەدام حسێن، وتارێکی لە کۆبونەوەیەکی فراوانی بەرەی نیشتمانی پێشکەش کرد و جەختی کردەوە لە سەر ئەوەی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بەخێرایی بەرێوە دەچێت..... داوای لە کارمەندانی بەرە کرد بۆ هەمو کوردێکی ڕونبکەنەوە کە ڕژێم بارزانی لەناو دەبات و "دەبێت بارزانی پێشئەوەی درەنگ بێت ئاڵای سپی بەرز بکاتەوە". سەدام وتیشی "بێگومان بەهیچ شێوەیەک جارێکی تر دانوستان لە گەڵ بارزانیدا ناکرێت". سەدام ڕاشیگەیاند گەمارۆی ئابوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی بەردەوام دەبێت.

٣- هەمان ڕۆژ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاریدا ماوەی لێبوردن بۆ ئەو کارمەند و سەربازە کوردانەی چونەت پاڵ بارزانی بۆ ٣٠ ڕۆژی تر درێژ بکاتەوە.... زیادە بۆ ئەمانەش هەواڵ و چالاکیەکانی جێگری نوێی سەرۆک کۆمار و پێنج



سەرچاوە Serchawe

وەزیر، هەمویان کوردن، بەخەستی لە میدیاکاندا باس دەکرێن. ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی پاشکۆی حکومەت دەکرێت و چاوەروان دەکرێت دوای کۆنگرەکە بچنە ناو بەرەی نیشتمانییەوە

٤- میدیا هێچ باسێک لە پێکدادان نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بەپشتگیری میلیشیاکانی کۆمینیستە کوردەکان ( رادیۆی دەنگی کوردستان بە جاش ناویان دەبات) ناکات. ئەو زانیاریانەی تا ١ی مایس لە بەغداد لە بەردەستدان ئاماژە دەکەن بەوەی پاش سوککردنی قورسایی شەر لە زاخۆ هێزی ئاسمانی عێراق بەکار دەهێنرێت دژ بە گوندەکانی ئەو ناوچانەی چاوەروانی کێشەی قورسیان لێدەکرێت، وەک سێکۆشەی سلێمانی - خانەقین - کەرکوک.

٥- سەرۆک کۆمار، بەکر، لە پراکتیکدا هیچ شتێکی دەربارەی کێشەی کورد نەوتوە، کارمەندێکی باڵیۆزخانەی هیند، NAIRAM، ئەم بێدەنگیە وەک ئاماژەیەک بۆ جیاوازی سیاسی نێوان بەکر و سەدام لێکدەداتەوە، سەدام کە ئەندازیاری سیاسەتی ئێستایە.

باڵیۆزی جەزائیر، ساعدی، پشتراستی کردەوە کە بەکر سیاسەتێکی سەربازی توندتری لەوەی سەدام پێ باشترە، بەلام نایەوێت لێکترازان نێوانیان دروست بێت.

ساعدی وتی کە سیاسەتی ئەمرۆ کاریگەری زۆری بەکری لە سەرە و تەنها هۆکار کە بەکر قسەی نەکردوە خراپی باری تەندروستیەتی. باڵیۆزی جەزائیر وتی لە سێدارەدانی ١١ کورد لە ١٤ی نیسان لە هەولێر کە بەدوایدا کوردەکان لە ٢١ی نیسان ١٩ سەربازی عێراقیان لە سێدارە دا نمونەیەکە بۆ جیاوازی نێوان مەمەڵەکردنی سەربازی و مەدەنی. سەدام هەوڵی دا ئیعدامکردنەکان رابگرێت، بەلام لەو کاتەدا دەزگاکان لە هەولێر لە سێدارەیان دابون.... تاد.

٦- کۆمێنت: ئەگەر رووداوەکان، لە سەرەوە باس کراون، راست بن، نمونەی باشن بۆ جۆرێک لە تێکچونی خەستی دۆخەکە کە دەبێتە هۆکاری هێرشیکی بەرفراوان، ئەمە وێرای ئەوەی حکومەتی عێراق راشکاوانە تەحەفوزی خۆی راگەیاندوە سەبارەت بەوەی تەنها پێرەوی چارەی سەربازی بکات. ئەگەر سەدام حسن بتوانێت کۆنترۆڵی سەبازی بپارێزێت ئەوا ئەو بێگومان پێی باشە کۆتایی بەگەمارۆی ئابوری بهێنێت. فشاری سەربازی و بەڵێنی خۆشگوزەرانی بۆ کوردەکانی دژ بە بارزانی پێویستیان بە چەند مانگێکە تا ئاکامی لێبکەوێتەوە. بەرەچاوکردن هێرشەکانی ئێستای کوردەکان بۆ سەر دەزگا نەوتیەکان کەرکوک و تەقینەوە لە بەغداد لەوانەیە سەدام ناچار بکرێت پەنا بۆ چارەی سەربازی ببات. تەنیا رۆشنایی لەم وێنە رەشەدا ئەو راستیەیە کە سەدام لە وتارەکەی ٢٥ی نیساندا تۆمەتبارکردنی ئەمریکای بۆ یارمەتیدانی بارزانی دوبارە نەکردوە



سەرچاوە
Serchawe

LOWRIE نهێنی.

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: TABRIZ00007_b1974**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٤**

**لە کۆمسۆڵگەری ئەمریکا - تەبریز بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، کۆنسۆڵگەری خۆرمشەهر، تەهران، بەغداد، بەیروت، ئەدەنە، ئەنقەرە**

**بابەت: شەری کورد لە عێراق - ڕۆڵی ئێران**

**کورتەیەک: سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ چۆک دانان بە مەلا مستەفا بەرێگەی گەمارۆی ئابوری و هێرشی ئاسمانیەوە بەتەواوی شکست دەهێنێت. ئەم دەرئەنجامە ئاکامی چاودێری و زانیاری ورد و ڕاستەوخۆی ئێرانیەکانە. ئەو کوردانەی شەرکەر نین بەرەو ئێران دەچن، تەجهیزاتی ئێرانی و چەند جۆرە چەکێک بۆ کوردستانی عێراق دەبرێن. ئەمانە دەرئەنجامە سەرەکیەکانی جێگری کۆنسوڵە لە سەردانی بۆ ناوچەی سنوری ئێران و عێراق لە ٤ تا ٦ی حوزەیران. کۆتایی کورتەکە**

**چاودێریە گشتیەکان: عێراق گەمارۆدانی ئابوری ناوچەی کوردی ڕاگەیاندوە. نابێت کەس وەهمی ئەوە بکات کە سنوری ئێران وەک بێژنگ وایە، بەڵکو سنورێکی کراوەی کۆنترۆڵکراوە. هۆتێلەکان لە رەزائیە و مەهاباد و سەردەشت و لە شوێنەکانی تری پارێزگای ئازربایجانی خۆرئاوا بەهەوادارانی بارزانی پر بون. خاوەن هوتێلەکان و بازرگانەکانی بازار و کەسانی تر دەڵێن کوردەکانی عێراق پارەی باشیان پێیە و دەستیشیان بڵاوە...... تاد.**

**وردەکاری زیاتر لە سەر شەڕەکە و یارمەتی ئێرانی لە لایەن ژەنەراڵ ئۆتمیشی، بەرپرسی حکومی سەردەشت، دراوە. بەپێی قسەکانی بڕیاری عێراق بۆ بۆردومانکردنی خەستی ناوچەی کوردی هەڵەیەکی گەورە بو.خوێندنگا و نەخۆشخانە و ماڵی خەڵکی وێران کراون، کیلگەکان بەناپاڵم لێدراو ن، زۆربەی خێزانەکان کەس و کار و دۆستیان لە دەست داوە. ئاکامەکەی خەڵکی خوێندکار و دانیشتوانی شارەکان لە گەڵ بارزانیدا یەکیان گرتوە و لەئێستادا ئەوان لە کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.**

**بۆ پاراستنی خێزانەکانیان ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی شەرکەر نین رو لە ئێران دەکەن.... لە دوای سەردانی ئەم کۆنسۆڵگەریە مانگێک لە مەوپێش کامپێکی پەناهەندە بۆ زیاتر لە ١.٠٠٠ کەس لە سەردەشت دروست کراوە. ژەنەراڵ**



سەرچاوە
Serchawe

ئۆتمیش رایگەیاند کە دو کامپی گەورە، هەر یەک بۆ ٧.٠٠٠ - ٨.٠٠٠ کەس نزیک خانە و رەزائیە دروست کراون. حکومەتی ئێران خۆراکی پێویست و جلوبەرگ بەخەڵکەکە دەدات...

بەوتەی ژەنەراڵ ئۆتمیش شەرەکان لە چەند هەفتەی دواییدا خاوبونەتەوە، سوپای عێراق هەمو شارە گەورەکانی گرتوە و .. هێزەکانی بارزانیش لوتکەی چیاکان و دەوروبەری شارەکانیان کۆنترۆڵ کردوە، وەک لە سلێمانی، بەدوری ١ - ٢ کیلۆمەتریان بەدەستەوەیە. عێراقیەکان شەوان لە دەرەوەی هێڵەکانی خۆیان ناسورێنەوە. رێگەکان بۆ کۆنقۆی گەورە کراوەن و بەتەواویش ئارام نین. تا ئەم ساتە زۆربەی قوربانیەکانی کورد بەهۆی هێرشە ئاسمانیەکانەوە بوە. ئۆتمیش وتی کوردەکان لە دوا سێ هەفتەدا چەکی دژ بەفرۆکەیان وەرگرتوە، ئیدیعای کرد کە جۆر و ژمارەیان نازانێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە وتی ئێرانیەکان ئەو چەکانەیان پێداون.

ژەنەراڵ ئۆتمیش وتی چەکی دژ بە فرۆکە جەنگیەکان بۆتە هۆی ئەوەی عێراقیەکان لە بەرزاییەوە بۆردومانەکان ئەنجام بدەن و لە ئاکامدا پێکانی ئامانجەکانیان کەمبۆتەوە. ئۆتمیش تێبینی خۆی خستە رو کە ژمارەی قوربانیاکانی دەهێنرێنە سەردەشت کەمبۆتەوە، وتیشی بریندارە سەختەکان بە سەیارە بۆ مەهاباد و رەزائیە دەبرێن و هێلیکۆپتەر بۆ ئەم مەبەستە بەکار نەهێنراوە. چەند حاڵەتێکیش بەفرۆکە لە رەزائیەوە بۆ تەهران براون..... تاد.

ئۆیمیش لە درێژەی قسەکانیدا وتی کوردەکان چەند مۆرتیری (قەزائیف) قورسیان هەیە (٨١ و ١٢٠ ملم) و تەقەمەنی کێشە نیە. بەقسەی شۆفێرەکانی لۆریەکان چەک و تەقەمەنی بەبەردەوامی بەرەو سنورد دەگوازرێتەوە... و لەوێشەوە کوردەکان وەریان دەگرن...تاد.

بە وتەی ژەنەراڵ ئۆتمیش بارزانی سورە بەردەوام بێت تا ئەو ئۆتۆنیەمە بەدەست دەهێنێت کە داوای کردوە و کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتەکانی کەرکوک ئەنجام دەدات. بە بۆچونی ژەنەراڵ ئۆتمیش میللەت یەکگرتویی لە گەڵ بارزانیدایە و بارزانی هێزو و تواناى هەیە بۆ درێژەدان بەخەبات بۆ ماوەیەکی درێژ. لە بەرامبەردا، عێراقیەکان ئەم یەکگرتوەیان نیە و یەک سەرکردەیان بەمەقامی بارزانی نیە. لە مەدای دوردا حکومەتی عێراق دەروخێت.

دەرئەنجام: حوکم نەدرێت تەنها لە سەر رۆشنایی ئەوەی پێمان وتراوە، بەڵکو لە ئاکامی ئەوەی خۆمان بینیومانە و چۆن یارمەتی ئێران بۆ بارزانی لە مانگی رابوردودا زیادی کردوە. زۆربەی یارمەتیەکان بۆ سنور دەنێردرێن و سەیارەی کوردەکانی عیراق بۆ بەرەکانی شەر دەیان گوێزنەوە. کامپی تازەی پەنابەران دروست کراون و پێدەچێت بە هێمنی کارەکانیان بەرێوە

دەبرێن، ژمارەیەکی زۆری کوردی عێراق بەپارەیەکی زۆرەوە لە شارەکانی ئێران دەسورێنەوە.

ئەگەر راست بێت، چەکی تازە دژ بە فرۆکە جەنگیەکان نیشانەی هەنگاوێکی ترن بۆ زیادبونی یارمەتی ئێرانیەکان، لە هەمان کاتدا دەرنەکەوتوە کە یارمەتی چەک و تەقەمەنی بەو قەبارە گەورەیە بێت کە لە واقیعدا هاوسەنگی کۆنی هێز نێوان بارزانی و سوپای عێراق بگۆرێت.

چاودێریکردنمان وامان لێدەکات بیربکەینەوە کە ئێران لە یارمەتیدانی بارزانی بەردەوام دەبێت تا ئەو ئاستەی کە شەرەکە لە بواری ئابوری و سەربازیەوە نەدۆرێنێت، ئەو یارمەتیە بەو ئەندازەیە نیە تا بارزانی بتوانێت ئەوەی دەیەوێت دەستی کەوێت.

٢٩ی جوونی ٢٠١٩

# نامەیەکی کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ مەلا مەستەفای بارزانی بڵاودەکاتەوە



**بەشی شەشەم**

راپۆرتی ژمارە: **STATE152124_b1974**

ئامادەکراو لە رۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ١٥ی تەموزی ١٩٧٤

لە وەزارەتی دەرەوە بۆ: بەغداد

**بابەت: پەیام بۆ وەزیری دەرەوەی عێراق بەبۆنەی رۆژی نیشتمانییەوە**

١- ئەم نامەیە لە وەزیری دەرەوەبۆ وەزیری دەرەوەی عێراق بەبۆنەی یادکردنەوەی رۆژی ١٤ی تەموز هاتوە.

٢- ناوەرۆکی نامەکە:

بەڕێز وەزیری دەرەوە: تکایە بەبۆنەی ١٦مین ساڵیادی رۆژی نیشتمانی پیرۆزبایی و هیوای باشبونتان قبوڵ بکەن، هیوادارم ساڵی ئاینده ساڵی ئاشتی و خۆشگوزەرانی بێت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست و سەرکەوتنی زیاتر لە هەوڵەکانی حکومەتەکەتان بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی عیراق. هینری کیسینجەر

٣- وەزارەت نیەتی نیە پەیامەکە بڵاوبکاتەوە، ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێت بڵاو کاتەوە نارەزاییمان نیە.

ڕاپۆرتی ژمارە: BAGHDA00437_b1974
ئامادەکراو لە رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی تەموزی ١٩٧٤
لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە

**بابەت: وەڵام بۆ نامەی پیرۆزبایی وەزیری دەرەوە**

هاوپێچ نامەی وەزیری دەرەوە، وەرگێراو بۆ ئینگلیزی، تێیدا هاتوە:

بەڕێز کیسینجەر: سوپاست دەکەم بۆ پیرۆزباییەکەت بەبۆنەی هەفتەی یادکردنەوەی نیشتمانی و هیوای سەرکەوتن و لەش ساغیتان دەخوازم. وەزیری دەرەوە

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ALGIER02576_b1974
ئامادەکراوە لە رۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٢ی تشرینی دوەم ١٩٧٤
لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە جەزائیر بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە

**بابەت: کۆبونەوەکانی ئۆپێک**

١- جەزائیر پڕبوە لە دەنگۆ و هەواڵ سەبارەت بە کۆبونەوەکان لە سەر بابەتەکانی نەوت، جەزائیر هەوڵ دەدات لە بواری نەوتدا سەرکردایەتی بگرێتە دەست...
٢- جەزائیریەکان داوای گواستنەوەی کۆبونەوەی ئۆپێکیان لە ١٢ی کانونی یەکەم لە ڤێناوە بۆ جەزائیر کردوە...

٣- لە ٢٠ی تشرینی دوەم زانیمان کە ئێران بەتایبەت و توندی پشتگیری داواکەی جەزائیری کردوە بۆ بەستنی کۆبونەوەکە لە جەزائیر ... تاد.

٤- فەرەنسیەکان لە جەزائیر زۆر مەراقی نزیکبونەوەی ئێران و جەزائیریان هەیە، هەر دو وڵات پێویستیان بەنرخێکی بەرزی گاز هەیە بۆ گەشەکردنی ئابوریان...



سەرچاوە Serchawe

١٩٧٥

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDA00104_b1975

ئامادەکراو لە ڕۆژی شەممە رێکەوتی ١ی شوباتی ١٩٧٥

لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە

بابەت: تەندروستی بارزانی

بەواتەی باڵیۆزی میسر، النجار، مەلا مستەفا بارزانی نەخۆشە و لە نەخۆشخانەیەکە لە تەهران. ئیدریسی کوری بەرپرسی هێزە کوردیەکانە.

LOWRIE نهێنی

ئەم نامەیە لە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هینری کیسینجەر، بەرێگەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا CIA ەوە بۆ مەلا مستەفا نێردراوە.

٢٢ی شوباتی ١٩٧٥

ژەنەراڵی خۆشەویست،

زۆر خۆشحاڵ بوم بەوەرگرتنی نامەی ڕۆژی ٢٢ی کانونی دوەمی ١٩٧٥ بەرێزتان.

پێم باشە بزانن کە ئێمە ئیعجاب و ڕێزمان بۆ خۆتان و میللەتەکەت هەیە و بۆ ئەو هەوڵە بوێرانەی دەیدەیت. ئەو کێشە و ئەستەنگانەی ڕوبەڕوتان بونەوە زۆر گەورە بون، من بەبایەخەوە هەڵسەنگاندنتان بۆ دۆخی سەربازی و سیاسیم خوێندەوە. دەتوانن دڵنیا بن کە نامەکەت بایەخی جدی و لە باڵاترین ئاستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی پێ دەدرێت، چونکە ئێمە گرنگی پێدەدەین.

ئەگەر حەز بکەن نوێنەرێکی باوەڕپێکراو بۆ واشنتۆن بنێریت تا زانیاری زیاتر لە سەر دۆخەکە بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بدات، ئەوا ئێمە بە فەخر و خۆشیەوە دەیبینین.

من قەناعەتم هەیە کە ڕاگرتنی نهێنی زۆر گرنگ بوە بۆ ئەوەی توانیومانە بیکەین، تەنها لە بەر ئەم هۆیە و - لە گەڵ سەلامەتی شەخسی خۆتان - ە کە من دودڵم لە پێشنیازکردنی بینینی شەخسی بەڕێزتان. چاوەڕوانم زیاتر گوێم لە هەواڵتان بێت.

تکایە تەمەنای دڵسۆزانە و ڕێزمان قبوڵ بفەرمون.

٣٠ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێکەوتنامەنی جەزائیر دژی کورد



## بەشی حەوتەم

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ALGIER00738_b1975**
**ئامادەکراو لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی ئازاری ١٩٧٥**
**لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە جەزائیر بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، تەهران، بەغداد**

**بابەت: ڕێکەوتنامەی عێراق - ئێران: ڕۆڵی جەزائیر**

١- جەزائیریەکان بەشی زۆری پڕۆپاگەندە بۆ ڕێکەوتنامەی عیراق و ئێرانیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان و بەردەوام بە تاجی سەرکەوتنی کۆبونەوەی ئۆپیک وەسفی دەکەن.

بۆمیدیەن لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆندا ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەکەی بەخۆشترین ڕۆژی ژیانی وەسف کرد.

٢- دو جۆر هەڵسەنگاندن بۆ سروشتی ڕۆڵی جەزائیر لە ڕێکەوتنامەکەدا هەیە. باڵیۆزی میسر پێداگری دەکات کە وڵاتەکەی زۆربەی زەمینەخۆشی بۆ کەوتنە بەینەوە کردوە و جەزائیریەکان تەنها دروێنەی بەرهەمی کارەکانی میسریان کردوە. باڵیۆز وتی کە بۆتەفلیقە لە دوا ساتەکاندا خۆی لە پرۆسەکە هەڵقورتاندوە، ئەویش کاتێک پرسیاری لە شا کردوە ئەگەر ئەو بێت بۆ تەهران و دواتر بەعێراقیەکان بڵێت کە شا پێداگری لە هاتنی ئەو کردوە.

٣- باڵیۆزی ئێران چیرۆکێکی جیاوازتری هەیە کە لێرەدا باسی دەکەین: بەپێی قسەکانی باڵیۆز پرۆسەی ڕێکەوتنامەکە لە لوتکەی ڕەبات دەستی پێکرد، کاتێک عێراق لە وڵاتە عەرەبییەکانی تر داوای یارمەتی کرد بۆ هەوڵەکانی تا قەناعەت بە ئێرانیەکان بکرێت یارمەتیەکانیان بۆ کوردەکان ڕابگرن. ڕەدی بەشداربوانی کۆنگرەکە وابو کە ئەوان بۆ ڕەبات هاتون تا لێدوان لە سەر هەنگاوەکان دژ بەئیسرائیل بکەن نەک ناکۆکیەکانی تر.

هەرچۆنێک بێت مەراکش و میسر و ئوردونیان ڕاسپارد هەوڵ بدەن تا ئێرانیەکان قەناعەت پێبکەن هاریکاری زیاتر بکات. تەنها لایەنێک کە هەوڵی جدی دا ئوردون بو. لە بەر گومانی عێراقیەکان ئوردون نەبوە شەریکی لێدوانەکان و هەمان شتیش بۆ ڕۆڵی مەراکش ڕاست بو. میسر هەوڵی ڕوکەشی دا، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبونی بەکێشەکانی خۆیەوە نەیتوانی زۆر بایەخ بەم مەسەلەیە بدات

٤- لە مانگی کانونی یەکەم بۆمیدیەن لە گەڵ باڵیۆزی ئێران باسی کێشەکەی کردوە و داوای بۆچونی خۆی لێکردوە. باڵیۆز خەم و مەراقی ئێرانیەکانی سەبارەت بە چالاکیەکانی عێراق و حزوری سۆڤیەت ڕون کردۆتەوە. باڵیۆز باسی کردوە کە فارسەکان دژ بەعێراق نین و عێراق بە خاکێکی پیرۆز دەزانن، کێشەکە هەڵوێستی نابەرپرسانەی ڕژێمی عێراق و ئامدەنەبونیەتی بۆ گەیشتن بەگونجاندنێکی تۆکمە لە گەڵ کوردەکان. باڵیۆز پێشنیازی کردوە ئەگەر بواری لێدوانێک هەبێت دەربارەی ڕەوشێکی ئەقڵانی لە گەڵ عێراقیەکاندا دەشێت جەزائیریەکان ئەوە بۆ عێراقیەکان ڕون بکەنەوە.

٥- پێدەچێت بۆمیدیەن قسەکانی ئێرانیەکانی بەجدی وەرگرتبێت، بابەتەکەی لە گەڵ عێراقیەکان باسکردوە و ئاماژەی داوە کە هیوادارە لوتکەی ئۆپێک دەرفەتێک بێت بۆ کارکردن لە سەر ئاشتبونەوە. بۆمیدیەن لە کاتی گەیشتنی شا بۆ لوتکەی ئۆپێک بەکورتی سەبارەت بە مەسەلەکە قسەی لە گەڵدا کردوە و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ داوەتی شای کردوە تا سەدام ببینێت و لێدوان لە سەر ئەگەرەکان بکەن.

٦- شا دەیویست باسی کێشەکە بکرێت، بەڵام زۆر ڕاشکاوانە باسی لە تەحەفوزی ئێرانیەکان بەرامبەر عێراقیەکان دەکرد. سەبارەت بەپرسی سنوری ئاوی نێوان هەر دو وڵات شا وتی لە ڕاستیدا سنورەکە لەوێ دەست پێدەکات و پەسندکردنی ئەوە پەسند کردنی واقیعە، سەبارەت بە کوردەکان پێی وابو ڕای گشتی دنیا ڕەخنەی لێدەگرێت ئەگەر پشتیان لێبکاتەوە، ئەگەر سنور دابخات دەبێت زەماناتی هەبێت کە عێراقیەکان پابەستی ئاگربەست دەبن و هەوڵەکانی دواتریشیان ئاقڵانە بۆ چارەکردن دەخەنە گەڕ. شا پێی وابو قومارێکی گەورە دەکات و جەختی کردووە کە دەبێت بۆمەدیەن لە هەمو لێدوانەکان لە گەڵ سەدام ئامادە بێت تا شایەتحاڵێکی هەبێت و زامنێکی تریش بۆ کارکردنی عێراقیەکان لە ئایندەدا هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

هەرچەندە باڵیۆزی ئێران باسی نەکرد بەڵام بۆتەفلیقە لە سەر داوای ئێرانیەکان لە تەهران بوە.

٧- بۆتەفلیقە بە فرۆکەی سەرۆکایەتی کۆمار، جۆری ئەلیوشین ١٨ لە ١٤ی ئازار، بەرەو تەهران ڕۆیشت. لە شام نیشتنەوەیەکی تەکنیکیان هەبو و سوریەکانی لە مەبەستی گەشتەکەی ئاگادار کردۆتەوە... تاد.

٨- کۆمێنت: لەو دو هەڵسەنگاندنە ئێمە زۆرتر باوەرمان بەوەی ئێرانیەکانە. میسریەکان داوای پشتگیری رای گشتی بۆ ڕێکەوتنامەیەک بەو سروشتە ناکەن ئەگەر لە راستیدا بەپرسیاریەتیەکی گەورەیان تێدا هەبێت.

باڵیۆز PARKER

ای جوولای ٢٠١٩

---

## دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر بارزانی لەترسی جینۆساید داوای یارمەتی لەئەمەریکا دەکات




**بەشی هەشتەم**

**ڕاپۆرتی نهێنی ژمارە: BEIRUT03547_b1975**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ئازاری ١٩٧٥**

**لە لوبنان - بەیروت بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە: میسر - ئێران تەبرێز - ئێران تەهران - بەشی دیبلۆماسی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەغداد - ئوردون - سوریا / تورکیا - نەتەوە یەکگرتوەکان نیۆرک**

**بابەت: بارزانی داوای پاراستن لە ئەمریکا دەکات**

١- JIM HOAGLAND ڕۆژنامەگەری Washington Post لە ڕۆژی ٢٢ی ئازار پەیوەندی بە کارمەندانی باڵیۆزخانەوە کرد بۆ گەیاندنی داوایەکی بەپەلەی سەرکردەی کورد، مستەفا بارزانی، بۆ حکومەتی ئەمریکا. HOAGLAND لە شەوی ١٩ - ٢٠ ئازار لە کوردستان چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ بارزانیدا سازکردبو. بەپێی HOAGLAND بارزانی ڕەوشی مەسەلەی کوردی بێ هیوا وەسف کردوە و وتوشیەتی کە لە ئاکامی فشاری ئێراندا فەرمانی بەپێشمەرگە داوە چەکەکانیان دانێن تا بەخۆرایی خوێنی زیاتر نەرژێت. لە هەمان کاتیشدا بارزانی نیدایەکی بەپەلەی ئاراستەی ئەمریکا کردوە و داوای لێکردوە چی لە توانایدایە لە گەڵ حکومەتی عێراق و ئێران بیکات بۆ پاراستنی میللەتەکەی لە "جینۆساید" و بۆ خۆی و خێزانەکە و بەرپرسە زۆر نزیکەکان لێی داوای مافی پەنابەری لە ئەمریکا کردوە.

٢- HOAGLAND وەسفی دۆخی بارەگای بارزانی بەوپەڕی غەمبار دەکات. ئیدریس بارزانی و محمود عوسمان بەرامبەر دوا

گۆرانکاریەکان لە باکوری عێراق زۆر بێ ئومێدن (بە پێچەوانەی خودی بارزانی کە تێک نەچوە و زۆر بەئاگایە).

HOAGLAND وتی چەند یەکەیەکی پێشمەرگە بەرەو ئێران رۆیشتون و چەکەکانیان بە سوپای ئێرانی داوە و بێگومان چەند گروپێکی تری پێشمەرگە گوێرایەڵی فەرمانەکەی بارزانی ناکەن و دەیانەوێت لە شاخەکان بمێننەوە و شەری سوپای عێراق بکەن.

بارزانی بە HOAGLANDی وتوە گەورەترین خەمی دۆخی خەڵکی سیڤیلی کوردە، چونکە چاوەروان دەکات بەزویی لە هەمو پاراستنێک دژ بە برسیەتی و نەخۆشی و سەرما دابرێن و هەروەها دوچاری دڕندەترین مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق ببنەوە. کاتێک HOAGLAND پرسیاری لێکردوە ئەمریکا چ جۆرە کارێکی تایبەت بکات بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە، بارزانی پێشنیازی کردوە کە حکومەتی ئەمریکا نفوزی بەکاربهێنێت تا ئاگربەستەکەی ئێستا بەلایەنی کەمەوە بۆ مانگێک درێژ بکرێتەوە، بەواتایەک تر تا کۆتایی مانگی نیسان.

٣- بە هەڵسەنگاندنی HOAGLAND بارزانی و هەوادارە زۆر نزیکەکانی لە ئێستادا باکوری عێراقیان بەجێهێشتوە و لە ئێرانن. HOAGLAND لەو باوەرەدایە کە ئەوان خۆیان دورەپەرێز لە کۆنترۆڵکردنی گۆرانکاریەکان لە کوردستانی عێراق رادەگرن بەو هیوایەی ئەمە رێگە خۆش بکات ئەو سەرکردانەی کورد کە ماونەتەوە لە گەڵ رژێمی بەغداد جۆرە رێکەوتنێک بکەن و رێگری بکەن لە تۆڵەکردنەوەی عێراق لە هەمو میللەتی کورد.

٤- بەشێکی زۆر لەوانی باسکراون لە ١ - ٢ رۆژی ئایندەدا لە واشنتۆن پۆست بلاودەبێتەوە، بەلام HOAGLAND بێئۆقرەیە بۆ گەیاندنی بەپەلەی نیداکەی بارزانی بە حکومەتی ئەمریکا.

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: STATE065458_b1975

ئامادەکراو لە رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٢ی ئازاری ١٩٧٥

لە وەزارەتی دەرەوە بۆ: تەهران، بەغداد، تەلئەبیب، بەیروت، نەتەوە یەکگرتوەکان (جنێف)، نەتەوە یەکگرتوەکان (نیۆرک)

**بابەت: بارزانی داوای پاراستنی ئەمریکی کردوە**

کۆمێنت و هەڵسەنگاندنەکانتان بەهەند وردەگرین، بەتایبەت لە سەر ئەم خالانە:

تا چ رادەیەک مەترسی "جینۆساید" هەیە؟

ئایا درێژکردنەوەی ئاگربەست بۆ یەک مانگ پێویستە بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی بێ تاوان؟ ئەگەر وابێت، چۆن حکەمەتی ئەمریکا کار بۆ درێژکردنەوەکە بکات ؟
تا چ رادەیەک یارمەتی مرۆیی (خۆراک، خەیمە، بەتانی) پێویستن؟
ئایا لایەنە پەیوەندارەکان داوای یارمەتیان لە ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان کردوە؟
تکایە کۆمێنتی خۆشتان بدەن لە سەر داواکاری کە بارزانی و نزیکەکان لێی رێگەیان پێبدرێت وەک پەنابەر لە ئەمریکا وەربگیرێن، ئایا ئێران کێشەی هەیە لە گەڵ پەنابەری ئەوان؟ INGERSOLL نهێنی.

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDA00303_b1975
ئامادەکراو لە رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٤ی ئازاری ١٩٧٥
لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە

بابەت: نیدای بارزانی

١- زۆر بەتوندی دژی ئەوەم بارزانی و نزیکەکان لێی مافی پەنابەریان لە ئەمریکا پێبدرێت، تا سەرکردەکانی حکومەتی عێراق قەناعەت بهێنن کە ئەمریکا یارمەتی کوردەکان نادات و عێراقیەکان لە ئێستادا بۆ ئەو مەبەستە متمانەمان پێدەکەن، هەنگاوێکی لەو جۆرەش رەوا نیە بۆ قەناعەت هێنان بە شا تا کۆتایی بەشەرەکە بهێنێت.

لە ئێستادا ئەستەنگی سەرەکی بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندیەکان لابراوە، ئەگەر ئێمە پەنابەریان بدەینێ هەمو دەستکەوتەکان لە دەست دەدەین و حزوری سەرکردەکانی کورد لە ئەمریکا وەک هۆکارێکی موزعج لە ئایندەی پەیوەندیە دو قۆڵیەکاندا دەبینرێت.

بارزانی بەهاندانی شا میللەتەکەی خستە ناو شەرێکی بێ هیوا و من هۆکار نابینم تا ئەمریکا لە ئێستادا کاری لە گەڵ بکات، هەرچۆنێک بێت ئەوە رۆژنامەگەرە ئەمریکیە رۆمانسیەکانن باس لە خەباتی دەکەن.

٢- من باوەر ناکەم حکومەتی عێراق سزای کورد بدات، سیاسەتی حکومەت لە ساڵی رابوردو بۆ بەدەستهێنانی متمانەیان بوە بەرێگەی هاندانی داراییەوە. هەرچۆنێک بێت سوپا نرخێکی زۆری بۆ ئەم سەرکەوتنە داوە و سنور بۆ روداوە لابەلاکانی

تۆڵەکردنەوە دژ بە پێشمەرگە ناوداڕەکان و کوردی بێ تاوان دانراوە.

داوا دەکەین وەزارەت هانی زۆرترین ژمارەی پەیامنێرەکان بدات تا بەرێگەی بەغدادەوە سەردانی کوردستان بکەن. هەمو جۆرە چاودێرێک لەوێ بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت.

٣- ئەگەر کوردەکان لە شەرکردن بەردوام بن ئەوا درێژکردنەوەی ئاگربەست تا ژیانی بێتاوانان بپارێزرێت پێویستە. دەبێت حکومەتی ئەمریکا بۆ ئەو درێژکردنەوەیە فشار بخاتە سەر شا، من دژ بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەمریکام لە گەڵ حکومەتی عێراق و بەکارێکی خۆ بەزل زانین و بێ سود دەیبینم.

٤- گومان نیە کە یارمەتی مرۆیی پێویستە، حکومەتی عێراق لە رابوردودا عەرزەکانی یارمەتی رەتکردۆتەوە و پرۆتێستی دژ بەوانە کردوە کە بەرێگەی ئێرانەوە یارمەتی پەنابەرانیان داوە، تەنانەت ئەگەر تەنها بەتانیش بوبێت. بەپێی زانیەریەکانی من حکومەتی عێراق هیچ داوایەکی لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نەکردوە. بۆ حکومەتی عێراق پارە کێشە نیە بەڵکو لۆجیستیک و دابەشکردنی یارمەتیەکان.

پێم وایە حکومەتی عێراق هیچ جۆرە یارمەتیەکی مرۆیی بیانی قبوڵ ناکات و زۆر تایبەت رازی نابێت کارمەندە بیانییەکان حزوریان هەبێت. دەشێت وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تر بکات کە ئێمە ئامادەین بەشداری بکەین لە هەر پرۆگرامێکدا کە لە گەڵ حکومەتی عێراق لە سەری رێک دەکەون.

GRAHAM نهێنی

٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# خۆ رادەستکردنەوەی کورد بە رژێمی عێراق



## بەشی نۆهەم

راپۆرتی نهێنی ژمارە: BAGHDA00341_b1975

ئامادەکراو لە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٣٠ی ئازاری ١٩٧٥

لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە یۆنان، ئێران، لوبنان، تورکیا، نەتەوە یەکگرتوەکان (جنێڤ)، نەتەوە یەکگرتوەکان (نیۆرک)

بابەت: یارمەتی بۆ کوردەکان

١- حکومەتی عێراق هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ قەناعەت هێنان بە خەڵکی و تایبەت کوردەکان کە شەر لە گەڵ " زومرەکەی بارزانی" تەواو بوە و هەمو کوردەکان سود لە لێبوردنەکە دەکەن. تەلەفزیۆن بەبەرفراوانی گەرانەوەی کوردەکان پەخش دەکات و چوار ئەندامی سەرکردایەتی قوتری بەعس جەولە لە ناوچەکانی باکور دەکەن بۆ پرۆپاگەندە کردن بۆ سیاسەتی حکومەتی عێراق. سەردانی سەرۆک وەزیرانی ئێران، هویدا، بەکارهێنراوە بۆ جەختکردنەوە لە ئاشتبونەوەی نیشتمانی.

٢- بەشی دیبلۆماسی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا سەلماندنی سەرچاوەیەکی سەربەخۆی نیە بۆ ئیدیعای حکومەت کە ژمارەیەکی زۆری کورد لێبوردنەکە بەکار دەهێنن. راپۆرتی باوەرپێرکراوی پەیامنێر KNUT ROYCE ئاماژە دەکات بەوەی کە بینیویەتی چەند پێشمەرگەیەک خۆیان تەسلیم دەکەن و دەڵێت ٥٠% ی شانۆگەریە و ٥٠% راستە. راپۆرتی BBC باس

لە جوڵاندنی هێزەکانی تورکیا بۆ سنورد دەکات تا ڕێگری لە کوردەکان بکەن بچنە ناو تورکیاوە. ڕاپۆرتەکەش دەڵێت زۆر لە کوردەکان پێیان باشترە بچنە وڵاتێکی دراوسێ لەوەی لە سایەی ڕژێمی بەعسدا بژین.

٣- بەبۆچونی تەهران ئەگەر پەنابەرە کوردەکان بەئاگا بن لە ئەگەری کۆچکردنیان بۆ ئەمریکا ئەوا داواکردن بۆ ئەو مەبەستە بێئەندازە هەڵدەکشێت. دەبێت پرسیاریش بکەین سەبارەت بە ئەگەرەکانی ئایندە بۆ ئەو کوردانەی لە تورکیان و لەوێوە بەرەو وڵاتێکی سێیەم برۆن و داوای پەنابەری بکەن.

٤- یارمەتی مرۆیی بۆ کوردەکان لە عێراق: لێدوانەکان لە گەڵ هاوپیشە ڕۆژئاواییەکان جەخت لە بۆچونەکەم دەکەنەوە کە حکومەتی عێراق نایەوێت هیچ یارمەتیەک بۆ کوردەکان لە وڵاتێکی سێیەم یاخود لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە پەسند بکات. بەڕێوەبەری گشتی کاروباری سیاسی لە وەزارەتی دەرەوە لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٤ ئازار پێی وتم حکومەتی عێراق سەیری نیشتەجێکردنەوەی کوردەکان بەمەسەلەیەکی ناوخۆی عێراق دەزانێت و بۆ ئەو مەبەستەش عێراق توانای زۆری هەیە. ئێستاش لە گەڵدا بێت لەو باوەڕەدام هەر باسکردنێکی ئەم بابەتە لە گەڵ حکومەتی عێراقدا هیچی لێ دروێنە ناکرێت، بۆیە دەبێت هەڵوێستمان بۆ ڕای گشتی دەربرینی ویستمان بێت بۆ بەشداریکردن لە هەر هەوڵێک کە لە ئاکامی ڕێکەوتن نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتی عێراقدا بکرێت

٥- درێژکردنەوەی لێبوردن و ئاگربەست: ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە ئێرانیەکان نەیانەوێت داوا لە عێراق بکەن پێناچێت حکومەتی عێراق گوێ لە لایەنێکی تر، وەک جەزائیری و میسریەکان، بگرێت. بەپێی زانیەریەکان، حکومەتی عێراق تا ئەم ساتەش ڕێگە بە پەیامنێرە بیانییەکان دەدات بۆ سەردانی باکور و جەخت لە داوای پێشوم دەکەمەوە کە وەزارەتی دەرەوە هانی زۆرترین ژمارەی پەیامنێر بدات بەڕێگەی بەغدادەوە بۆ کوردستان بچن، لە لایەک تیشکخستنە سەر کێشەکە بەردوام دەبێت و لە لایەکی ترەوە ڕێگریش لە ئەگەری سزادانی کوردە بێ تاوانەکان لە لایەن عێراقەوە دەکات.

٦- ڕۆژنامەکان لێرە بڵاویان کردۆتەوە کە دکتۆر سعدون خلیفە لە وەزارەتی تەندروستی و شاندێکی خاچی سوری عێراقی ئێستا لە ئێرانن بە مەبەستی گەڕاندنەوەی پەنابەرەکان بەهاوکاری ڕێکخراوی شیر و خورشیدی ئێرانی. ئاکامی ئەم کارە ئاماژەی باشمان بە قەبارەی کێشەی پەنابەران دەداتێ. LOWRIE نهێنی

ڕاپۆرتی تایبەت ژمارە: BAGHDA00360_b1975

ئامادەکراو لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی نیسانی ١٩٧٥



سەرچاوە
Serchawe

### لە بەغداد بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتۆن DC

### بابەت: کارەکانی حکومەتی عێراق بۆ چارەی کێشەی کورد

١- پوختەیەک: داخستنی سنور و کۆتایی لێبوردن، هەوڵەکانی بەرنامەی حکومەت بۆ فریاگوزاری و هاندانی پەیامنێرە بیانییەکان بۆ سەردانی باکور، مانگی هەنگوینی لە گەڵ ئێران بەردەوامە.

٢- ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ٣١ی ئازار رونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتوە کە هێزەکانی سوپا لە ١ی نیسان دەست بە حەرەکات دەکاتەوە و ناچاری ئەو کەسانە دەکات، بەهۆی کەش و هەواوە و نەبونی پەیوەندیەوە یاخود هەر هۆکارێکی تر چەکەکانیان تەسلیم نەکردوە، کە دەگەڕێنەوە شوێنەکانیان چەکەکان تەسلیم بە دەزگاکانی حکومەت بکەن... تاد.
لە رونکردنەوەکەدا هاتوە بەرهەڵستیکردنی هێزەکانی سوپا و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە و رادەست نەکردنەوەی چەک بەتوندی سزا دەدرێت.

٣- ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ٣١ی ئازار درێژکردنەوەی لێبوردنی تا ٣٠ی نیسان راگەیاند تا دەرفەتی زیاتر بدرێت کوردەکان لە ئێرانەوە بگەرێنەوە.

٤- وتەبێژی وەزارەتی ئابوری لە ١ی نیسان رایگەیاند کە پرۆگرامێکی فریاگوزاری پەلە لە پارێزگاکانی باکور جێبەجێ دەکرێت، وەک دابەشکردنی خۆراک و بەتانی و جلوبەرگ. حکومەتی عێراق هانی پەیامنێرە بیانییەکان دەدات تا سەردانی باکور بکەن. JUAN DE ONIS بۆ نیۆرک تایمس و HOLGER JENSEN بۆ ئاژانسی ئەسۆشیەتید پرێس و G.PRICE بۆ باڵتیمۆر سەن لە ١ی نیسان بە هێلیکۆپتەر بەرەو باکور بەرێکەوتن.

٥- مانگی هەنگوینی لە گەل ئێران بەردەوامە، جێگری وەزیری دەرەوە، حدیپی، لە ٣٠ی ئازار لە سەردانێکی بۆ ئێران گەرایەوە و رایگەیاند کۆبونەوەی داهاتوی لیژنەی دیاریکردنی سنور لە ١٧ی نیسان لە بەغداد دەکرێت. تیمی نیشتمانی فوتبۆڵی ئێران لە ٥ی نیسان دەگەنە عێراق بۆ چەند یاریەک بەبۆنەی یادکردنەوەی دامەزراندنی حزبی بەعس لە ٧ی نیسان. LOWRIE

٤ی جوولای ٢٠١٩

## سوپای عێراق بە ٢٠٠ هەزار چەکدار لە ١٩٧٥دا کوردستانی کۆنترۆڵکرد



**بەشی دەیەم**

**ڕاپۆرتی نهێنی ژمارە: BAGHDA00384_b1975**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٧ی نیسانی ١٩٧٥**

**لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە جەزائیر، میسر، ئیسرائیل، فەرەنسا، لوبنان، ئێران، ڕوسیا، سعودیەی عەرەبی، سوریا، تورکیا، ئیمارات، بەریتانیا**

**بابەت:**

**١- میدیاکانی بەغداد ئیدیعا دەکەن کە هێزەکانی عێراق پۆستەکانی سەر سنوری ئێران و تورکیایان داگیرکردوە و ئەم پێشەوەچونە بێ بەرهەڵستیکردن بوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان شاندە سەربازیەکانی ئێران و جەزائیر گەیشتونەتە ناوچە سنوریەکان. ڕۆژنامەگەران، ئەمریکی ANDREW WALLER ئاژانسی ڕۆیتەر و GAVIN YOUNG، پەیامنێری LONDON OBSERVER جەولەیەکیان لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و ئامێدی و گەڵاڵە کردوە. YOUNG دورتر ڕۆیشتوە و چۆتە ناوچەکانی باکوری کوردستان و هێزە کوردەکانی بەرچاو نەکەوتوە. پەیامنێرەکان ئاماژەکانی توند و تیژی و برسیەتیان بەرچاو نەکەوتوە. هەروەها ئاماژەکانی فریاگوزاری حکومەتی عێراقیشیان نەبینیوە. پەیامنێرەکان وتیان پەیوەندیەکانی نێوان کورد و عەرەب زۆر سارد و سر بون... تاد.**

٢- لە هەوڵێکی تر بۆ ڕاکێشانی سۆزی کوردەکان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ٢ی نیسان بریاریدا ئەو کوردانەی گەراونەتەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی موڵک و ماڵیان قەرەبو دەکرێنەوە..... تاد.

٣- بەپێی بالیۆزی بەریتانیا، GRAHAM، تارق عەزیز، وەزیری ڕاگەیاندن بە GAVIN YOUNGی وتوە کە شا دژ بەخواستی ئەمریکا ڕێکەوتنامەی ٦ی ئازاری واژۆ کردوە.

٤- کۆمێنت: ئینتباعێک لە بەغداد هەیە کە پرۆسەی وەەرگرتنەوەی چەک زۆر باشتر لەوەی حکومەتی عێراق چاوەروانی بو بەرێوە دەروات. سەرجەم چاودێرە بیانییەکان هاوران کە ڕێکەوتنامەی ٦ ئازار گوزرێکی گەورە بو لە پێگەی یەکێتی سۆڤیەت، بۆیە مایەی سەرسورمان نیە کە تارق عەزیز، زۆر نزیکە لە سەدام حسێن، هەوڵ دەدات بیرۆکەی ئەوەی کە ڕێکەوتنامەکە لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە بڵاوبکاتەوە، ئەمەش بەتایبەت پێش سەردانی سەدام حسێن لە ١٤ی نیسان بۆ یەکێتی سۆڤیەت. LOWRIE نهێنی

**ڕاپۆرتی نهێنی ژمارە ANKARA02858_b1975**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٠ی نیسانی ١٩٧٥**

**لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تورکیا - ئەنقەرە بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە، باڵیۆزخانە لە ئێران، بەشی بەرژەوەندیەکان لە بەغداد، نوێنەرایەتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ و نیۆرک**

**بابەت: سیاسەتی تورکیا بەرامبەر پەناهەندە کوردەکان**

١- سیاسەتی ئەمرۆی حکومەتی تورکیا سەبارەت بە پەناهەندە کوردەکان (بە واتایەکی تر ڕێگە نەدان بەگروپە کوردەکان بۆ هاتنە ناو تورکیاوە بۆ پەنابەری یاخود وەک ترانسیێت بۆ ڕۆیشتن بۆ ئێران) لە ٢٦ی ئازار بەفەرمی ڕاگەیەندرا. هەرچۆنێک بێت ئێمە باوەر دەکەین کە تورکیا ئەحکامە بنەرەتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی پەناهەندەی پێشێل نەکردوە. لە پەیوەندیەکانمان لە گەڵ نوێنەری لۆکاڵی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران و بەعسە دیبلۆماسیەکانی تر و وەزارەتی دەرەوە هیچ بەڵگەیەکمان نەدۆزیوەتەوە ئاماژە بدات بەوەی کە تورکیا بەزۆرەملی کوردە پەنابەرەکانی بۆ عێراق گەراندۆتەوە.

٢- نوێنەری کۆمسیۆنی باڵا لە ٨ی نیسان بەکارمەندێکی باڵیۆزخانەی وتوە کە خۆی لە گەڵ دو هاوپیشەی لە نوسینگەی



سەرچاوە
Serchawe

کۆمسیۆن لە جنێڤ داوایەکی دیبلۆماسی فەرمیان بەناوی پەنابەرە کوردەکان داوە بە وەزارەتی دەرەوە تا ڕێگەیان پێبدرێ لە یەک یا دو خاڵی سنورەوە بێنە ناو تورکیاوە - بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ ئێران - لە بەرامبەردا نەتەوە یەکگرتوەکان ئامادەیی پیشان داوە هەمو پشتگیریەکی لۆجیستیکی و کارئاسانیەکی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە پێشکەش بکات .... نوێنەری کۆمسیۆن وتی تا ئێستا وەڵامی تورکەکانی وەرنەگرتوە و گومانی لە وەڵامێکی پۆسیتیڤ هەبو ئەگەر لە چەند لایەکەوە هەوڵ لە گەڵ حکومەتی تورکیا نەدرێت.

٣- نوێنەری کۆمسیۆن سەبارەت بە گروپێکی کورد، نزیکەی ٣٥٠٠ کەس لە پایزی ١٩٧٤ هاتونەتە ناو تورکیاوە و دواتر بۆ عێراق گەڕاونەتەوە، وتی بەڵگەی قانیعکەری بینیوە کە ئەو گروپە هەوادارانی حکومەتی عێراق بون و بەشێوەیەکی کاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردیان لە عێراق بەجێهێشتوە و داوتر پاش ئەوەی ئەو ناوچانە لە هێزەکانی بارزانی لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە پاک کراونەتەوە خۆبەخشانە گەڕاونەتەوە.

٤- هەروەها کارمەندێکی باڵیۆزخانەی هۆلەندی لە سەرەتای ئەم مانگەدا پێی ڕاگەیاندین کە باڵیۆزخانەکەی داوایەکی دیبلۆماسی فەرمی داوەتە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بۆ پشتگیریکردن لە داواکەی کۆمسیۆنی باڵا بۆ ڕێگەدان بە پەنابەرە کوردەکان تا بەرێگەی تورکیاوە بەرەو ئێران برۆن. کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە وەڵامی بە ڕەتکردنەوەی داواکە داوەتەوە و دو هۆکاریشی باس کردوە:

ا- پاش ئەوەی لە ١ی نیسان ماوەی لێبوردن تەواو بو ئاشکرا نیە ئایا حکومەتی عێراق ڕێگە دەدات ژمارەیەکی تر کورد عێراق جێبهێڵن.

ب - بەهۆی دۆخی کەش و هەوا لە خۆرهەڵاتی تورکیا گواستنەوەی کوردەکان بەو ناوچانەدا لەم کاتەدا مەحاڵە.

٥- کۆمێنت: سیاسەتی تورکیا سەبارەت بە پەنابەرە کوردەکان دەبێتە بابەتێکی سیاسی نێوان حکومەتەکەی دێمیرێل و حزبەکانی ئۆپزسیۆن. هەرچۆنێک بێت، حکومەتی نوێ مەرج نیە پابەست بێت بەو سیاسەتەی حکومەتەکەی پێشوی ئیرمانک ڕایگەیاند بو. لەوانەیە مەسەلەکە دابمرکێنرێتەوە بەرێگەی مۆڵەتدان بە پەنابەرە کوردەکان خاکی تورکیا بۆ ڕۆیشتن بۆ ئێران بەکار بهێنن. لە کاتێکدا حزبی میللی جمهوری ئۆپزسیۆن لە ڕاگەیاندراوێکدا بەتوندی داوای لە حکومەت کردوە بڕیاری ڕێگەنەدان بە کوردەکان بێنە ناو تورکیاوە هەڵبوەشێنێتەوە، نائبی هەمان حزب MIKAIL ILCIN (هەکاری) نامەیەکی بۆ ڕێکخراوی خاچی سوری تورکی و بۆ ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ناردوە و تێیدا بەتوندی داوا دەکات فریاگوزاری پێشکەش بە هێزەکانی بارزانیش بکرێت کە لە ناوچە شاخاویەکانی نزیک سنوری تورکیا خۆیان

حەشار داوە. پێدەچێت حزبی جمهوری میللی لە پەرلەمان پرۆژەیەک بۆ پێداچونەوە بەسیاسەتی تورکیا سەبارەت بەپەنابەرە کوردەکان پێشکەش بکات. MACOMBER

راپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDA00410_b1975

ئامادەکراوە لە رۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ١٩٧٥ کات: ١٣:٠٥

لە بەشی دیپلۆماسی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە بەغداد بۆ وەزیری دەرەوە لە واشنتۆن DC

وێنەیەکی نێردراوە بۆ باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە: جەزائیر، ئەنقەرە، بەیروت، قاهیرە، شام، جدە، لەندەن، مۆسکۆ، پاریس، تەهران، تەل ئەبیب، کویت، نوێنەرایەتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان لە جنێف و نیۆرک.

بابەت: دۆخی کوردستانی عێراق

١- پوختەیەک: حکومەتی عێراق سەردانێکی چڕوپڕی بۆ ١٥ مولحەقی سەربازی بۆ کوردستان ڕێکخست. لە نێو ئەوانەدا مولحقی سەربازی بەریتانیا و روسیا.

Sanders بەریتانی لە سەر سەردانەکە لە مانگی نیساندا ئەم زانیاریانەی پێدام، زانیاریەکان ئاماژە دەکەن بەوەی کە سوپا کۆنترۆڵی تەواوی هەیە و راپۆرتەکان لە سەر برسیەتی و روخاندن و تۆڵەکردنەوە دژ بەکوردەکان راست نین.

٢- رۆژی یەکەم گروپەکە سەردانی موسڵ یان کردوە، لەوێوە بە هێلیکۆپتەر

(جۆری MI-8) چون بۆ ئاکرێ و بارزان و گەراونەتەوە. رۆژی دوەم بە هێلیکۆپتەر چون بۆ زاوێتە و سەرسەنگ و بێرسانگ و ئەمادیە و کانی ماسی لە سەر سنوری تورکیا و دهۆک و بۆ موسڵ گەراونەتەوە. رۆژی سێیەم گروپەکە بە سەیارە چون بۆ هەولێر و لەوێشەوە بە هێلیکۆپتەر رویان لە سەلاحەدین و شەقڵاوە کردوە و بۆ هەولێر گەراونەتەوە. رۆژی چوارەم چون بۆ شاخی ناوەکین کە بەسەر خۆرهەڵاتی گەلی عەلی بەگدا دەروانێت، بەفرۆکە بەسەر رەواندوز و چەند شاخێکی ناوچەکە و گەلاڵە و حاجی ئۆمەراندا فریون و دواتر بۆ هەولێر گەراونەتەوە.

رۆژی پێنجەم بەسەیارە چون بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بەرەو رانیە و قەڵادزە فریون و بۆ کەرکوک گەراونەتەوە. دوا رۆژ

فریون بۆ سلێمانی، سەید سادق (لە ٧ی ئازاردا حکومەت دەستی بەسەردا گرتوتەوە)، مەنیتا و پێنجوین و بۆ سنوری ئێران. دواتر بۆ کەرکوک گەڕوانەتەوە و لەوێشەوە بۆ بەغداد.

٣- ساندەر وتی سەردانی زۆر شوێنیان کردوە، لەوانەش بارەگاکانی پێشوی بارزانی و چەند مەشجەبێکی چەکیان پیشان داون، وتیشی سەربەست بوین لە بینینی کورد و مەسیحیەکان...

٤- گرنگترین دەرئەنجامەکانی ساندەر ئەمانە بون:

ا- سوپا تەواوی ناوچەکەی کۆنترۆڵ کردوە و ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠.٠٠٠ چەکداری نیزامی و نانیزامیە. هیچ مقاوەمەیەک لە لایەن کوردەکانەوە نیە.

ب - بەهیچ جۆرێک پۆلیسی عێراقی تۆڵەی لە کوردەکان نەکردۆتەوە.

ج - ئاماژە بۆ برسیەتی، کامپی گرتن، یاخود کاولکردنی فراوانی بینا و کێڵگەکان نیە. هەرچەندە چەند گوندێک زۆر خراپ کاول کرابون، زۆربەی زەرەر لە ٣٠% تێنەپەریوە. هەندێک شوێنی تر دەستیان تێوە نەدرابو. کەش و هەوا باش بو، هەمو ڕێگاکان کراوە بون و بەفریش لوتکەی چیاکانی داپۆشیبو.

د- حکومەتی عێراق زۆر جدیە لە پێشکەشکردنی یارمەتی فریاکەوتن کاتێک پێویست بێت. مولحقەکان قسەیان لە گەڵ تیمە تەندروستیەکانی حکومەت و تیمەکانی خۆراک کردوە.

ە- سوپا شانازی بە سەرکەوتنەکەیەوە دەکات و هەڵوێستی "لێی خۆش بە و لەبیری بکە" وەرگرتوە.

و- سیستەمی چاودێری سێ لایەنەی عێراق- ئێران- جەزائیر باش کاردەکات. مولحقەکان قسەیان لە گەڵ تیمە سێ قۆڵیەکان لە پۆستەکانی سنور و لە ڕەواندوز و حاجی ئۆمەران و قەڵادزە کردوە، تیمەکان رایان گەیاندوە کە کاری بنەڕەتیان دابینکردنی مامەڵەی باشی پەنابەرانە کە دەگەڕێنەوە و بۆ گوندەکانیان دەگوازرێنەوە. زۆر لە گوندەکان بەتەواوی پربونەتەوە. تەنها بەشێکی کەم لە دانیشتوانی گوندەکان بەیەکجارەکی هەڵهاتون. بەهەڵسەنگاندنی ئەو ١٠% کوردەکان پێشمەرگەی شەرکەرن و خێزانەکانیان (١٥٠.٠٠٠ - ١٧٥.٠٠٠) وڵاتەکەیان بەجێهێشتوە....

ز- وێرای هەوڵەکانی حکومەتی عێراق، بەڵام پێدەچێت کوردەکان دودڵ و سەرسورماو بن لەوەی تۆڵەکردنەوە لێیان روی نەداوە.

ح- سەرکەوتنەکە زۆر بەرفراوانە و زۆر کتوپڕ رویدا، بۆ سوپا رون نیە چۆن ناوچەکە بەڕێوە ببات. سوپا چاوەڕوانە هەمو هێزەکانی تا دو مانگی تر بمێننەوە و ئەگەر شتێکی ئەوتۆ رونەدات دەست بەکشانەوە دەکات. هەندێک لە ئەفسەرەکان باسیان لە نیشتەجێکردنی کوردەکان لە گوندی گەورەدا دەکرد. ئەمەش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی باشتر و لە روی ئابوریشەوە ئاسانتر دەبێت خزمەتگوزاری وەک کارەبایان بۆ دابین بکرێت. پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت بۆ چاککردنی رێگەوبان و خزمەتگوزاریەکان.

٥- سەبارەت بە هێرشەکانی ماوەی ٧ - ١٣ی ئازار ئەفسەرەکانی سوپا راشکاوانە هاورا بون کە ئاگربەست تا ١٣ی ئازار لە ئارادا نەبوە و لە سەر داوای ئێران راگەیانرا. لە رێکەوتنی ٦ی ئازاردا باس لە ئاگربەست نەکراوە. سوپا لەو ماوەیەدا سەرکەوتو بە لە گرتنی بەرزاییە گرنگەکان لە بەرەی شەرەکەدا..... ئەم کامپینە سەربازیە هاوکات لە گەڵ وەستاندنی پشتگیری ئێران پشتی بزوتنەوەی کوردەکانی شکاند.

٦- کۆمێنت: ئەمە یەکەمین زانیاری چاودێرێکی لێهاتوی باوەڕپێکراوە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی. ئەم گێرانەوەیە گونجاوە لە گەڵ چیرۆکی زۆر سنوردارتری ئەو رۆژنامەگەرە ئەمریکیانەی کار بۆ ئاژانسی ئەسۆشیەتید پرێس و نیۆرک تایمس و باڵتیمۆر سن دەکەن. ناحەزی چەند سەدەیەکی نێوان کورد و عەرەب فەراهەم نابێت و گومانیش لەوەدا نیە لە ئایندەدا رووداو و کێشە دروست دەبن، بەتایبەت ئەگەر داگیرکردنی سەربازی ماوەیەکی درێژ بخایەنێت. پێدەچێت زۆر کەم یا هیچ زەمینەیەک لە ئارادا نەبێت بۆ جینۆساید و برسیەتی و کامپەکانی زۆرەملی کە لە لایەن میدیای خۆرئاواوە باسیان لێدەکرێت، دەردەکەوێت ئەم هەواڵانە لە چەند سەرچاوەیەکی کوردیەوە لە نیۆرک و لەندەنەوە سەرچاوەیان کردبێت کە چەند مانگێکە لە کوردستان نین.

ڕاپۆرتی ژمارە: BAGHDA00428_b1975

ئامادەکراو لە رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥

لە بەغداد بۆ وەزارەتی دەرەوە



سەرچاوە
Serchawe

**بابەت: جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی عێراق - ئێران**

١- باڵیۆزی ئێران، شاهیدزادە، لە ١٧ی نیسان پێی وتم جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ٦ی ئازار بەباشی بەڕێوە دەچێت..... ئەویش پێی وابو لە باکور هێمنە و عێراقیەکان پابەندن بەبەڵێنی لێبوردنەکەوە.

٢- شاهیدزادە وتی کە بەروار و پرۆگرام بۆ سەردانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، سەدام حسێن، بۆ ئێران تا ئێستا دیاری نەکراون، وا چاوەڕوانە سەردانەکە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ئەنجام بدرێت. گومانی لە سەردانی شا پێش بەهاری داهاتو بۆ عێراق هەبو، بەهۆی پرۆگرامی شا بۆ سەردانی ئەمریکای لاتینی و چەند شوێنێکی تر وناشیەوێت لە وەرزی گەرمادا بۆ ئێرە بێت.

٤- شاهیدزادە بەبایەخەوە تێبینی دا کە بەلاغی هاوبەشی سۆڤیەت و عێراق لە ١٥ی نیسان باسی لە ڕێکەوتنی ئێران و عێراق نەکردوە، لە کاتێکدا سەدام لە وتارەکەی لە کرێملین باسی کرد و کۆسیجین ئاماژەی پێنەدا. شاهیدزادە پێی وایە وێرای ئەوەی ڕێکەوتنەکە پێگەی سۆڤیەتی لە عێراق لاواز کردوە، بەلام عێراق بەردەوام دەبێت لە گرنگیدان بە پەیوەندیەکانی بە یەکێتی سۆڤیەت.

٥- کۆمێنت: نزیکبونەوە لە ئێران و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ٦ی ئازار زۆر خێراتر و هێمنانەتر لەوەی عێراقیەکان ئومێدیان دەکرد بەڕێوەدەچن. لە نێوەندی چاودێرە بیانییەکان لێرە گومان هەیە و چاوەڕوان دەکەن مانگی هەنگوینی زو کۆتایی بێت.

هەرچۆنێک بێت بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەشەکردنی ئابوری و ڕاگرتنی نرخی نەوت و یەکریزی ڕێکخراوی ئۆپێک لە گەڵ پشتگیری ئاشکرای شیعەی هەر دو وڵات بۆ نزیکبونەوەکە باوەڕم هەیە کە نزیکبونەوەکە زیاتر چانسی بەردەوامبونی هەیە.

ڕاپۆرت بۆ بەکارهێنانی فەرمی ژمارە TEHRAN03798_b1975

ئامادەکراو لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٥

لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا تەهران بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە



سەرچاوە
Serchawe

**بابەت: هەواڵ و دەنگوباس**

**لە خاڵی 4ی ڕاپۆرتەکەدا هاتوە:**

**٤- لە ٢٩ی نیسان تا ١ی مایس سەدام حسێن، جێگری سەرۆکی عێراق، سەردانی ئێرانی کرد، ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ سەردانی هوێدا، سەرۆک وەزیرانی ئێران، لە ٢٦ تا ٢٩ مانگی ئازار بۆ بەغداد. کۆبەنەوەیەکی تری نێوان کارمەندانی ئەم دو وڵاتە لە بەرنامەی زنجیرەیەک کۆبونەوە لە ١٨ی مایس لە جەزائیر ساز دەکرێت، لەو کۆبونەوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئێران لە گەڵ هاو پلەکانی جەزائیری و عێراقی بەشداری دەکەن بۆ واژۆکردنی دوا ڕێکەوتن بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی نێوان ئێران و عێراق لە ٦ی ئازاردا.**

١٩٧٦

**٤ی جوولای ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## بارزانی بۆ چارەسەری پزیشکی داوای سەردانی ئەمەریکا دەکات



وێنەکە مەلا مستەفا - ئیدریس بارزانی - مەسعود بارزانی

**بەشی یانزەهەم**

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: STATE088422_b1976
ئامادەکراو لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ١٩٧٦
لە وەزارەتی دەرەوە واشنتۆن DC

بۆ: باڵیۆزخانەی ئەمریکا - تەهران، بەغداد

**بابەت: داواکاری بارزانی بۆ سەردانی ئەمریکا بۆ چارەی پزیشکی**

١- بۆ تەهران: محمد دۆسکی، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کوردی ئەمریکی ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە کە بارزانی، لە گەڵ سێ دۆست، دەیەوێت بۆ چارەی زیاتری پزیشکی سەردانی MAYO CLINIC بکات. دۆسکی جەختی کردەوە کە چالاکی سیاسی لە ماوەی سەردانەکەدا ناکرێت.

٢- هەڵسەنگاندنی ئێوە بەهەند وەردەگرم، بێئەوەی لە گەڵ حکومەتی ئێران باس بکرێت، ئایا حکومەتی ئێران ڤیزەی دەرچون و مۆڵەتی گەرانەوە دەدات.

٣- هەرچەندە بارزانی داوای پەنابەری بەرێگەی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران نەکردوە، بەقسەی دۆسکی، بارزانی نایەوێت پرۆگرامی نێودەوڵەتی ئێستا بۆ نیشتەجێکردنەوە یاخود دۆخی ئەو کوردانەی لە ئێران ماونەتەوە بخاتە مەترسیەوە. دەبێت روبەروی ئەو ئەگەرە ببینەوە کاتێک بارزانی لە ئەمریکا بێت هەوڵ بۆ مانەوە بدات و خێزانە گەورەکەشی بهێنێت. وەڵامی ئێرانیەکان چۆن دەبیت ئەگەر ڕێگەمان پێدا بمێنێتەوە؟ ئایا پێدەچێت حکومەتی ئێران ڕێگە بەخێزانەکەی بدات بێن بۆ لای بارزانی؟

(کاتێک بارزانی لە ئەمریکا بێت یا داوای مافی پەنابەری سیاسی بکات یاخود بەرێگەی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران لای نوێنەرایەتیان لە نیۆرک خۆی تۆمار بکات، کۆمسیۆنی باڵا بڕیاری داوە پەنابەرە کوردەکان لە پلەی یەکەمدا دەکەونە ژێر ماندادتی کۆمسیۆنەوە).

٤- بۆ بەغداد: بیرکردنەوەتان لە سەر خاڵەکانی سەرەوە بەهەند وەردەگرین.

هێنری کیسینجەر نهێنی.

**ڕاپۆرتی ژمارە: STATE103164_b1976**

**ئامادەکراو لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی نیسانی ١٩٧٦**

**لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا - تەهران بۆ: وەزیری دەرەوە**

**بابەت: داواکاری بارزانی بۆ سەردانی ئەمریکا بۆ چارەی پزیشکی**

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کرابون، باڵیۆزخانە زۆر دڵنیا نیە هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەرامبەر چارەی پزیشکی بارزانی لە ئەمریکا چۆن دەبێت.

لە کاتێکدا باڵیۆز مەودای ئەم کێشەیە دەبینێت، پرسیارە ئایا وەزیر دەیەوێت لەم کاتەدا بارزانی لە ئەمریکا بێت.، یاخود کاتێک دوای تەواوکردنی چارەی پزیشکی مانەوەکەی درێژ بکاتەوە. بەبیرماندا دێتەوە پێش دوا سەردانی بارزانی بۆ ئەمریکا دو یا سێ ئەندامی کۆنگرێس پرسیاریان کرد ئایا بارزانی سەربەستە سەردانی ئەمریکا بۆ چارەی پزیشکی بکات. وێرای لایەنی مرۆیی ئەم بابەتە، لەوانەیە چەند فاکتۆری سیاسی زەروری هەبن کە وا بکەن حزوری لە ئەمریکا خوازیار

نەبێت. پێمان باشە هەڵوێستی وەزیر لە سەر ئەم بابەتە بزانین.

HELMS، SISCO  نهێنی

راپۆرت نهێنی ژمارە: STATE180095_b1976

ئامادەکراو لە رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢١ی تەموزی ١٩٧٦

لە وەزارەتی دەرەوە بۆ: باڵیۆزخانەی ئەمریکا تەهران، بەغداد

**بابەت: گۆرانکاریەکان لە سەردانی بارزانی**

١- بەرێوەبەری NEA/ARN لە رۆژی ٩ - ١٠ی تەموز لە MINNESOTA – ROCHESTER لە گەڵ بارزانی قسەی کردوە. بارزانی ئاماژەی داوە بەوەی دیەوێت بۆ ماوەی ٧ تا ٨ مانگ لە ئەمریکا بمێنێتەوە. دژ بەخواستی خۆی ئەو ئامۆژگاریەی پەسند کرد کە پێی وترا بۆ خۆی باشترە بەزوترین کات دوای تەواوبونی چارەی پزیشکی ئێستای بۆ ئێران بگەرێتەوە. بۆ بارزانی رونکرایەوە کە ڤیزەی ئەمریکای تەنها بەهۆی دۆخی پزیشکیەوە پێدراوە و ئەمەش بە لێکتێگەیشتن بوە لە گەڵ حکومەتی ئێران، باشترە کە تەواو پێرەوی رێکەوتنە سەرەتاییەکە بکرێت. کارمەندی ساواک لەم دانیشتنەدا ئامادە بو و گوێی لە داواکاریەکانی تری بارزانی بو کە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

٢- هەرچۆنێک بێت چوینە سەر بابەتی داواکاریەکەی تری بارزانی، ئەویش: رێگەی پێ بدرێت چەند رۆژێک لە واشنتۆن بەسەر ببات تا لە گەڵ ئەو کەسایەتیانەی لە رابوردودا بایەخیان بە مەسەلەی کورد داوە قسە بکات و داتر بۆ چەند رۆژێک پێش گەرانەوەی بۆ ئێران لە پشوخانەیەک لە شاخ پشو بدات.

**ئەو پەیوەندیانەی بارزانی مەبەستیەتی بیان کات لە گەڵ ئەمانەدا بو:**

سیناتۆر JACKSON، ئەندامی کۆنگرێس لە تەکساس WILSON و GEORGE MEANY. هەروەها بارزانی ناوی وەزیری دادی پێشوی، DOUGLAS، برد کە لەوانەیە لە واشنتۆن نەبێت. لەو باوەرە داین رێنەگرتن لەم داواکاریە شانازی بارزانی بەخودی خۆی رادەگرێت و ئاسانکاریشە تا هاوکاریمان بکات بۆ ئەنجامدانی ئامانجی سەرەکیمان، ئەویش گەرانەوەی دروست و یەکسەری بۆ ئێران، هەروەها رێگری دەکات لەو جۆرە چیرۆکانەی وەک حزبەکەی بارزانی لە

ماوەی دواییدا باسیان کردوە.

ئێمە لە هەمان کاتیشدا ئەوپەری هەوڵمان دەدەین، بەراوێژکردن لە گەڵ ستافیJACKSON و MEANY و WILSON تا هەواڵی نەخوازیار لە ئاکامی ئەو بینینانە بڵاو نەکرێنەوە.

٣- وێرای هەمو هەوڵەکانمان ئەگەر هەواڵی سەردانی بارزانی بۆ واشنتۆن دزە بکات، ، ئەوا هەڵوێستمان بەم شێوەیە رون دەکەینەوە:

ێ- هاریکاری خواستی بارزانیمان کردوە بۆ چارەی پزیشکی لە لایەن ئەو پزیشکانەی لە رابوردودا چارەیان کردوە و شارەزای دۆخی تەندروستی بارزانین.
ب- ئێستا چارەسەرکردنەکانی تەواو بون، پێش گەرانەوەی بۆ ئێران ماوەیەکی کورت پشو دەدات و سەردانێکی واشنتۆن دەکات.

٤- بۆ کارکردن لە سەر ئەوەی لە سەرەوە باس کراوە تکایە ئاگاداری ئێرانیەکان بکەنەوە کە بریارمان داوە رێگە بە بارزانی بدرێت بۆ چەند رۆژێک بچیت بۆ واشنتۆن و سەردانێکی کورتی پشوخانەیەکیش بکات. پێمان وایە ئەمە باشترین شێوازە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ بابەتەکە، بەتایبەت نوێنەری بارزانی لە ئەمریکا لە پەیوەندیدایە لە گەڵ ئەو کەسانەی بارزانی دەیەوێت بیان بینێت.
تا رێگری بکەین لەوەی لەو چاوپێکەوتنانەدا هەواڵی نەخوازیار بۆ میدیا دزە بکات، چ لەلایەن ئەمریکیەکان و چ لە لایەن دەوروبەری بارزانیەوە، تا ئەم ساتەش نەهێڵراوە میدیا بەسەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا بزانێت.

٥- ئینتباعی خۆتم بۆ بنێرە لە سەر وەڵامی ئێرانیەکان بۆ ئەو مەبەستە.

کیسینجەر نهێنی

ی٥ جووڵای ٢٠١٩

## باڵویزی ئەمەریکا لەعێراق:

## بۆ حکومەتی عێراق بارزانی بێ یارمەتی دەرەکی لە موزعجێکی بچوک زیاتر نییە



**بەشی: ١٢**

**ڕاپۆرتی نهێنی و تایبەت ژمارە: STATE209897_b1976**

**ئامادەکراو لە ٢٤ی ئۆگۆستی ١٩٧٦**

**لە وەزیری دەرەوە واشنتۆن DC بۆ: باڵیۆزخانە تەهران - بەشی دیبلۆماسی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەغداد**

**بابەت: کێشەی بارزانی**

١- پێدەچێت بارزانی پەیامەکانی لە حکومەتی ئێران وەرگرتبێت کە ئەوان چی زیاتر پێداگری ناکەن لەوەی دەبێت ئەو یەکسەر بۆ تەهران بگەڕێتەوە وەک لە سەرەتادا پلانی بۆ دانرابو. ژمارەیەک لە نزیکەکان لە بارزانی ئاگاداریان کردوینەتەوە کە شا بەکەناڵی ساڤاکدا چەند قسەیەکی بۆ بارزانی ناردوە، ئەویش لە چ کاتێکدا ویستی بگەڕێتەوە بەخێربێت بۆ تەهران و لە ئایندەشدا چ کاتێک ویستی بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا بۆ چارەی پزیشکی، هیچ ئەستەنگێک لەبەردەمیدا نابێت. کارمەندەکەی ساڤاک گەڕاوەتەوە بۆ تەهران.

٢- لە ئێستادا بارزانی و نزیکەکان لێی چونەتە ئەپارتەمەنتێک کە کرێی زۆر نیە و چاوەدگێرن بۆ خانویەکی کرێ لە واشنتۆن.

٣- بەلایەنی کەمەوە ٣ کەس لەنزیکەکان لێی لە گەڵیدان، یەکێکیان کورەکەیەتی، ئەوان حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆ تەهران یا لە گەڵ خێزانەکانیان لە شوێنێکی تر یەکتر بگرنەوە. بۆ نمونە پزیشکی تایبەتی بارزانی، دکتۆر OMRANI، پێمان دەڵێت حەز دەکات بچێت بۆ لەندەن تا هاوسەرەکەی و منداڵەکەی ببینێت، ئەم بەم نزیکانە بە پاسپۆرتی ئێرانی هاتوچۆ دەکات...تاد.

٤- وێرای ئەم نائارامیە ئێمە گەرەنتی دەدەین کە سەرجەم ئەوانەی لە دەوری بارزانین تەواوی وەلایان بۆ سەرکردەکەیان دەمێنێتەوە و لە گەڵیدا دەمێننەوە ئەگەر ئەوە خواستی خۆی بێت.

٥- ئامانجەکانی بارزانی - بێجگە لە مانەوەیەکی کورت لە ئەمریکا - زۆر رون نین. بارزانی بە بەرێوەبەری NEA/ARN وتوە کە نیەتێکی هەیە پشتگیری بکات لەوەی ئەو کوردانەی لە ئێران ماونەتەوە سود لە دوا وادەی لێبوردنی عێراق بکەن بەمەرجێک زەمانەت هەبێت کە کوردەکان لە باکور و لەو ناوچانەی کوردین و تێیدا ژیابون نیشتەجێ دەکرێنەوە، بێجگە ناوچە سنوریەکان. بارزانی، ناراستەوخۆ، ئاماژەی داوە بەوەی لەم کاتەدا چەندی پێ بکرێت بۆ کوردە پەنابەرەکان لە ئێران دەیکات، دوابەدوای ئەمە تەرکیز دەکات بۆ دروستکردنی کاریگەری لە سەر رژێمی عێراق بۆ گەرانەوە بۆ جۆرێک لە هێلەکانی لێکتێگەیشتنی رێکەتناوەمەی ئازاری ١٩٧٠.

٦- دیدی ئێمە ئەوەیە دەتوانین هەڵوێستی چاوروانبە - و - ببینە بۆ ماوەیەک وەرگرین. مانەوەی بارزانی لە ئەمریکا چەند چیرۆکێکی لە رۆژنامەکاندا لێکەوتۆتەوە، بەڵام بایەخی کەمیان پێدراوە. هەست دەکەین پێویست ناکات بارزانی بخەینە ژێر جۆرێک لە فشارەوە کە ناچاری بکات بەدوای یارمەتی هەندێک لە دۆستەکانی لێرە بگەرێت، یاخود لە میدیاکاندا بکرێت بەهەڵلا. لەوانەیە ئاکامەکە داواکردنی فەرمی پەنابەری سیاسی بێت و بۆ ئەمەش کەیسێکی زۆر بەهێزی هەیە و بۆ ئێمەش ئاسان نابێت داواکەی رەتبکەینەوە.

٧- بەرەچاوکردنی ئەمانە داوامان لە وەزیری ناوخۆ کرد مانەوەی بارزانی و نزیکەکان لێی بۆ ٣ مانگ درێژ بکاتەوە و رێگە بدرێت بە چەند کەسێک لەوانەی لە گەڵیدان، دکتۆر OMRANI و موحسین دزەیی، سەردانی لەندەن بکەن و بگەڕێنەوە.

٨- زۆرمان پێ باشە گوێبیستی کۆمێنت و ئامۆژگاریەکانتان بین سەبارەت بە مامەڵەکردن لە گەڵ کێشەی بارزانی، ڕەچاوی ئەگەرەکانی هەڵوێستی حکومەتی ئێران و عێراق بکەن.

بۆ باڵیۆز HELMS: زۆر تایبەت ڕونکردنەوەتان سەبارەت بە ئەگەری هەڵوێستی شا و حکومەتی ئێران بەرامبەر درێژکردنەوەی مانەوەی بارزانی لە ئەمریکا و ئەگەری داواکردنی بارزانی بۆ پەنابەری سیاسی لێرە بەرز دەنرخێنم.

کیسینجەر نهێنی

راپۆرتی نهێنی و تایبەت ژمارە: BAGHDA01233_b1976

ئامادەکراو لە ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ئۆگۆستی ١٩٧٦

لە بەغداد بۆ: وەزارەتی دەرەوە - وەزیری دەرەوە - ئێران تەهران

**بابەت: حزوری بارزانی لە ئەمریکا**

١- هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە کە حکومەتی عێراق بارزانی وەک هێزێک لێبۆتەوە دادەنێت و ناشتوانێت سەرچاوەی ئیلهام بێت یاخود سەرکردایەتی بەرهەڵستکاری لە ئایندەدا بکات. ناشێت بیر لە ئێستیسنا نەکرێتەوە، وەک دۆخێک شەر نێوان ئێران و عێراق دروست بێت و شا بریار بدات جارێکی تر بارزانی بەکاربهێنێت و یارمەتی بدات بۆ لاوازکردنی بەشێک لە سوپای عێراق.

٢- حکومەتی عێراق گرنگی تایبەت نادات بەوەی بارزانی لە کوێیە ئەگەر خاوەن ماڵەکە هانی نەدات کارەسات و ماڵوێرانی لە عێراق دروست بکات.

٣- بۆ حکومەتی عێراق بارزانی بێ یارمەتی دەرەکی لە موزعجێکی بچوک زیاتر نیە.

لەوانەیە ئەو کێشە دروست بکات نەک بۆ حکومەتی عێراق بەڵکو بۆ ئەمریکا، لە ئێستادا نایکات، بەڵکو دواتر، بەتایبەت پاش دروستبونەوەی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان، یاخود لە کاتی دانوستان لە ئایندەدا بۆ دەستپێکردنەوەی ئەو پەیوەندیانە. ئەوەندە قورس نیە بیربکرێتەوە کە بارزانی لە کۆنگرێس یا لە ڕێگەی چەندین پەیوەندی موتەعاتیف لە ڕۆژنامەکان لە

گەڵیدا دەست بەلۆبیکردن بکات بۆ جۆرێک لە دەسکەوت بۆ کورد وەک نرخێک لە دروستکردنەوەی پەیوەندیەکان نێوان ئەمریکا و عێراق، یاخود لە ڕێکەوتنی دولایەنەی درێژخایانی بواری نەوت و فرینی سیڤیل و هەر بوارێکی تر بێتە ئاراوە.

٤- گرنگە لە یادنەکرێت کە:

ا- حکومەتی عێراق سیاسەتی بەرامبەر بە کوردەکان تەنها بەکاری خۆی دەزانێت و بۆ هیچ لایەنێک نیە لەم مەسەلەیەدا دەستتێوەردان بکات.

ب - پاکەجی ئۆتۆنۆمی کە حکومەتی عێراق عەرزی بارزانی کرد و ئەو رەتیکردەوە پێشنیازێکی نامرۆییانە نەبو، دو خاڵی سەختی پاکەجەکە: کوردەکان دەبێت فێری عەرەبی بن وەک زمانی دوەم و نەوتی کەرکوک بۆ هەمو عێراقە نەک بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئایا هەر حکومەتێکی تر لە عێراق کەمتر لەمە داوا دەکات؟ پێش تەمەرودەکەی بارزانی بەڵگە نەبو کە حکومەتی عێراق پلانی دارشتوە بۆ گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردەکان بۆ دەشتاییەکانی میسۆپۆتامیا.

٥- پێدەچێت گونجاوترە (ئاقڵانەترە) ئەو ئەگەرەمان لە بەرچاو بێت کە بارزانی بریار بدات ئەمریکا جێنەهێڵێت، بۆ ئەوەش بارزانی هاوسۆزی و پشتگیری بەهێزی زۆر بەلای خۆیدا رادەکێشێت و هەوڵەکانی بەردەوام دەبن. بەرەچاوکردنی ئەم ئەگەرە لە ئایندەدا دەبێت حکومەتی ئەمریکا خۆی ئامادە بکات بۆ رازیبون پێێ. ئەگەر ئەوە روبدات، واقیعیە تەرکیز بکرێتە سەر سنوردارکردنی چالاکیە سیاسیەکان بارزانی لە ئەمریکا، سنوردارکردنێک کە حکومەتی ئەمریکا چاوەروانی بکات بارزانی پێی رازی دەبێت. ئەگەر قەناعەتی پێهێنرا لە سەر کوردستان بێدەنگ بێت یاخود بەدوای نزیکبونەوە لە حکومەتی عێراق بگەرێت، لەوانەیە بتوانین ئەوە بەکاربهێنین بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ حکومەتی عێراق بۆ گۆرینی هەڵوێستیان لە سەر بابەتێک کە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا شیانی بایەخدانە (بۆ نمونە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن - عدم الانحیاز - لە کۆبونەوی داهاتوی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە شوێنی تر).

٦- بەرەچاوکردنی پەیوەندی درێژخایانی ئەمریکا و عێراق، بەگرنگی دەزانم کەسێک بەوردی چاو بە موعاهەدەی رادەستکردنەوەی ساڵی ١٩٣٧ نێوان ئەمریکا و عێراقدا بخشێنێتەوە (کۆپیمان نیە). ئەگەر موعاهەدەکە هێشتا بەکارە یا لە گەڵ دەستپێکردنەوەی پەیوەندیەکان زیندو بکرێتەوە، چی روودەدات ئەگەر حکومەتی عێراق موعاهەدەکە بەکاربهێنێت تا بارزانی بۆ دادگاییکردنی بگەرێنێتەوە بۆ عێراق. KILLOUGH نهێنی.

٦ی جوولای ٢٠١٩

## باڵویزی تورکیا: هەندێک عەناسری پارتی یارمەتی پەکەکە دەدەن



### بەشی: ١٣

راپۆرتی نهێنی ژمارە: BAGHDAD1097_a88

ئامادەکراو لە: یەکشەممە ٢٨ی شوباتی ١٩٨٨

لە بەغداد بۆ وەزیری دەرەوە، ئوردون، کوێت، روسیا، سعودیە، سوریا، تورکیا (ئەدەنە و ئەنقەرە)

**بابەت: تەمەرودی کوردی لە عێراق و تورکیا**

### لە خاڵە گرنگەکانی ئەم راپۆرتە:

٣- بەهەڵسەنگاندنی باڵیۆزی تورکیا، KOKSAL، یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئەجێندای کۆبونەوە لە دوا سەردانی وەزیری ناوخۆی ئێران بۆ ئەنقەرە پشتگیری ئێران بو بۆ چالاکیەکانی پەکەکە بەرێگەی کامپی مەشق پێکردن لە ئێران و یارمەتیدانیان لە بنکەکانیان لە عێراق. پشتگیری ئێران بۆ پەکەکە گۆرانکاریەکە لە ساڵی دواییدا بەرچاو دەکەوێت، ئێرانیەکان پێشتر پشتگیری حزبە سیاسیە رادیەکاڵیەکانیان لە تورکیا کردوە و ئەمە بەدڵی زۆربەی خەڵکی تورکیا نەبوە و بۆیە ئێرانیەکان هەوڵی تەکتیکێکی نوێ دەدەن.

٤- KOKSAL وتی وێرای ئەوەی ئێران گەرەنتی بە تورکیا داوە کە هیچ یارمەتیەکی پەکەکە نادات، عەناسرێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی مسعود بارزانی یارمەتی پەکەکەیان داوە، KOKSAL هۆکارەکەی گەراندەوە بۆ لاوازی کۆنترۆڵکردنی مسعود بەسەر هێزە ڕێکنەخراوەکەیدا. لە لێدوانێکی جیادا OKCUN، بەرپرسێکی باڵای تورکیا، تێبینی دا کە پارتی دیموکراتی کوردستان پاش کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی ساڵێک لەمەوبەر لە "جۆرێک بێئومێدیدا" گیرساوەتەوە.

٥- OKCUN وتی ئاپۆ ئۆجالان (سەرۆکی پەکەکە و نیشتەجێ لە سوریا) دانوستانی لە گەڵ جلال تاڵەبانی، بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کردوە، پێدەچێت ئەمە بەهاندان و وەساتەتی سوریا بێت. تاڵەبانی مەبەستیەتی "پێگەی سەرکردەی هەمیشەیی کورد" بەدەست بهێنێت و بۆیە پەکەکەی وەک هاوپەیمانێک دەوێت. ئەمەش کاتێک پەکەکە رەفتاری خۆی بگۆرێت، بەپێی قسەکانی OKCUN تاڵەبانی چاوەروان دەکات تا ئەو کاتە دێت کە پەکەکە سودبەخش دەبێت بۆی تا دژی بارزانی بیان جوڵێنێت. خاڵەکانی ڕێکەوتنی تاڵەبانی و ئۆجەلان بریتین لە:

- کۆتایی هێنان - لە ئێستادا - بەپەلامارەکانی پەکەکە بۆ سەر خەڵکی سیڤیل،
- وەستاندنی کوشتنی کورد، بەتایبەت لە ئەوروپا، لەلایەن پەکەکەوە،
- وەستان دژی پارتی بە هەمو هێزێکیانەوە لە کاتێکدا "کاتەکە گونجاو بێت". OKCUN وتی کە مایەی سەرسورمانە کە پەکەکە مۆتۆربەی یەکێتی دەکات کە گۆرەپانی تەقلیدی چالاکیەکانی لە دەوروبەری سلێمانیە نەک بەدرێژایی سنوری عێراق و تورکیا کە بۆ پەکەکە زۆر گرنگە، بەڵام پێی وابو گرنگترین فاکتۆر تورەبونە بەرامبەر بەفشارەکانی مسعود لە سەر پەکەکە و لاوازی کۆنترۆلی مسعود

کە ڕێگەخۆشکەر بوە پەکەکە بنکەکانی لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی بەکاربهێنێت ویرای دوژمنایەتیان لە گەڵ مسعودا. OKCUN وتی لە ماوەی شەش هەفتەی رابوردودا کەمبونەوەیەکی بەرچاوی هێرشەکان پەکەکە رویداوە، تەنانەت بۆ سەر جەندرمەش، هۆکارەکەشی گەراندەوە بۆ ڕێکەوتنی ئۆجەلان - تاڵەبانی - سوریا.

٦- OKCUN ئاماژەشی دا بەوەی کە هۆکاری مەراقێکی تر لە شەش مانگی رابوردودا سەری هەڵداوە: بەکارهێنانی چەکی تازە لەلایەن پەکەکەوە کە لە عێراقی وەرگرتوە. وتیشی تورکەکان لەو باوەرەدان ئەم چەکانە دەسکەوتی شەر نین، چونکە تازەن و یەک زنجیرە ژمارەیان هەیە.

٧- کۆمێنت: مێژوی کوردەکان، بەلایەنی کەمەوە لە کوردستانی عێراق، ئەوەیە کە بەردەوام ئامادەن شەری لایەنی دەرکی کە

کورد نیە بکەن و زۆربەی جار شەری یەکتریش دەکەن. دۆخی ئێستای پەکەکە و پارتی و دوژمنایەتی بەردەوامی پارتی و یەکێتی سیاسەتەکانی کوردەکانی عێراق نمایش دەکەن.

٩ی جوولای ٢٠١٩

## بەرهەم ساڵح لە تورکیا هێرشی توندی کردۆتە سەر پەکەکە،

## بەڵام لەگەڵ بژاردەی سەربازی نەبووە لە دژیان



### بەشی: ١٤

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ANKARA6279_a03

ئامادەکراو لە: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣

لەلایەن EDELMAN کارمەندی باڵیۆزخانە

لە کورتەی ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: سەرۆک وەزیرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرهەم صالح، لە ٦ - ٧ی ئۆکتۆبەر سەردانی ئەنقەرەی کرد و لە گەڵ کارمەندانی تورکیا کۆبۆتەوە، دانیشتنیشی لە گەڵ کارمەندە باڵاکانی باڵیۆزخانەکەمان کردوە.

**لە خاڵە گرنگەکانی ڕاپۆرتەکە:**

١- صالح بە ئێمە و تورکەکانی ڕاگەیاند کە یەکێتی مەبەستیەتی پەکەکە و هەوادارانی باکوری عێراق جێبهێڵن، وتیشی ئەم کارە پێویستی بە کارکردنی توندی هاوبەشی یەکێتی و پارتی هەیە و یەکێتی و سەرکردەکەی، جلال تاڵەبانی، یامادەی یارمەتیدانن. هەروەها صالح پێی ڕاگەیاندین کە لە ئێستادا بژاردەی سەربازی بەرامبەر پەکەکە و هەوادارانی

بەکارنەهێنین....

٥- مفەوزی باڵیۆزخانە ئاماژەی دا بەوەی کە ئەمریکا پابەندە بە لەناوبردنی مەترسیەکانی پەکەکە و کۆنگرەی نەتەوەیی لە عێراق و لەو باوەڕەداین یاسای خۆگونجاندنەوەی تورکیا دەرفەتێکە بۆ زۆربەی عەناسری پەکەکە و هەوادارانی لە عێراق تا بگەڕێنەوە و لە تورکیا نیشتەجێ ببنەوە، هەر کارێک یەکێتی بیکات تا یارمەتیان بدات تێبگەن ڕێگایان پێنادرێت لە عێراق بمێننەوە مایەی دەستخۆشیکردنە لەلایەن ئەمریکاوە. لە وەڵامدا صالح وتی گەرنەوەی ژمارەیەکی زۆر لێیان پێویستی بە هاریکاری توندی پارتی و یەکێتیە و جەختیشی کردەوە کە ئەمریکا لە بەکارهێنانی هێز بەرمبەر پەکەکە لەم ساتەدا خۆی لابدات.

**سەبارەت بە پەکەکە و ئەگەری گەرانەوەیان بۆ تورکیا صالح وتی:**

"ئێمەش ئەوانمان لە عێراق ناوێت، سەرکردەکانیان کەسانی خراپن، bad guys و هەوادارانیان بەرامبەر بە واقیع کوێرن، من باوەرم پێیان نیە و درۆزنی ئینتیهازین،م ئەگەر بتوانن خۆتان لێیان رزگار بکەن کارێکی زۆر باشە بۆ ئێمە".

صالح بەڵێنیشی دا تاڵەبانی و یەکێتی هاریکاری ئەمریکا لە هەوڵەکانی دژ بە پەکەکە و هەوادارانی دەکات، پێشی وابو بارزانیش یارمەتی بدات، بەتایبەت ئەگەر ئەمە کۆتایی بونی هێزەکانی تورکیا لە باکوری عێراقی لێبکەوێتەوە. صالح وتی دەبێت بارزانی و پارتی تێبگەن کە سودمەن و یاریدەدەر نابێت تا تەواجدی پەکەکە و کۆنگرەی نەتەوەیی وەک فشار بۆ سەر تورکیا بەکاربهێنن. صالح وتی کەسانێک هەن لە ئەوروپا یەکێتی دەتوانێت قسەیان لە گەڵ بکات تا یارمەتی بدەن دژ بە پەکەکە و کۆنگرەی نەتەوەیی و تورکیاش هەوڵبدات تا ئۆجەلانیش یارمەتیان بدات.

**سەبارەت بە دەستوری عێراق و کەمایەتیەکان لە خاڵی ٦ ڕاپۆرتەکەدا هاتوە:**

٦- صالح پێی وتین لە کۆبونەوەیدا لە گەڵ Ziyal جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بەیانی ئەمرۆدا، دەرکەوت کە Ziyal تەرکیزی کردە سەر دەستوری عێراق و فیدراڵیزم و کەمایەتیەکان. صالح وتی بە Ziyal ی وتوە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٠ بۆ ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان بوە (نەک بۆ گروپێکی ئیتنی تایبەت لە هەرێمەکە)، دەکرێت ببێتە بناغەیەک بۆ لێدوان لە پرۆسەی دەستوردا، وتیشی کوردەکانی عێراق جۆرێک لە مۆدێل بۆ چارەی دۆخی کەرکوک پەسند دەکەن. صالح داوای لە تورکیا کردوە هانی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی بدەن تا بەیەکەوە لە گەڵ یەکێتی کاربکەن.

١٠ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## تاڵەبانی داوایەکی پەکەکەی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەمەریکیەکان ڕەتکردۆتەوە



بەشی: ١٥

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDAD303905

ئامادەکراو لە: ٢١ - ٧ - ٢٠٠٥

سەرچاوە: باڵیۆزخانە لە بەغداد

بابەت: تاڵەبانی و بارزانی ڕەتیدەکەنەوە پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە بدات.

ئەمە بەشێکە لە تەلەگرافە ئەسڵیەکە، هەمو دەقی تەلەگرافە ئەسڵیەکە لە بەردەستدا نیە.

پێداجونەوە لە لایەن: مولحەقی باڵیۆزخانە David M. Satterfield

١- لە ١٩ی تەموز مولحەق لە گەڵ سەرۆک تاڵەبانی باسی لەو ڕاپۆرتە کرد کە تێیدا هاتوە پەکەکە پلانرێژی بۆ ئۆپەراسیۆنێک لە باکوری عێراق دەکات. تاڵەبانی ئاماژەی دا بەوەی لە واقیعدا لە هەرێمی کوردستان دو گروپی پەکەکە هەن، وەک ئەو وتی یەکێکیان کاری تێرۆریستی لە تورکیا ئەنجام دەدات، ئەم گروپە ئەندامانی پەکەکەی بۆ دەرەوەی عێراق ناردوە و پێدەچێت بۆ ئۆپەراسیۆنێک جوڵەیان پێکرا بێت، گروپی دوەم گەشە دەکات و ئەندامەکانی دەیانەوێت لە شوێنەکانی خۆشاردنەوەیان لە عێراق" لە ئاشتیدا بژین" تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق وەک پەنابەر وەریان دەگرێت.

تاڵەبانی وتی پەکەکە داوایان لێکردووە کە میوانداری دانیشتنێک لە گەڵ حکومەتی ئینتیقالی عێراق و حکومەتی ئەمریکا بکات. تاڵەبانی وتی ڕاشکاوانە پێشنیازەکەی ڕەتکردۆتەوە.

٢- لە ٢١ی تەموز مولحەق لە گەل بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە مەترسی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکەن کرد و داوای لە بارزانی کرد یارمەتی پەکەکە نەدات. لە وەڵامدا بارزانی رایگەیاند کە ئاگای لەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە نیە. زیادە بۆ ئەمەش پارتی هیچ شتێکی نیە لە گەڵ پەکەکە بیکات، وتیشی: ئەوان لە روی ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە رکابەری یەکترن. لە بەردەوامی قسەکانیدا بارزانی وتی: پێویستە سوپای تورکیا تێبگات کە چارەی سەربازی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا نیە، گروپی چەکداری پەکەکە لە دیاربەکر، بنگۆڵ و ئەستانبوڵ هەن و هەروەها لە شارەکانی تری تورکیا. تورکیا دان بەم واقیعەدا بنێت.

بارزانی لە درێژەی قسەکانیدا وتی بێجگە لە گۆرانی و کتێب بەزمانی کوردی تورکەکان دانیان بە کورد وەک گروپێکی جیاواز نەناوە. لە باتی ئەوە پێیان باشترە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا گلەیی لە کوردستانی عیراق و تایبەت لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن.

**BAGHDAD462506**

ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ١٩ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ دا نێردراوە بۆ واشنتۆن بەناونیشانی بارزانی و تاڵەبانی باسی پەکەکە و پەیوەندیەکان لە گەڵ تورکیادا لە گەڵ باڵیۆز دەکەن. ڕاپۆرتەکە لەلایەن بەشی هەواڵگریەوە ئامادەکراوە و بە پابەند بە ئاسایشی نەتەوییەوە پۆلێن کراوە و بابەتی ڕاپۆرتەکە بە تێرۆریستەکان و تێرۆریزم و تورکیا پێناسەکراوە.

پێداچونەوە: باڵیۆز Zalmay Khalilzad

**کورتەیەک:**

١- لە دانیشتنی جیادا بارزانی (کدپ) و تاڵەبانی (ینک) کۆمێنتیان دا کە حکومەتی تورکیا شتەکان بۆ مەرامی سیاسی ناوخۆی تورکیا گەورە دەکات. بارزانی هاریکاری کردنی پەکەکەی ڕەتکردەوە و جەختی کردەوە لەوەی کە پێویستە لێدوانە سێ قۆڵیەکان دەست پێبکات و ناردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ مەسەلەی پەکەکە، ژەنەراڵ Ralston هەنگاوی کۆنکرێت و

دیاریکراو بۆ چارەی بابەتەکە دەستنیشان بکات. لە دانیشتنێکی تری جیا لە گەڵ سەرۆک جلال تالەبانی هەمان هەڵسەنگاندنی هەبو. کۆتایی کورتە باسەکە.

٢- لە تازەترین دانیشتن لە گەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، باڵیۆز باسی خەمی ئێستای تورکیا سەبارەت بە چالاکبونی پەکەکە کرد. بەشێکی ئەو مەراقە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگۆکەی کۆتایی هێنانی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە و لە چەند هەفتەی دواییشدا هێرش کراوەتە سەر سەربازەکانی تورکیا، زیادە بۆ ئەمانەش پارتی دیموکراتی کوردستان بە یارمەتیدانی پەکەکە تۆمەتبار کراوە.

٣- بارزانی لە وەڵامدا وتی: گومانی هەیە کە پەکەکە یەکلایەنە بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ بدات، وتیشی دەبێت پارتی قورسایی خۆی بخاتە گەڕ تا پەکەکە پابەندی ئاگربەستەکە بێت، سەبارەی بە تۆمەتکردنی پارتی بە یارمەتیدانی پەکەکە بارزانی وتی تەواوی هەواڵەکە ڕاست نیە و باسی ئەو حاڵەتانەی کرد کە پارتی یارمەتی دەسەڵاتی تورکیای دژ بە پەکەکە داوە. بارزانی پێی وایە کە فەرمانڕەوا سەربازیەکانی تورکیا دۆخەکە زل دەکەن لە هەوڵدانێکدا تا سەرۆک وەزیرانی تورکیا بخەنە ژێر فشارەوە بۆ دابینکردنی بودجەی زۆر بۆ بەرگری.

بارزانی تێبینی دا کە پەکەکە چەند "بوقعەیەک"ی پشتگیرکەرانی لە ناو تورکیادا هەیە و پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێزە سەربازیەکانی تورکیا دودڵن لە بەرەنگاربونەوەیان لە ناو تورکیادا.

٤- بارزانی کۆمێنتەکەی زێباری، وەزیری دەرەوە، دوپات کردەوە کە لێدوانە سێ قۆڵیەکان پێویستی بەرەوپێشچون هەیە. زیاتر لەمەش بارزانی ئاماژەی دا کە پێویستە ناردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ مەسەلەی پەکەکە، ژەنەراڵ Ralston، پلانێک سازبکات تێیدا هەنگاوە تایبەتەکان دیاری بکات کە زەمینە سازی بۆ چارەیەکی دیبلۆماسیانە بکەن، بارزانی وتی پێویستە ئەم پلانە لێدوانی سێ قۆڵیەکان و کامپی مەخموریش لە خۆ بگرێت و ڕاشیگەیاند کە لێبوردن بۆ ئەندامانی پەکەکە وەک بابەتی سەرەکی بمێنێتەوە.

٥- بارزانی ویستی بۆ بەشداریکردن لە لێدوانەکان دوبارە کردەوە، تێبینیشی دا کە ڕەتکردنەوەی تورکیا بۆ شاندێک مالیکی دەستنیشانی کردبو بۆ باسکردن لە مەسەلەی پەکەکە ڕێگر بو لە چارەسەرکردن. بە بۆچونی بارزانی حکومەتی تورکیا شاندەکەی ڕەتکردەوە چونکە مالیکی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، وەک جێگری سەرۆکی شاندەکەی حکومەتی عێراق دانابو (تێبینی: کاتێک بۆ یەکەم جار بیرۆکەی لێدوانی سێ قۆڵی لە مانگی ئۆگۆست باسکرا حکومەتی

تورکیا رایگەیاند کە شاندی حکومەتی عیراق بەبەرپسیاریەتی کورد قبوڵ ناکات، کارمەندە باڵاکانی حکومەتی عێراق. لەوانەش مالیکی، پرسیاریان لە سەر مەنتقیەتی ئەم داوایە کرد، وتیان ئەم بابەتە پێشتر لە گەڵ کارمەندانی حکومەتی هەرێم چارە دەکرێت. لە دوا مەتافدا مالیکی ئەمەی قبوڵ کرد و وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نێستمانی، شیروان الوالی، بە سەرۆکی شاندەکە دانا، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ لێدوانی سێ قۆڵی روینەداوە. کۆتایی کۆمێنت). بارزانی وتی حکومەتی تورکیا داوای یارمەتی لە کوردەکان دەکات و لێدوانەکانیش لە سەر بابەتێکی وا رادەگرن.

١١ی جوولای ٢٠١٩

---

## توغان: کەرکوک گەورەترین کەرەستەی تەقینەوەی تێدایە



### بەشی: ١٦

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە ANKARA418, 05ANKARA42505**

**سەرچاوە: باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە**

**نێردراو لە ١٩ی کانونی دوەمی ٢٠٠٥**

**ئامادەکراو لە لایەن: باڵیۆز Eric S. Edelman**

**بابەت: پەیوەندیەکانی تورکیا - ئەمریکا و کەرکوک**

**پوختەیەک**: جێگری وەزیری دەرەوە Tuygan لە ١٨ی کانونی دوەم بە باڵیۆزی وتوە کە تاکە کێشەی گرنگ لە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکادا عێراقە. یەکێک لە خاڵەکانی ئەو کێشەیە, وەک جێگرەکە باسی کردوە، پشتگوێخستنی بەردەوامی ئەمریکایە بۆ ئاگادارکردنەوەکانی تورکیا سەبارەت بە ڕوداوەکان لە کەرکوک. خاڵی دوەمی ڕاپۆرتەکە باس لە قورسایی عێراق لە سەر پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا دەکات:

٢- جێگری وەزیری دەرەوە، علی توغان، لە ١٨ی کانونی دوەم، باڵیۆزی بۆ نوسینگەکەی خۆی بانگێش کرد، دو کارمەندی باڵای تری وەزارەت ئامادە بون و دانیشتنەکە بۆ باسکردنی عێراق تەرخان کرابو. توغان ئاماژەی دا بەوەی نێوان وڵاتەکەی

و ئەمریکا لە شوێنەکانی تر کێشەی ئەوتۆیان نیە و هەمو کێشەکانی نێوانیان لە باشوردا گرتبونەتەوە. باڵیۆز لە وەڵامدا وتی لەو باوەڕەدایە ئەمریکا و تورکیا هەمان ئامانجیان هەیە لە عێراقێکی یەکگرتو و دیموکرات و نەبێتە گۆرەپانی تێرۆریستەکان. لە درێژەی قسەکانیا باڵیۆز وتی جیاوازیان لە شێوازی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەدایە... بۆ ئێمە دیالۆگ گرنگە ئەگەر لە سەر هەمو شتەکانیش ڕێکنەکەوین.

٣- توغان سێ جۆر کێشەی تایبەت بە عێراقی دیاری کرد: یەکەم هەستێک لە ئەنقەرە هەیە کە پشکی تورکیا لە پرۆسەی سیاسیسدا هەڵسەنگاندنی ئەرێنی بۆ ناکرێت.

لە خاڵی ٧ی ڕاپۆرتەکەدا بەناونیشانی: گەورەترین خەمی تورکیا: کەرکوک، هاتوە؛

٧- Tuygan وتی بابەتی سێیەم، مەسەلەی کەرکوکە، کە گەورەترین کەرەستەکانی تەقینەوەی تێدایە. بەپێی کۆمسیۆنی پێشوی هەڵبژاردنەکان کوردەکان لە کەرکوک لە بەرامبەر دابینکردنی تۆمارکردنێکی بەرفراوان بۆ دەنگدان رازی بون بەشداری هەڵبژاردن لە کەرکوک بکەن.... ئەگەر ئەم نەریتە بەردەوام بێت کوردەکان " ئەنجامێک شێواو" دروست دەکەن. وەزیری دەرەوەش، گوێڵ، هەمان خەمی هەیە

٨- پێشنیازی سەرەتایی بۆ دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بەرێژەی:

١٢ - ١٢ - ١٢ - ٥ لە لایەن هەمو هێزەکانەوە، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی مسعود بارزانی، پەسندکرا. بەبراوی بارزانی کوردەکان تا نیوەی کورسیەکانی شارەوانی دەبەنەوە، بۆیە پارتی بەردەوام لە دەرەوەی ڕێکەوتنەکە بوە..... تاد.

٩- لە وەلامدا باڵیۆز وتی: حکومەتی ئەمریکا هەستیاری کەرکوک بۆ تورکیا تێدەگات، زیاتر بۆ ئەمە ئێمەش هاوهەستین سەبارەت بەهەمان خەم بۆ ململانێی عرقی لە کەرکوک. کەرکوک لە لایەن رژێمی سەدامەوە دوچاری چەندین پلان بۆتەوە، پێویستە بەشێوەیەکە یاسایی و شەفاف مامەڵەی راست بکرێت لە گەڵ هەمو قوربانیەکانی، بەو عەرەبانەی کە لە باشورەوە لەوێ نیشتەجێ کراون و ئەو تورکمان و کوردانەی دەرکراون.

١٠- جێگری وەزیر گەرایەوە بۆ سەرەتای قسەکانی و لەو میانەیەدا وتی: ڕوداوەکان لە سەر ئەرزی واقیع "کێشەن" و دەبێت



سەرچاوە
Serchawe

کەرکوک ببێتە "نمونەیەک بۆ تاقیکردنەوە" بۆ تورکیا و ناوچەکە.

## مام جلال و پەکەکە و تورکیا

تەلەگرافی باڵیۆزخانەی ولایەتە یەکگرتوەکان - BAGHDAD303905

کۆدە: BAGHDAD303905

سەرچاوە: باڵیۆزخانە بەغداد

ئامادەکراوە لە: ٢١ - ٧ - ٢٠٠٥ - ٠٠:١٧:٥٤

پۆلێنکردن: نهێنی

بابەت: تاڵەبانی و بارزانی ڕەتیدەکەنەوە پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە بدات.

ئەمە بەشێکە لە تەلەگرافە ئەسڵیەکە، هەمو دەقی تەلەگرافە ئەسڵیەکە لە بەردەستدا نیە.

پێداچونەوە لە لایەن: مولحەقی باڵیۆزخانە David M. Satterfield

١- لە ١٩ی تەموز مولحەق لە گەڵ سەرۆک تاڵەبانی باسی لەو ڕاپۆرتە کرد کە تێیدا هاتوە پەکەکە پلانڕێژی بۆ ئۆپەراسیۆنێک لە باکوری عێراق دەکات. تاڵەبانی ئاماژەی دا بەوەی لە واقیعدا لە هەرێمی کوردستان دو گروپی پەکەکە هەن، وەک ئەو وتی یەکێکیان کاری تیرۆریستی لە تورکیا ئەنجام دەدات، ئەم گروپە ئەندامانی پەکەکەی بۆ دەرەوەی عێراق ناردوە و پێدەچێت بۆ ئۆپەراسیۆنێک جوڵەیان پێکرا بێت، گروپی دوەم گەشە دەکات و ئەندامەکانی دەیانەوێت لە شوێنەکانی خۆشاردنەوەیان لە عێراق" لە ئاشتیدا بژین" تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق وەک پەنابەر وەریان دەگرێت.

تاڵەبانی وتی پەکەکە داوایان لێکردوە کە میوانداری دانیشتنێک لە گەڵ حکومەتی ئینتیقالی عێراق و حکومەتی ئەمریکا بکات. تاڵەبانی وتی راشکاوانە پێشنیازەکەی ڕەتکردۆتەوە.

٢- لە ٢١ی تەموز مولحەق لە گەل بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، باسی ئەو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە مەترسی ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکەن کرد و داوای لە بارزانی کرد یارمەتی پەکەکە نەدات. لە وەڵامدا بارزانی ڕایگەیاند کە ئاگای لەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە نیە. زیادە بۆ ئەمەش پارتی هیچ شتێکی نیە لە گەڵ پەکەکە بیکات، وتیشی: ئەوان



سەرچاوە
Serchawe

لە روی ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە رکابەری یەکترن. لە بەردەوامی قسەکانیدا بارزانی وتی: پێویستە سوپای تورکیا تێبگات کە چارەی سەربازی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا نیە، گروپی چەکداری پەکەکە لە دیاربەکر، بنگۆڵ و ئەستانبوڵ هەن و هەروەها لە شارەکانی تری تورکیا. تورکیا دان بەم واقیعەدا بنێت.

بارزانی لە درێژەی قسەکانیدا وتی بێجگە لە گۆرانی و کتێب بەزمانی کوردی تورکەکان دانیان بە کورد وەک گروپێکی جیاواز نەناوە. لە باتی ئەوە پێیان باشترە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا گلەیی لە کوردستانی عیراق و تایبەت لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن .

١٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# تورکیا داوا لە ئەمەریکا دەکات بەرامبەر بارزانی توندبێت



## بەشی: ١٧

**ڕاپۆرتی نهێنی ANKARA6400_a05**

**ئامادەکراو لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥**

**بابەت: تورکیا داوا لە ئەمریکا دەکات بەرامبەر بارزانی توند بێت لەسەر پەکەکە و کەرکوک**

٢- Oguz Celikkol بەڕێوەبەری گشتی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست لە وەزارەتی دەرەوە لە ٢٤ی ئۆکتۆبەر داوای لە مولحەقی سەربازی کرد بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا لە کاتی سەردانی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (بۆ واشنتۆن) بەتوندی پەیامێک ئاراستەی پەکەکە و خوازیارانی بەرفروانکردنی پێگەی کوردی، (بەتایبەت لە کەرکوک و هەروەها لە نەینەوا) بکەن. Celikkol تەئکیدی کرد کە ئەم داوایەی لەسەر رۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزیر کردوە، زیادە بۆ ئەمەش داوای کردوە کە نەک تەنها بەرامبەر بارزانی توند بین بەڵکو لە ڕاگەیاندنەکانیشدا باسی بکرێت.

٣- Celikkol دۆکیۆمێنتێکی چوار پەرەی پێداین ( بەتورکی نوسرابو) دەرباری لێدوانە (ئاگرین و رەفزکراوەکانی) بارزانی سەبارەت بە تورکیا لە ماوەی ساڵی ڕابوردودا.

٤- Celikkol لە سەر بەهێزکردنی پێگەی کورد ئیدیعای کرد کە کارەکانی بارزانی، تایبەت لە کەرکوک و موسڵ، لە ناو عێراق و دراوسێکاندا لێکدانەوەی بۆ کراوە کە دژ بەسەروەری عێراقن و بۆ جیابونەوەی کوردە. تورکیا مەراقیەتی کە بارزانی کاردەکات تا بەشێک لە ناوچەکانی پارێزگای کەرکوک و موسڵ بکەونە ژێر کۆنترۆڵی کوردەوە، هیواشی خواست ئەمریکا پەیامێکی توند لەمەر ئەم بابەتانە ئاراستەی بکات.

لە وەڵامدا مولحەق پێی وت بەراپۆرتێک داواکەی تورکیا بۆ واشنتۆن دەنێرێت، پێشی وت کە پاراستنی سەروەری عێراق و پێویستی وەرگرتنی ئیجرائات بەرامبەر بە پەکەکە سیاسەتی ئەمریکایە و لە سەردانی بارزانی بۆ واشنتۆن باس دەکرێن.

**BAGHDAD462506**

ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە ١٩ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ دا نێردراوە بۆ واشنتۆن بەناونیشانی بارزانی و تاڵەبانی باسی پەکەکە و پەیوەندیەکان لە گەڵ تورکیادا لە گەڵ باڵیۆز دەکەن. ڕاپۆرتەکە لەلایەن بەشی هەواڵگریەوە ئامادەکراوە و بە پابەند بە ئاسایشی نەتەوییەوە پۆلێن کراوە و بابەتی ڕاپۆرتەکە بە تێرۆریستەکان و تێرۆریزم و تورکیا پێناسەکراوە.

پێداچونەوە: باڵیۆز Zalmay Khalilzad

**کورتەیەک:**

١- لە دانیشتنی جیادا بارزانی (کدپ) و تاڵەبانی (ینک) کۆمێنتیان دا کە حکومەتی تورکیا شتەکان بۆ مەرامی سیاسی ناوخۆی تورکیا گەورە دەکات. بارزانی هاریکاری کردنی پەکەکەی ڕەتکردەوە و جەختی کردەوە لەوەی کە پێویستە لێدوانە ںێ قۆڵیەکان دەست پێبکات و ناردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ مەسەلەی پەکەکە، ژەنەراڵ Ralston هەنگاوی کۆنکرێت و دیاریکراو بۆ چارەی بابەتەکە دەستنیشان بکات. لە دانیشتنێکی تری جیا لە گەڵ سەرۆک جلال تاڵەبانی هەمان هەڵسەنگاندنی هەبو. کۆتایی کورتە باسەکە.

٢- لە تازەترین دانیشتن لە گەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی، باڵیۆز باسی خەمی ئێستای تورکیا سەبارەت بە چالاکبونی پەکەکە کرد. بەشێکی ئەو مەراقە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگۆکەی کۆتایی هێنانی ئاگربەست لەلایەن پەکەکەوە و

لە چەند هەفتەی دواییشدا هێرش کراوەتە سەر سەربازەکانی تورکیا، زیادە بۆ ئەمانەش پارتی دیموکراتی کوردستان بە یارمەتیدانی پەکەکە تۆمەتبار کراوە.

٣- بارزانی لە وەڵامدا وتی: گومانی هەیە کە پەکەکە یەکلایەنە بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەر بدات، وتیشی دەبێت پارتی قورسایی خۆی بخاتە گەر تا پەکەکە پابەندی ئاگربەستەکە بێت، سەبارەی بە تۆمەتکردنی پارتی بە یارمەتیدانی پەکەکە بارزانی وتی تەواوی هەواڵەکە راست نیە و باسی ئەو حاڵەتانەی کرد کە پارتی یارمەتی دەسەڵاتی تورکیای دژ بە پەکەکە داوە. بارزانی پێی وایە کە فەرمانرەوا سەربازیەکانی تورکیا دۆخەکە زل دەکەن لە هەوڵدانێکدا تا سەرۆک وەزیرانی تورکیا بخەنە ژێر فشارەوە بۆ دابینکردنی بودجەی زۆر بۆ بەرگری.

بارزانی تێبینی دا کە پەکەکە چەند " بوقعەیەک" ی پشتگیرکەرانی لە ناو تورکیادا هەیە و پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی هێزە سەربازیەکانی تورکیا دودڵن لە بەرەنگاربونەوەیان لە ناو تورکیادا.

٤- بارزانی کۆمێنتەکەی زێباری، وەزیری دەرەوە، دوپات کردەوە کە لێدوانە سێ قۆڵیەکان پێویستی بەرەوپێشچون هەیە. زیاتر لەمەش بارزانی ئاماژەی دا کە پێویستە ناردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ مەسەلەی پەکەکە، ژەنەراڵ Ralston، پلانێک سازبکات تێیدا هەنگاوە تایبەتەکان دیاری بکات کە زەمینە سازی بۆ چارەیەکی دیبلۆماسیانە بکەن، بارزانی وتی پێویستە ئەم پلانە لێدوانی سێ قۆڵیەکان و کامپی مەخموریش لە خۆ بگرێت و راشیگەیاند کە لێبوردن بۆ ئەندامانی پەکەکە وەک بابەتی سەرەکی بمێنێتەوە.

٥- بارزانی ویستی بۆ بەشداریکردن لە لێدوانەکان دوبارە کردەوە، تێبینیشی دا کە رەتکردنەوەی تورکیا بۆ شاندێک مالیکی دەستنیشانی کردبو بۆ باسکردن لە مەسەلەی پەکەکە رێگر بو لە چارەسەرکردن. بە بۆچونی بارزانی حکومەتی تورکیا شاندەکەی رەتکردوە چونکە مالیکی کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، وەک جێگری سەرۆکی شاندەکەی حکومەتی عێراق دانابو (تێبینی: کاتێک بۆ یەکەم جار بیرۆکەی لێدوانی سێ قۆڵی لە مانگی ئۆگۆست باسکرا حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە شاندی حکومەتی عیراق بەبەرپسیاریەتی کورد قبوڵ ناکات، کارمەندە باڵاکانی حکومەتی عێراق. لەوانەش مالیکی، پرسیاریان لە سەر مەنتقیەتی ئەم داوایە کرد، وتیان ئەم بابەتە پێشتر لە گەڵ کارمەندانی حکومەتی هەرێم چارە دەکرێت. لە دوا مەتافدا مالیکی ئەمەی قبوڵ کرد و وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نێستمانی، شیروان الوالی، بە سەرۆکی شاندەکە دانا، لەو کاتەوە تا ئەمرۆ لێدوانی سێ قۆڵی روینەداوە. کۆتایی کۆمێنت). بارزانی وتی حکومەتی تورکیا داوای یارمەتی لە کوردەکان دەکات و لێدوانەکانیش لە سەر بابەتێکی وا رادەگرن.



سەرچاوە
Serchawe

**لە ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDAD244605،**

**ئامادەکراو لە ٩ - ٦ - ٢٠٠٥ لە لایەن**

**James F. Jeffrey مولحقی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد و سەبارەت بەکەرکوک لە خاڵی ٦ لە بابەتی - باشبونی پەیوەندیەکان لە کەرکوک - دا هاتوە:**

تاڵەبانی وتی باوەری هەیە کە عێراق روبەروی "هەلیکی زێرین" بۆتەوە بۆ چارەکردنی کێشەکانی کەرکوک و لە گەڵ بارزانیشدا لەم رووەوە لێدوانی کردوە. تاڵەبانی وتی خۆی پێشوازی لە فاروق عبدالله، سەرۆکی بەرەی تورکمانی عێراقی، کردوە و گەیشتۆتە رێکەوتن لە گەڵیدا کە تورکمانەکان شایستەی رۆڵێکن لە بەرێوەبردنی کەرکوکدا. تاڵەبانی وتی بارزانی قەناعەت پێکردوە تا بەیەکەوە لە گەڵ بەرەی تورکمانی کاربکەن ، زیادەش بۆ ئەمە وتی پێی وایە هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لە ناوچەکە باشتر بوە. تاڵەبانی لە گەڵ مولحقی باڵیۆزخانە هاورا بو کە لە شاری حەویجە کاری تیکدەرانە رودەدات، تایبەت لە لایەن ئەنسارولسنەوە... تاڵەبانی پێی باشە کە هێزەکانی عێراق و ئەمریکا هەماهەنگیان هەبێت لە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوە و گرتن لەو ناوچەیەیەدا.

تاڵەبانی راشیگەیاند "پێویستە قەناعەت بە عەرەبەکان بهێنین لە گەڵماندا بژین"، لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "حەویجە بەردەوام مۆلگەی بەهێزی بەعسیەکانی سوریا و بەعسیەکانی سەدام بوە".

١٤ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## نەوشیروان مستەفا:

## ئەمریکا ئەم میکانیزمەی خوڵقاند لەسەر حسابی کورد بۆ یاریکردن بەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان



بەشی: ١٨

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: KIRKUK1106

ئامادەکراو لە: ٢٨ - ١ - ٢٠٠٦ لە لایەن RBELL

**بابەت: کوردەکان چاوەڕانن شیعەکان ڕازی بن کەرکوک بێتە سەر حکومەتی هەرێم**

لە خاڵەکانی ١ و ٢ دا هاتوە عەمەر فەتاح بەرپرسی حکومەتی هەرێمی کوردستان - سلێمانی و نەوشیروان مستەفالە ٢٦ کانونی دوەم لای هەماهەنگکەری ناوچەکە سکاڵای ئەوەیان هەبو کە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی دیسەمبەر لە ژمارەی کورسیەکاندا فێڵ لە کورد کراوە.

نەوشیروان مستافا، جێگری سکرتیری گشتی یەکێتی، پێی وایە کە ئەمریکا میکانیزمی کورسی قەرەبوی خستە ناو هەڵبژاردنەکانەوە تا کورسی، بۆ نمونە لە کوردەکان بەلایەنە بچوکەکان بدات. بەبۆچونی مستەفا کورد لەسەر کەرکوک



سەرچاوە
Serchawe

خۆیان لە شەری ئەهلی لە عێراق لادەدەن، ئەمەش بەرێگەی دابینکردنی مافی کەمەیەتیەکان لە دەستوری هەرێمدا. بەرای مستەفا بچراندنی قەزای حەویجە تا بە دەست عەرەبەوە بمێنێتەوە بەشێک بێت لە رێکەوتنی هاتنی کەرکوک بۆ سەر حکومەتی هەرێم. مستافا چاوەروان دەکات کە پێگەی کەرکوک نابێتە خاڵی لێکدابران لە دانوستانەکان بۆ دروستکردنی حکومەت، کورد و شیعە دەیانەوێت بۆ سنورەکانی پارێزگاکە لە ساڵی ١٩٦٨ دا بگەرێنەوە.

سەرۆکی حکومەت وتی بەهۆی دەستکاریکردنی سیستەمی هەڵبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە کورد ٦ (٥٩ بۆ ٥٣) کورسی لە دەستداوە.

مستەفا بەراشکاوانە وتی کە ئەمریکا ئەم میکانیزمەی خوڵقاند لە سەر حسابی کورد بۆ یاریکردن بەئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان، پێدەچیت دژ بەئارەزوی خۆیان پەسندی بکەن.

٥- مستەفا وتی: حەویجە بپچرێت تا لە دەستی عەرەبدا بمێنێتەوە وەک بەشێک لە ریکەوتن بۆ هاتنی کەرکوک بۆ سەر حکومەتی هەرێم.

٦ - ٧ - ٨ - مستەفا وتی کە دەبێت حکومەتی نوێی عێراق لە ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ یارمەتی و کارئاسانی بۆ کۆمسیۆنی داواکاریەکانی مولکداریەتی بکات. مستەفا نەبونی بودجەی پێویستی حکومەتی ناوەند بۆ قەرەبوکردنەوەی داواکاریەکان بەهەند وەرنەگرت و وتی: حکومەتی هەرێم ساڵانە 5 ملیارد دۆلار داهاتی هەیە و دەبێت بەشداری سندوقی قەرەبوکردنەوەکە بکات، داهاتی حکومەتی هەرێمیش زیاد دەکات کە بەرهەمهێنانی نەوت زیادی کرد.

لە ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە BAGHDAD44007

ئامادەکراو لە ٩ی شوباتی ٢٠٠٧

لە لایەن باڵیۆز Zalmay Khalilzad لە خاڵی ٦ لە سەر کەرکوک هاتوە:

بارزانی وتی کوردەکان قبوڵی دەست تێوەردانی حکومەتی تورکی لە دۆخی کەرکوکدا ناکەن، وتیشی کوردەکان دیالۆگ لە گەڵ تورکمان و عەرەبەکان لە سەر مادەی ١٤٠ دەکەن و رۆڵی تورکیا ئاکامی نەخوازیاری لێدەکەوێتەوە.

ڕاپۆرتی نهێنی و تایبەت ژمارە: ANKARA46507



سەرچاوە
Serchawe

**ئامادەکراو لە: ١ - ٣ - ٢٠٠٧**

**لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتۆن**

**پۆلێنکراو لە لەلایەن مفەوزی سیاسی Kelly Degnan**

**بابەت: وێرای نیەت خراپی تورکیا پلانی هەیە بەردەوام بێت**

١- تورەیی تورکیا سەبارەت بە لێدوانە وروژێنەرەکانی بارزانی، سەرۆکی هەرێم،

- تازەترین لێدوان لە چاوپێکەوتنێکی درێژدا لە ٢٦ی شوبات لە تەلەفزیۆنی تورکی - پلانەکانی حکومەتی تورکیا بۆ دیالۆگ لە گەڵ کوردەکانی عێراق ئاڵۆزتر دەکەن. لە سەروبەندی کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی لە ٢٣ی شوباتدا (کە تێیدا حکومەتی تورکیا و سەرکردە سەربازیەکان ڕێککەوتن هەوڵە دیبلۆماسیەکان بەرامبەر بە عێراق چرتر کەنەوە) لێدوانەکانی بارزانی زۆر قورس بون،. کۆبونەوەکە ئاماژەی دا بەوەی حکومەتی تورکیا بەردەوام دەبێت لە بەرنامەی (تا ئێستا ڕانەگەیانراوە) دانیشتنی گوێڵ، وەزیری دەرەوە، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە گەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم

٢- کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە بەم ئاکامە دڵخۆش بون و بۆ ئێمەیان ڕونکردەوە کە حکومەتی تورکیا سەرکەوتو بو لەو ڕێگریانەی دەکرا بۆ دیالۆگ لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- هەرچەندە بارزانی لە چاوپێکەوتنەکەدا وتی کە پلانەکانی تورکیای بۆ دیالۆگ پێباشە، فەرمانبەرە تورکەکان و میدیاکان لەو باوەڕەدان کە بارزانی شتێکی ئەوتۆی نەوت بۆ ڕەوینەوەی ترسی ڕای گشتی تورکی سەبارەت بە پەکەکە و کەرکوک و ئەگەری سەربەخۆیی کورد.
سەبارەت بە پەکەکە بارزانی ئیدیعاکانی دەزگای هەواڵگری تورکی سەبارەت بە پشتگیری حکومەتی هەرێم بۆ ڕێکخراوی تێرۆریست ڕەتکردەوە و تەحەدای تورکیای کرد بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت. بارزانی وتی کە حزوری پەکەکە لە قەندیل پابەند نیە بە ڕەزامەندی ئێمە و حکومەتی هەرێم ناتوانێت ئەم ناوچە دورە کۆنترۆڵ بکات و پرسیاریشی کرد ئایا ئێوە گلەییتان لێدەکرێت لە سەر حزوری پەکەکە لە ناوچەکانی تورکیا.

٤- بارزانی بەسەرسورمانەوە تێبینی دا کە کەرکوک بابەتێکە لە تورکیا، وتیشی "لە روی مێژوی و جوگرافیەوە سەلمێندراوە

کە کەرکوک بەشێکی کوردستانە". بەتوندی ڕەتیکردەوە کە بێجگە لەو کوردانەی سەردەمی سەدام دەرکرابون کوردی تر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ کەرکوک هاتبن". بارزانی جەختی کردەوە لەوەی کە بەپێی دەستوری عێراق (٨٠% عێراقیەکان پەسندیان کراوە) دەبێت لە سەر دوا پێگەی کەرکوک و لە کۆتای ئەمساڵدا راپرسی بکرێت. سەبارەت بە سەربەخۆیی دوپاتی کردەوە کە تابوکردنی ئەم بابەتە دەبێت کۆتایی پێبێت:

"سەربەخۆیی سروشترین مافی کوردەکانە".

٥- سەرکردە تورکەکان بە نارەحیەتێکی زەقەوە وەلامی تێبینیەکانی بارزانیان دایەوە، گویڵ، وەزیری دەرەوە، هوشیاری بە بارزانی دا کە زۆر نەروات و وتیشی سەدامیش واقیعی نەبو لە تموحەتاکانیدا. ئەردۆگان، سەرۆک وەزیران، لێدوانەکانی بارزانی لە سەر پەکەکە بە قێزەوەن ناوبرد. کارمەندەکان پێیان وتین کە بێئومێد بون کاتێک بارزانی ئەم هەلەی بەکار نەهێنا بۆ ناردنی پەیامێکی ئەرێنی راستەوخۆ بۆ خەڵکی تورکیا.

٦- کارمەندانی وەزارەتی دەرەوە و نوسینگەی سەرۆک وەزیران بە ئێمەیان راگەیاند کە قسەکانی بارزانی پلانی کۆبونەوەی گویڵ و نێچیرڤان بارزانی ئاڵۆز کرد، بەڵام باڵا راوێژکاری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، داود ئۆغلۆ و پەیوەندیەکانمان لە گەڵ وەزارەتی دەرەوە دڵنیایان کردینەوە کە گویڵ بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەکە پەشیمان نەبۆتەوە. هەروەها داواشیان لە ئێمە کرد فشار لە بارزانی بکەین تا ساردبێتەوە. بەتایبەت پرسیاریان کرد کە بارزانی جۆرێک لە خواست دەردەبرێت تا تورکیا رۆڵی هەبێت لە مەسەلەی پەکەکە و کەرکوکدا، یاخود جۆرێک لە تێگەیشتنی هەیە بۆ چەند بۆچون و هەڵوێستی تورکیا (تایبەت لە سەر پەکەکە، وا چاوەروانن ئەم مەسەلەیە مەترسی کەمتری بۆ بارزانی هەیە). راوێژکاری سەرۆک وەزیران، Nabi Avci، لە ٢٧ی شوبات پێی وتین لەوانەیە بۆ حکومەتی تورکیا ئاسانتر بێت بەردەوام بێت لە پەیوەندیەکانی لە گەڵ کوردەکانی عێراق لە چوارچێوەی چالاکی دیپلۆماسی چروپری تورکیا لە بواری خۆرهەڵاتی ناوەراست و کۆبونەوەکان بۆ بەرفراوانکردنی پەیوەندیەکان لە گەڵ عێراقدا، هەروەها دوای لێکردین بەپەلە فشار بخەینە سەر بارزانی.

٧- زیادە بۆ ئەم دۆخە خەمی فەرمی تورکیایە (ئەگەر کاتیش بێت) سەبارەت بە بەکارهێنانی" وشەی - ک": کوردستان لەلایەن رایس، وەزیری دەرەوە، لە ٢٧ی شوبات لە لیژنەیەکی سیناتی ئەمریکادا. وەزیری دەرەوە باسی لە کێشەی پەکەکە دەکرد و وتی:

"پەکەکە کە ئۆپەراسیۆنەکانی لە سنور نێوان تورکیا و کوردستان ئەنجامداوە". سەرۆک وەزیران، ئەردۆگان، لە ٢٨ی شوبات وەلامی دایەوە و جەختیکردەوە کە "دراوسێی باشورمان عێراقە، پێکهاتەیەکی فیدراڵی هەیە، بەڵام لایەنی مامەڵەکردن بۆ ئێمە حکومەتی ناوەندە".

٦- کۆمێنت: پێدەچێت تورەیی تورکیا سەبارەت بە قسەکانی بارزانی دۆخەکە تەماوی بکات، ئێمە لەو باوەڕەداین کە حکومەتی تورکیا بەردەوام دەبێت لە پلانی بینینی نێچیرڤان بارزانی. حکومەتی تورکیا تێدەگات چەند بەرژەوەندی خۆی تێدایە. هەرچۆنێک بێت ئەوەی لێرە بەدی دەکرێت کە لێدوانە وروژێنەرەکانی سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا ناکات لێدوانی حکومەتی تورکیا لە گەڵیاندا لەلایەن رای گشتی تورکیاوە بەئاسانی هەزم بکرێت. (کۆتایی کۆمێنت).

١٥ی جوولای ٢٠١٩

# مەسعود بارزانی ساڵی ٢٠٠٧ پێیوابووە چارەسەری سەربازی کێشەی پەکەکە چارەسەر ناکات



بەشی: ١٩

کۆدەی ڕاپۆرتی نهێنی: BAGHDAD44007

سەرچاوە: باڵیۆزخانەی بەغداد، عێراق

ئامادەکراو لە: ٩ی شوبات ٢٠٠٧

پێداچونەوە و پۆلێنکردن: باڵیۆز زاڵمای خەلیلزاد

١- پوختەیەک: لە کاتی سەردانی باڵیۆز لە ٣ - ٥ شوبات بۆ هەولێر، مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای ستراتیژیەتی دو لایەنی کرد بۆ چارەکردنی بابەتی پەکەکە، ستراتیژیەکە پێکهاتوە لە لێبوردن لە گەڵ کاری سەربازیدا. بارزانی هوشیاری دا سەبارەت بە پەنابردن تەنها بۆ کاری سەربازی لە لایەن تورکەکانەوە و کاری یەکلایانەی ئەمریکا. بارزانی وتیشی نابێت تورکیا دەستی لە کەرکوک تێوەربدات. بارزانی باسی پەیوەندیە ئابوریەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تورکیای کرد و وتی کە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، لە ١٧ی شوبات بۆ ئەنکەرە دەنێرێت. سەرۆک بارزانی ئێستا لەو باوەڕەدایە کە دەرفەتێک ڕەخساوە تا پەکەکە لە ڕێکخراوێکی تێرۆریستەوە بگۆردرێت بە ڕێکخراوێکی سیاسی.

## گرێدانەوەی لێبوردن و کاری سەربازی تورکی

٢- بارزانی سەرۆکی هەرێم بە باڵیۆزی وت کە چارەی بنەڕەتی تەنیا بەڕێگەی گرێدانی لێبوردنێکی تورکی بۆ گەڕاندنەوەی کوردەکان لە گەڵ کاری سەربازی کە پشتگیری حکومەتی هەرێمی هەبێت دژ بەوانەی لێبوردنەکە ڕەتدەکەنەوە. بە باڵیۆزی ڕاگەیاند هەر کارێکی سەربازی بێ لێبوردن کێشەکە چارە ناکات. بارزانی وتی دوای هەوڵەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی پێداویستیە سیڤیلەکانی کامپی پەنابەرانی مەخمور دەبێت ئێستا تورکیا ڕێگەبدات ژن و منداڵی ناو کامپەکە بگەڕێنەوە بۆ تورکیا. (تێبینی: وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتمانی لە حکومەتی بەغداد،وائیلی، لە گەڵ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، سنجاری، زۆر لە نزیکەوە هەماهەنگیان کردوە سەبارەت بە داخستنی کامپەکە. لە مانگی ڕابوردودا یەکەیەکی سەربازی سوپای عێراق لە نەینەوا پشکنینی کامپەکەیان بۆ چەک و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەژمارکردنی نیشتەجێبوان و سازدانی ئیجرائات بۆ ڕێگرتن لە گەڕانەوەی پەکەکە کردوە. چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوەکانی داهاتو بریتی بن لە لێکۆڵینەوە لە خواستەکانی نیشتەجێبوانی کامپەکە و ئەگەری واژۆکردنی ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵی نێوان عێراق و تورکیا و کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢٨ شوبات لە جنێڤ. کۆتایی تێبینی).

٣- بارزانی وتی پێدەچێت ستراتیژیەتی تورکی تەنها سەربازی بێت و هیچ ئەگەرێکی تر نەخراوەتە سەر مێز. بارزانی چاوەڕوان دەکات کە هێرشی سەر ئەرز بۆ سەر پەکەکە سەرکەوتو نابێت، بەڵام هێرشی ئاسمانی کاریگەریەکی دەبێت، پێی وابو بۆ هێرشی ئاسمانی دەبێت تورکیا ڕەزامەندی ئەمریکا وەربگرێت و ئەگەر ڕێگەی پێدرا کاریگەری نەرێنی لە سەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە ئەمریکا دەبێت. بارزانی ڕایگەیاند سەرکردەکانی کوردی عێراق ناتوانن پشتگیری تەنها ستراتیژیەکی سەربازی بکەن، چونکە بەلای زۆر لە کوردەکان پەکەکە شەڕ بۆ مافەکانیان دەکات و وەستاندن دژ بەمە پێگەی سەرکردەکانی کورد لاواز دەکات. هەرچۆنێک بێت، ئەگەر پەکەکە دوای لێبوردنێک بەردەوام بێت ئەوا ڕای گشتی ڕێگە بە کار دژیان دەدات. بارزانی بەڵێنی دا کە فشار بخاتە سەر پەکەکە بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەست و پێڕەوکردنی ڕێگەی سیاسی.

## نابێت ئەمریکا کاری یەکلایانە بکات

٤- بارزانی وتی هەر کارێکی یەکلایانەی ئەمریکا دژ بە پەکەکە، وەک گرتنی سەرکردەکانی پەکەکە، تەنها دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و باسیکرد کە گرتنی ئۆجەلان لە ١٩٩٩ دۆخەکەی نەگۆڕی. بارزانی لەو باوەڕەدایە کارێکی لەوجۆرە لەلایەن ئەمریکاوە لە ئێستادا کاریگەری نەرێنی لە سەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر ئەمریکا دەکات و پاڵیش بە پەکەکەوە دەنێت هاریکاری تیرۆریستەکان بکات، وەک ئەلقاعیدە. بەشداریکردنی ئەمریکا کاریگەری نەرێنی لە سەر سەرکردایەتی

کورد دەکات بەهۆی نزیکبونیان لە ئەمریکاوە، بارزانی وتیشی هەر کارێکی ئەمریکا هەڵێک بۆ ئێران دەرەخسێنێت تا لە گەڵ پەکەکە دەست تێکەڵ بکەن و پێگەی سەرکردەکانی کورد لە هەرێم لاواز بکەن.

٥- بارزانی جەختیکردەوە نابێت پەکەکە بخزێنرێتە سوچێکەوە، ئەگەر رێگری لە چارەیەکی دروست کرا و ئەمریکا کەوتە ناو هاوکێشەکەوە ئەوا ئاکامەکەی توندوتیژی زیاتر و بەرفراوانبونی ململانێکان دەبێت. پەکەکە لە شاخەکان خۆی قایم کردوە و رێگەی سەربازی شکستی پێناهێنێت. بارزانی وتیشی کەس ناتوانێت بزوتنەوەیەکی پارتیزانی بەچەکی تەقلیدی لەناو ببات، پەکەکە مەبەستیشیەتی لە گەڵ ئەمریکا هاریکاری بکات.

## کەرکوک

٦- بارزانی وتی کورد قبوڵی ناکات تورکیا دەست لە دۆخی کەرکوک وەردات، وتیشی کورد دیالۆگ و لێدوان لە گەڵ تورکمان و عەرەب سەبارەت بەمادەی ١٤٠ دەکەن و دەستتێوەردانی تورکیا ئاکامی نەخوازیاری دەبێت.

## پەیوەندیەکانی تورکی - کوردی

٧- بارزانی وتی تێدەگات کە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ئەردۆگان، لە ژێر فشاردایە تا دژ بە پەکەکە جوڵە بکات و بەڵێنیشی دا کە لە گەڵ لایەنە تورکی و کوردەکان کاربۆ پشتگیریکردنی ئەردۆگان بکات. بارزانی وتی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی، لە ١٧ی شوباتدا دەنێرێت بۆ بینینی وەزیری دەرەوەی تورکیا، گویل، لە کاتی سەردانەکەدا سەرۆک وەزیرانی هەرێم جەخت لە ئامادەیی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ یارمەتیدانی تورکیا لە مەسەلەی پەکەکەدا، هەروەها جەختیش دەکاتەوە لە سەر کارکردنی ئابوری لە گەڵ تورکیا و بۆیان رون بکرێتەوە کە بەبۆچونی کورد، تورکیا هەرە گرنگترین شەریکی ئابوریە بۆ کوردەکانی عێراق.

## دەرفەتەکانی گواستنەوە

٨- بارزانی وتی دەرفەتێک لە ئارادایە تا کۆمەڵێک هانگاو بنرێن بۆ بەرەوپێشچونی پرۆسەی گۆرینی پەکەکە لە رێکخراوێکی تێرۆریستیەوە بۆ سیاسی، پرسیاریشی کرد ئەو داواکاریانە چین ئەمریکا لە پەکەکە دەیەوێت و پەکەکە چی دەست دەکەوێت تا ئەو داوایەنە قبوڵ بکات و کۆتایی بهێنێت بەوەی رێکخراوێکی تێرۆریستە.

خەلیلزاد

١٦ی جوولای ٢٠١٩

## تورکیا هۆشیاری دەداتە عێراق و ئەمریکا تا چۆک بە بارزانی و پەکەکە دابنێن



**بەشی: ٢٠**

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ANKARA82207**

**ئامادەکراو لە: ٩ - ٤ - ٢٠٠٧**

**پۆلێنکراو لە لایەن: PolCouns Janice G. Weiner**

**لە باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە بۆ وەزیری دەرەوە - واشنتۆن**

**بابەت: تورکیا هۆشیاری دەداتە عێراق و ئەمریکا تا چۆک بە بارزانی و پەکەکە دابنێن**

٥- Ozcelik وتی ئەم پەیامە بەئێمەش دەدات چونکە ئێمە هاوپەیمانین و تورکیا هێشتا لەو باوەڕەدایە کە سەرکەوتنمان لە عێراق ڕاستەوخۆ بەبەرژەوەندیەکانی تورکیاوە گرێدراوە، لە هەمان کاتیشدا هوشیاری دا کە " شتەکان لە کۆنترۆڵ دەردەچن". بارزانی چاوی بریوەتە کۆنترۆڵکردنی کەرکوک و دوای ئەوەش سەربەخۆیی، ئەمە دەبێتە کارەسات بۆ ناوچەکە.

Ozcelik تەئکیدی کردەوە کە لێدوانە وروژێنەکانی بارزانی لەسەر کەرکوک توندتر دەبن، لە بەرامبەریشدا سەرکردە و کارمەندەکانی حکومەتی تورکیا هێمنی خۆیان پاراستوە و ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندوە کە تورکیا ئەجێندای شاراوەی لە کەرکوک نیە، تورکیا مەراقیەتی کە ڕاپرسی پەلە لە کەرکوک دەبێتە هۆکاری لێکترازانێکی خەستی پێکهاتەکانی

پارێزگاکە و توندوتیژی نەتەوەیی گەورەی لێدەکەویتەوە.

٦- Ozcelik رایگەیاند کە "سەبرکردن کەمی ماوە"، ئەو باوەر ناکات کە کۆبونەوەی ١٠ی نیسانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بریاری " پەلە" بدات (بەواتایەکی تر ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەزاندنی سنور). بەتایبەت وەزارەتی دەرەوە دژی بریارێکی لەو جۆرە دەوەستێت، بەڵام ئاماژەی دا بەوەی بابەتەکانی کۆبونەوەکە بێجگە مەسەلەی پەکەکە تەواوی پەیوەندی حکومەتی تورکیا لە گەڵ حکومەتی هەرێمیش دەگرێتەوە.

Ozcelik مەترسی خۆی دەربری سەبارەت بەوەی بارزانی بەدوای پێکدادان لە گەڵ تورکیادا دەگەرێت و حکومەتی تورکیا پێی باشە خۆی لێ لابدات. جارێکی تر داوای لێکردین کە پەیامێکی تۆکمە بۆ بارزانی بنێرین تا لە بەرزکردنەوەی ئاستی گرژی لە گەڵ تورکیادا بوەستێت. هەروەک باڵیۆز لە گەڵ Apakan باسی کردبو بەمیشمان راگەیاند کە باڵیۆز خەلیلزاد تازە ئەمەی بە بارزانی وتوە، Ozcelik لە وەڵامدانەوەدا وتی لەوانەیە بارزانی گوێ لە ئامۆژگاریەکەی ئەمریکا نەگرێت، ئەگەر وای لێهات، پرسیارێکی وروژێنەری کرد: چی دەتوانرێت بکرێت؟

ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ANKARA83307

ئامادەکراو لە: ١٠ - ٠٤ - ٢٠٠٧ لە لایەن: PolCouns Janice G. Weiner

لە باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە بۆ وەزیری دەرەوە - واشنتۆن

بابەت: نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەنقەرە هەوڵەکانی تاڵەبانی بۆ هێورکردنەوەی ناکۆکی تورکیا و بارزانی روندەکاتەوە

٢- نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە، بەهرۆز گەلالی، باسی هەوڵەکانی خۆی و تاڵەبانی، سەرۆکی عێراق، لە ١٠ نیسان کرد بۆ هێورەکردنەوەی گرژیە تازەکانی نێوان تورکیا و بارزانی، سەرۆکی هەرێم، دوای ئەوەی چاوپێکەوتنی بارزانی لە گەڵ العربیە کە لە ٦ نیسان پەخشکرا. (لە باڵیۆزخانەمان لە بەغداد زانیمان چاوپێکەوتنەکە لە ٢٧ی شوباتدا تۆمارکراوە). گەلالی پێی وتین کە تێبینی تورەبونی تورکیای لە سەر کۆمێنتەکانی بارزانی کردوە، تێیدا هوشیاری داوەتە تورکیا کە دەست لە کەرکوک وەرنەدات ئەگینا ئەویش دەست لە کاروباری تورکیا وەردەدات. گەلالی وتیشی لە ٩ نیسان پەیوەندی بە تاڵەبانیەوە کردوە و داوای بەپەلەی لێکردوە تا دۆخەکە هێورکاتەوە. بەقسەکانی گەلالی تاڵەبانی هەر پلانی دارشتبو تا تەلەفۆن بۆ سەرۆک وەزیران، ئەردۆگان، بکات، داوای لێبوردن سەبارەت بە تێبینیەکانی بارزانی بکات و جەخت لە دۆستایەتی عێراق لە گەڵ تورکیادا بکاتەوە.

راپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: BAGHDAD32_a09
بەرواری: ٧ی کانونی دوەمی ٢٠٠٩ ئامادەکراو لەلایەن: باڵیۆز Ryan Crocker
بابەت: سەرۆک تاڵەبانی لە سەر کەرکوک، سوریا و مالیکی
سەردانێکی بەرهەمهێنەر لە کەرکوک

بۆ نانخۆاردنی نیوەرۆ لە ٢٧ی دیسەمبەر میوانی سەرۆک تەڵەبانی بوم و بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانیش ئامادەبو. تاڵەبانی باسی سەردانەکەی بۆ کەرکوک کرد کە بەمەبەستی هاندانی نزیکبونەوەی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان کردبوی و پێی وابو کە ئاکامی کۆنکرێتی لێکەوتۆتەوە. لەو سەردانەدا تاڵەبانی چەند داوایەکی لۆکاڵی تا کەرکوک بکرێت بەهەرێمێکی عێراق رەتکردۆتەوە و وتی پێم وتون: " من بە قورئان سوێندم خواردوە کە پێرەوی دەستور بکەم"، هەروەها وتیشی رۆلی هەبوە لە سازدانی رێکەوتنێک بۆ بەکارهێنانی زمانی تورکمانەکان کە داوایەکی کۆنیانە.

٣- تاڵەبانی راشیگەیاند کە رێکەوتن لە سەر فۆرمیلەیەکی نوێ بۆ بەشداریکردنی دەسەڵات کراوە، کوردێک بۆ پارێزگار و تورکمانێک بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا و عەرەبێک بۆ سەرۆکی شارەوانی، هەروەها دانیشتنێکی نێوان مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، و سەرۆکی بەرەی تورکمانی رێکخستوە. تاڵەبانی وتی کە یارمەتی چەند رێکخراوێکی ناحکومی کە لە کەرکوک کاردەکەن داوە و پارەی زەماڵەی ٣٨٧ تورکمانی کەرکوک کە لە تورکیا دەخوێنن زیاد کردوە.

٤- بەهەڵسەنگاندنی تاڵەبانی حکومەتی تورکیا رۆڵی لە میانرەوی تورکمانەکانی کەرکوکدا هەبوە، وەک ئاماژەی پێدا زۆر باسی "برایەتی کورد و تورکمان" کراوە.

باڵیۆز دەستخۆشی لە دەستپێشخەری بوێرانەی تاڵەبانی بۆ سەردانی کەرکوک کرد و ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێناوە، وەک تاڵەبانی باسی لێکرد، مالیکی و گوێڵ، سەرۆکی تورکیا، پێشوازیان لە هەوڵەکان کردوە.

١٨ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمەریکا ئامادەیە سەرکردەکانی پەکەکە رادەستی تورکیا بکات



## بەشی: ٢١

**راپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ANKARA282**

**ئامادەکراو لە: ٢٢ - ٠٢ - ٢٠١٠**

**پۆلێنکراو لەلایەن: باڵیۆز James Jeffrey**

**بابەت: وەزیری ناوخۆ، Besir Atalay، لەسەر پلانی کار، نارەزایی توند لە بارزانی**

١- لە ١٦ی شوبات باڵیۆز جێفری لە گەڵ وەزیری ناوخۆ، باسیر ئەتەڵای، کۆبووەوە بۆ لێدوان لەسەر بابەتە گرنگەکان و لە نێویاندا بابەتی هاوکاریکردن بۆ تۆکمەترکردنی ئاسایش لە باکوری عێراق، باڵیۆز کۆپیەکی نامەی ١١ی شوباتی ژەنەراڵ Odierno کە ئاراستەی وەزیری کردبو دا بە ئەتەڵای. ئەتەڵای سوپاسی باڵیۆزی کرد بۆ وەڵامی بەپەلەی داواکاریەکەی بۆ پلانێکی باشتر بۆ لەناوبردنی پەکەکە هەر یەکسەر دوای سەردانی ژەنەراڵ Odierno و بۆ بەهێزکردنی ئەو بەڵێنەی دراوە سەبارەت بە پێدانی زانیاریە هەواڵگیریەکان و بەکارهێنانی فرۆکەی بێ فرۆکەوان. وتیشی چاوەروانە بۆ بەرەوپێشچونی زیاتر لە سازدانی پەلەی پلانی کاری هاوبەش.

٢- ئەتەڵای دڵگرانی خۆی دەربری بەرامبەر بە هەوڵنەدانی مسعود بارزانی، حکومەتی هەرێی کوردستان، بۆ لەناوبردنی پەکەکە لە باکوری عێراق و بەرامبەر بەو پشتگیریە زۆرەی حکومەتی هەرێم پێشکەشی پەنابەرانی کامپی مەخموری دەکات و پەکەکەش لەو کامپەوە پشتگیری دەکرێت. ئەتەڵای هیوای خواست کە هەڵبژاردنەکانی عێراق لە مانگی ئازاردا پێگەی

حکومەتی فیدراڵی بەهێزتر بکات و پەیوەندیەکانی تورکیا لە گەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق هاریکاری زیاتری لە بواری ئاسایشی باکوری عێراقی لێبکەوێتەوە. ئەتەلای سکالای یەوەی هەبو کە ئەندامانی پەکەکە ئازادانە لە ئەوروپاوە بەرێگەی فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دێن بۆ عێراق. باڵیۆز پرسیاری کرد ئایا پلانی کارەکە سیستەمێک لەخۆ بگرێت بۆ ڕێگرتن لە سەفەری ئەندامە ناسراوەکانی پەکەکە بۆ تورکیا، عێراق یاخود وڵاتانی تر ئەگەر ڤیزای دروستیان نەبێت یا لەلیستی گەشتیاراندا تۆمار نەبن. ئەتەلا رایگەیاند ئەم خاڵە بەنەزەری ئیعتبار وەردەگرێت.

٣- ئەتەلای وتی سەردانی ژەنەراڵ رکن UFF-1) Hummer) ی زۆر مەبەستە بۆ لێدوان لەسەر ئاسایش لە باکوری عێراق.

٤- کاری داواکراو:

Post پێشنیاز دەکات وەزارەت و باڵیۆزخانە لە بەغداد بەدواداچون بکەن بۆ لیستێکی حکومەتی عێراق رێگەبدات ئەندامە ناسراوەکانی پەکەکە لەلایەن ئەوروپی و دەزگا فەرمیەکانی ترەوە رێگەیان پێنەدرێت گەشت بۆ باکوری عێراق بکەن. لەو باوەڕەداین ئەم بابەتە بکرێتە خاڵێکی لێدوانەکان لە گەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی تورکیا بۆ پلانی کارکردن.

Jeffrey

## ئەمریکا و تورکیا و پەکەکە

راپۆرتی نهێنی ژمارە ANKARA54807

ئامادەکراو لە ١٢- ٣ - ٢٠٠٧

لە باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە بۆ وەزارەتی دەرەوە

پێداچونەوە و پۆلێنکردنی: باڵیۆز Wilson Joseph

بابەت: نێردەی تایبەت بۆ بەرنگاربونەوەی پەکەکە RALSTON تاوتوێی هەنگاوە واقیعیەکان دەکات

٢- لە گەڵ باڵیۆز ناردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ بەرەنگابونەوەی پەکەکە ژەنەراڵ Joseph Ralston لە گەڵ



سەرچاوە
Serchawe

هاوپیشەکەی ژەنەراڵ Edip Baser لە ئەستەنبول لە ٨ ئازار یەکتریان بینی.

Baser بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئاسایشی وەزارەتی دەرەوە Hayati Guven و ستافەکەی لە گەڵدا بو. Baser چاوی بەو دۆسیەیەی باڵیۆزخانەی تورکیا لە واشنتۆن لە ٢١ی شوبات دابویان بە ژەنەراڵ ڕالستون خشانەوە. باسەر داوای کرد کە هەر دو لا نامەکە بگەیەنن بەحکومەتی عێراق، یەک تا دو هەفتە دواتریش کۆبونەوەی سێ قۆڵی ساز بکرێت. هەروەها باسی دیباتی سیاسی لە تورکیا لەسەر پەیوەندی فەرمی لە گەڵ کوردەکانی عێراق کرد، ئاماژەی دا بەوەی لە کاتێکدا ریتۆریکی کوردی عێراق زیاتر وروژێنەر وتوند بێت ئەگەرەکانی بەردەمیان بۆ پەیوەندیکردن کەم دەبنەوە.

٣- راڵستون و باسیر رێکەوتن هەر تاوتوێکردنێکی بابەتی دوەم ( گرتن و رادەستکردنەوەی سەرکردەکانی پەکەکە ) لە کەناڵە جیاکاندا ئەنجام بدرێن. سەبارەت بە داوای تورکیا لە حکوموەتی عێراق تا راگەیاندنێکی توند بۆ ئیدانەکردنی پەکەکە بڵاوبکاتەوە و واژۆی رێکەوتنی دژە تێرۆریزمی نێوان تورکیا و عێراق بکات، راڵستون پێی وابو دەرکردنی راگەیاندنێکی لەو جۆرە لەلاین حکومەتی عێراقەوە سەرکەوتو نەبێت و لە پراکتیکدا کاریگەری ئەوتۆی نابێت و پێی باشتر بو داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت راگەیاندنی ئەیلولی ٢٠٠٦ بخاتە کار و ئەویش بەدەرکردنی بریارێک بۆ قەدەغەکردنی هەمو جۆرە مامەڵەیەک ( یاخود مامەڵەی تایبەت وەک لە بواری چەکدا ) لە گەڵ پەکەکە.

٤- پوختەی ئەم خاڵە: هەر دو بەرپرسی تورکی پێداگریان لە دەرکردنی راگەیاندنەکە کرد و باسیر وتی حکومەتی تورکیا سەیری پێشنیازەکەی راڵستون دەکات.

٥- راڵستون سەبارەت بەداخستنی کامپەکانی پەکەکە لەسەر سنوری عێراق و تورکیا پێشنیازی کرد تورکیا کامپێک کە بەلایەوە لە هەمویان گرنگترە دیاری بکات و داوا لە حکومەتی عێراق بکات دایبخەن، چونکە سەلمێندراوە واقیعی نیە داوایان لێ بکرێت هەمو کامپەکان دابخەن و داوایەکی لەو جۆرە هیچ ئاکامێکی نابێت. دەشکرێت دواتر هێزە سنوریەکانی تورکیا و عێراق چاودێری کامپەکە بکەن تا دڵنیابن کە بەداخراوی دەمێنێتەوە. راڵستون جەختی کردەوە کە ئەمریکا تێدەگات داخستنی یەک کامپ کافی نیە، بەڵام دەبێت بەدوای ئەو ئامانجانەدا برۆین کە وەک نمونە دوبارە بکرێنەوە. باسیر رازی بو کە وردەکاریەکانی چەند کامپێکی پەکەکە بدات بۆ داخستنیان و داواشی لە راڵستون کرد ئەمریکا پێشنیازەکانی بنوسێت و ئەویش رازی بو.



سەرچاوە
Serchawe

### کامپی مەخمور

٦- Guven باسی لێدوانەکانی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەڵ تورکیا و عێراق لە 5 ئازار لەسەر کامپی مەخمور کرد، هەرچەندە هەر سێ لایەن گەیشتنە ڕێکەوتنی تەواو لە سەر دەقێکی ڕێکەوتنەکە سەبارەت بەگەڕانەوەی ئارەزومەندانەی نیشتەجێبوانی کامپەکە بۆ تورکیا، هەروها گەیشتنە دەرئەنجامی هاوبەشیش کە دەبێت کۆمسیۆنی باڵا پێشنیازی ڕێکەوتنێکی تر ئامادە بکات بۆ چارەسەری مەودا درێژ بۆ ئەوانەی نایانەوێت بۆ تورکیا بگەڕێنەوە، هەر سێ لا ئەم بابەتە لە کۆبونەوەی ناوەڕاستی مانگی نیسان لە جنێف باس دەکەن.

٧- Guven گلەیی کرد کە ئیدیعای ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان کە عەناسرەکانی پەکەکە لە کامپەکە لابراون ڕاست نیە، وتیشی بەپێی هەڵسەنگاندنی دەزگای هەواڵگری تورکیا بەرپرسی کامپەکە و ٣١ کەس لە ٤٣ ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ ئەنجومەنی کامپەکە ئەندامی پەکەکەن. لە درێژەی قسەکانیدا باسی مانگرتن لە خواردنی ١٢- ١٥ نیشتەجێی کامپەکەی کرد وەک پرۆتێست دژ بەشێوازی مامەڵەکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە زینداندا، هەروەها ئیدیعای کرد ئەمە و چەند ڕوداوێکی تر دەیسەلمێنن کە نیشتەجێبوانی کامپەکە ئازاد نین لە بڕیاردان بۆ گەڕانەوە بۆ تورکیا. ڕاشیگەیاند دەبێت دەرکردنی پەکەکە زۆر ڕون و ئاشکرا بێت پێش ئەوەی واژۆی ڕێکەوتنی سێ قۆڵی واژۆ بکەن.

٨- ژەنەراڵ ڕالستون پیرۆزبایی لە Guven کرد بۆ سازدانی دەقی ڕێکەتنامەی سێ قۆڵی، ئەمە لە کاتێکدا مەسەلەی بەرپرسی کەمپ و چەند هەڵچونی دەرونی نیشتەجێبوانی کامپەکە مایەی مەراقن، ڕالستون جەختی کردەوە لەوەی نابێت تورکیا ئامانجی سەرەکی لە یادبکات، ئەویش داخستنی کامپەکەیە. Guven و باسیر ئاماژەیان دا کە تورکیا سورە لە سەر داخستنی کامپەکە.

٩- داواکاری تری تورکیا: باسیر داوای کرد ئەمریکا ڕێنمایی سەرجەم کارمەندانی لە عێراق بکات کە هیچ پەیوەندیەک بە پەکەکە و گروپە پەیوەندارەکانەوە نەکەن،

باسیر باسی کۆبونەوەی ٨ ئازار لە سەر ئاستی جێگری وەزیر "وڵاتانی دراوسێ" لە بەغداد کرد و پێشنیازی کرد مەسەلەی پەکەکە بابەتێکی کۆبونەوەکە بێت. لە کۆتاییدا داوای هەماهەنگی تۆکمەتری هەواڵگرێ نێوان ئەمریکا و تورکیا لەسەر پەکەکە کرد.



سەرچاوە
Serchawe

١٠- لە سەر بابەتی پەیوەندی لە گەڵ پەکەکە، ژەنەراڵ ڕالستون جەختی کردووە لە هەڵوێستی نەگۆڕی حکەمەتی ئەمریکا کە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستە و لە گەڵیاندا پەیوەندی ناکەن. بەشێک لە یەکەکان لە عێراق چەند جارێک بەهەڵە پەیوەندیان لە گەڵ گروپەکانی سەر بە پەکەکە کردوە و وتیشی بە توندی کار دەکەن ئەمە ڕونەداتوە. ڕالستون لە سەر ئەم بابەتە قسەی لە گەڵ کۆماندۆی گشتی Petraeus کردووە کە بەدەوری خۆی پێی باش بو لە گەڵ کۆماندۆیەکی باڵای تورکیا دابنیشێت و ئەو بابەتە باس بکرێت.

١١- باڵیۆز ڕایگەیاند کە یەکسەر دوای کۆبونەوەی ١٠ی ئازار لە بەغداد بەلایەنی کەمەوە یەک کۆبونەوە لە سەر ئاستی وەزیر ساز دەکرێت و داوامان لە حکومەتی عێراق کردوە کە بابەتی ئاسایش خاڵێکی ئەجندای کۆبونەوەکە بێت. ڕەنگە بەشداربوانی کۆبونەوەکە هەلیان بۆ نەرەخسێت باسی پەکەکە بکەن، بەڵام لە کۆبونەوەی دواتر لە پێشەکی بابەتەکان دەبێت.

باڵیۆز کۆرتەیەکی هەماهەنگی هەواڵگری ئەمریکا و تورکیای لە سەر پەکەکە باسکرد.

١٢- تێکستی نامەی تورکیا کە لە ٢١ شوبات دراوە بە ژەنەراڵ ڕالستون.

٢١ی شوبات ٢٠٠٧

لە سەر بنەمای لێکتێگەیشتنی هاوبەش نێوان نادرە تایبەیتەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی پەکەکە لە ئاکامی کۆبونەوەیان لە ٣٠ی کانونی دوەم ٢٠٠٧ لە ئەنقەرە، حکومەتی تورکیا پێشنیاز دەکات ئەم ئیجرائاتانە لەلایەن نێردە تایبەتەکانەوە لە کۆبونەوەی داهاتویاندا پەسند بکرێن، بەمەبەستی تۆکمەکردنی هاوکاری نێوان تورکیا و ئەمریکا و عێراق بۆ بەرەنگاربونەوەی چالاکیەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە باکوری عێراق ئیجرائاتی پێویست بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە پەسند بکرێن:

ێ؛ حکومەتی عێراق ڕاییگەیەنێت کە پەکەکە / کۆنگرەی گەل ڕێکخراوێکی تیرۆریستە و نیەتی خۆی لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕابگەیەنێت لەسەر ڕۆشنایی ڕەشنوسی ڕێکەوتن بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم کە لە شوباتی ٢٠٠٦ دراوە بە حکومەتی عێراق.

ب؛ گرتنی سەرکردەکانی پەکەکە کە لە باکوری عێراقن و ڕادەستکردنیان بە تورکیا، بەتایبەت موراد قەرەیلان، دوران

کەلکان، مستەفا کاراسو و جەمیل بایک. لە سەر ئەمانە زانیاری ورد لە گەڵ کۆپی رونکردنەوەکانی ئینتەرپۆڵ دراون بە حکومەتی عێراق.

ج؛ کۆتایی هێنان بە کامپەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل، ئەمەش بەو کامپانەی ناوچەی سینات-هەفتانیان دەست پێبکرێت، لە ناوچەکان بەدرێژایی سنوری عێراق و تورکیا لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات بەردەوام بێت و دواتر چاودێری و کۆنترۆڵی هاوبەشیان بۆ بکرێت. کۆتایی تێکستەکە

١٣- ژەنەراڵ رالستون پێشئەوەی ئەنقەرە بەجێبهێڵێت هەلی بۆ نەرەخسا لە سەر ئەم پەیامە قسە بکات.

WILSON

١٩ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵا گویڵ: دەبێت بارزانیو تاڵەبانی تێبگەن پەکەکە دەبێتە مەترسیش لەسەر خۆیان



**بەشی: ٢٢**

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە: ANKARA21907**

**ئامادەکراو لە: ١ - ٢ - ٢٠٠٧**

**پۆلێنکراو لە لایەن: باڵیۆز ویڵسۆن**

**لە باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە بۆ وەزیری دەرەوە - واشنتۆن**

**بابەت: دووبارەکردنەوەی داواکاری لە نێردەی تایبەت ڕاڵستون بۆ کارکردنی کۆنکرێتی دژ بە پەکەکە**

١- کورتەیەک: تا ئێستاش تورکیا چاوەڕوانی کاری کۆنکرێتی دژ بە پەکەکە دەکات، سەرکردە و فەرمانبەرانی حکومەتی تورکیا ئەم پەیامەیان بە نێردەی تایبەت، ڕاڵستون، لە کاتی سەردانی بۆ تورکیا، ٣٠ - ٣١ی کانونی دووەم، گەیاند. کارمەندی تورکی هاوشانی ڕاڵستۆن پێشکەوتن لە دۆسیەی کامپی مەخموری ڕاگەیاند و تەئکیدیشی کردەوە کە ئەسبەقیەتی بەرزتریان هەیە.

حکومەتی تورکیا ڕازیبووە لە گەڵ ئەمریکا کاربکەن بۆ دیاریکردنی ئاکامەکانی کۆبونەوەی سێ قۆڵی لە گەڵ عێراقیەکان لە ئایندەیەکە نزیکدا. کۆتایی کۆمێنت

٢- وەزیری دەرەوە، گوێل، کارمەندی باڵا Buyukanit، ژەنەراڵ باسیر و سەرۆک وەزیران هەمویان بە نێردەی تایبەت بۆ بەرەنگاربونەوەی پەکەکە، ژەنەراڵ Joseph Ralston کە لە ڕۆژانی ٣٠ - ٣١ی کانونی دوەم بەسەردان لە تورکیایە، وتوە تورکیا بەرەوپێشچون لە داخستنی کامپی مەخمور لە باکوری عێراقیان پێ باشە، بەڵام چاوەروانی هەنگاوی کۆنکرێتین سەبارەت بەمامەڵەکردن لەسەر حزوری پەکەکە لە باکوری عێراق. گوێل و باسیر بەبیری ڕاڵستۆنیان هێنایەوە کە رای گشتی تورکی بایەخی گرنگ بەم بابەتە دەدات، باسیر وتیشی کەم نین ئەوانەی گومانیان لە سەرکەوتنی پرۆسەی نێردەی تایبەت هەیە. باسیر بەخوێندنەوەی نوسینێکی ئامادەکراو ڕەخنەی لە وتاری سەرۆک بوش لە ١٠ی کانونی دوەم لەسەر عێراق گرت کە تێیدا وتبوی سوریا و ئێران پشتگیری لە تیرۆریزم لە عێراق دەکەن و ناراستەوخۆ ئاماژەی بە پەکەکە داوە وەک بابەتێکی سنوری نێوان عێراق و تورکیا.

٣- باسیر وتی حکومەتی تورکیا مافی هەیە کاربکات کاتێک دەرکەوت عێراق هەنگاو نانێت، لە درێژەی قسەکردندا وتی "بەڵام حکومەتی تورکیا ئەوی راسپاردوە لە گەڵ ئەمریکا و عێراقدا بەدوای چارەیەکدا بگەرێن". حکومەتی تورکیا بەردەوامە لە هەڵسەنگاندنی کاریگاریانەی کاری یەکلایەنەی تورکیا لەسەر پەیوەندیەکان لە گەڵ عێراق و ئەمریکا و ناوچەکە.

٤- راڵستون سەبارەت بە ختابەکەی سەرۆک بوش رونیکردەوە کە سەبارەت بە پەکەکە ویستومانە ئاماژەیەکی ئەرێن بە تورکیا بدەین، بەڵام رای گشتی ئەمریکا نەدەزانێت و نە تێشدەگات مەسەلەی پەکەکە چییە، ئاماژەی راستەوخۆ بە گروپەکە لە وتارەکەدا سەرلێشێواندنی ناوخۆیی دروست دەکرد. راڵستون تەئکیدی کردەوە لەو کاتەوەی ئەو و باسیر بۆ دواجار لە ١١ی کانونی یەکەم کۆبونەوە، توانیویەتی بایەخی باڵاترین ئاستەکان لە حکومەتی ئەمریکا بۆ کێشەکە رابکێشێت.

### کامپی مەخمور: پێشکەوتنی بەرچاو

٥- راڵستون باسی سەردانەکەی بۆ کامپی مەخمور لە ٢٩ی کانونی دوەم بۆ گوێل و باسیر کرد، وتی سەری سورماوە لە هەندێک شت لەوێ بینیویەتی: کامبەکە دابراو نیە و بەتەنیشت گوندی مەخمورەوەیە... وەزعی بیناکان باش نیە و ئاویان نیە، خواردنی نیشتەجێبوەکان باشە، جلوبەرگیان باشە و پاکژن و ترسیان پێوە دیارنیە. راڵستون وتی کە سەرژمێری نیشتەجێبوان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان بەفەرمی رانەگەیاندراوە، لە ١١.٥٠٠ نیشتەجێبو ٦.٥٠٠ منداڵن و زۆربەی ٥.٥٠٠ ەی دەمێنێتەوە ژنن. زۆربەی نێرینەکانی کامپەکە پیرن. راڵستون جەختی لە گرنگی داخستنی کامپەکە کردەوە،

منداڵە هەرزەکارەکان زەمینەیەکی بەپیتن بۆ پەکەکە، بەداخستنی کامپەکە پەکەکە زۆرێک لە شەرکەرانی ئاییندە لە دەست دەدات، دەبێت تورکیا ڕێکەوتنی سێ قۆڵی لە گەڵ عێراق و کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران واژۆ بکات تا پرۆسەکە بەرەو پێش بچێت.

٦- ڕاڵستۆن بەردەوامبوو و وتی "هەنگاوە سەرەتاییەکان تەواو بون، ئۆپەراسیۆنی ISF لە ١٧ی کانونی دووەم بۆ پشکنینی چەک و دڵنیابونەوە لەوەی عەناسری پەکەکە لە کامپەکە دەرکراون سەرکەوتو بوو". گروپێک سەربازی ئەمریکا چاودێری ئۆپەراسیۆنەکەیان کردوە... ئەمە یەکەمین کاری ISF بو لە گەڵ پەکەکە و سەرەتایەکە بۆ کاری زیاتر. ڕاڵستون بەکورتی باسی کۆبونەوەکەی لە گەڵ سەرۆکی هەرێم، بارزانی، کرد. بارزانی داوای لە تورکیا کردوە کە یاسای لێبوردن بۆ شەرکەرانی پەکەکە دەربکات، لە وەڵامدا ڕاڵستون پێی وتوە ئەمە واقیعی نییە. ڕاڵستون بە باسیری وتوە لەو باوەڕەدایە کاتێک دێت بارزانی دەرک بکات بەوەی کە پەکەکە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیە لەسەر شانی حکومەتی هەرێم.

٧- لە کۆبونەوە لە گەڵ باسیر، بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری ئاسایش لە وەزارەتی دەرەوە،

Guven گازندەی هەبو لەوەی کە بەپێی خاڵەکانی پلانی ئۆپەراسیۆنی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبوایە کارمەندە تورکەکان پاش دەرکردنی عەناسری پەکەکە ڕێگەیان پێبدرایە بچنە ناو کامپەکە.

Guven وتیشی تورکیا هێشتا "پرسیاری" هەیە ئایا کارەکتەری سیڤیلی کامپەکە ڕاست کراوەتەوە. باسیر وتی ڕاپۆرتی هەواڵگریان هەیە کە پارتی چارەسەری دیموکراسی سەر بە پەکەکە هێشتا لە کامپەکە نوسینگەکەیان ماوە. ڕاڵستون تەئکیدی کرد کە نەتەوە یەکگرتوەکان قەناعەتیان هەیە کامپەکە لە عەناسری تیرۆریست پاککراوەتەوە و ISF بەردەوام دەبێت دەوری کامپەکە بدات تا دڵنیا بێت کە عەناسری پەکەکە دزە ناکەنە ناو کامپەکە.

٨- باسیر ڕایگەیاند پشکنینی کامپەکە لەلایەن ISFەوە هەنگاوێکی باش بوو، تێبینی دا کە ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان باس دەکەن کە لەوانەیە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێنمایی شەرکەرانی پەکەکەی کردوە پێش ئۆپەراسیۆنەکەی ISF کامپەکە جێبهێڵن، باسیر پێی وابو هەرچی هۆکارێک لە پشت غیابی شەرکەرەکانەوە بێت لە کامپەکەدا گرنگە ئێستا لەوێ نین.

٩- گوێل ڕایگەیاند وێرای ئەوەی کێشەی کامپەکە گرنگە، بەڵام لە لوتکەی ئەجێندای بەرەنگاربونەوەی پەکەکەدا نییە. گوێل تێگەیشتنی خۆی دەربری بۆ پێشچونی ڕێکەوتنی سێ قۆڵی و تەئکیدی کرد کە دەبێت تورکیا بەئاگاییەوە مامەڵە



سەرچاوە
Serchawe

بکات. تورکیا هاوڵاتیانی خۆی وەردەگرێتەوە بەپێی "ڕێکەوتنەکە" و دەبێت هەنگاو بنێت تا دڵنیا بێت هاوڵاتی گوێڕایەڵن. سەبارەت بە سەرژمێری نیشتەجێبوانی کامپەکە راشکاوانە سەرسورمانی خۆی دەربری کە ئایا باوکی منداڵەکان لە کوێ بن. تەئکیدی کردەوە کە گرنگە دڵنیا بن پاش داخستنی کامپەکە شتومەکەکانی نەکەونە بەردەستی پەکەکە. لە وەڵامدا راڵستون وتی ئەمە بریارێکی عێراقیە، بەرەچاوکردنی نزیکی کامپەکە لە مەخمور دەشێت شتومەکی کامپەکە بدرێت بە شارەوانی مەخمور.

## گەران بەدوای

١٠- ئەو رونکردنەوەیەی باڵیۆزی تورکیا لە واشنتۆن لە ١٠ی کانونی دەوم دابوی بە راڵستون لە کۆبونەوەی راڵستون و باسیر سەیری کرا. جێگری بەرێوەبەری کاروباری ئەوروپا Hunt رایگەیاند کە ئێمە زۆر بابەتی تایبەتمان بە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان وروژاندوە، هەرچەندە خواستیان پیشانداوە بۆ هاریکاریکردن لە بەشێک لەو بابەتانە، بەڵام جێبەجێکردنیان زۆر ئاسان نیە. Hunt ئاماژەی دا کە دادگای عێراقی بریاری داوە کە پارتی چارەی دیموکراتی کورستان پارتێکی سیاسی یاساییە و فەرمانی کردنەوەی نوسینگەکانی داوە. بەداخەوە پەکەکە ئەمەی بەکارهێنا بۆ کردنەوەی چەندین نوسینگەی سەرەکی کە عێراقیەکان دایان خستبون.

١١- وێرای ئەم کێشە و ئەستەنگانە راڵستون پێشنیازی کرد تورکیا و ئەمریکا بەئاراستەی لێدوانی سێ قۆڵی لە گەڵ حکومەتی عێراقدا هەنگاو بنێن. سودبەخش دەبێت ئەگەر پێشەکی چەندین تەوەر دیاری بکەین کە دڵنیاین هەر سێ لایەن لەسەریان رێک دەکەون. راڵستون گرنگی دا بەوەی عێراقیەکان کاری کۆنکرێت و کۆنترۆڵکراو بکەن، وتیشی هەمومان باش تێدەگەین کە کۆبونەوەی سێ قۆڵی بێ ئەنجام خراپترە لەوەی هەر نەکرێت. گوێل و باسیر هاورای ئەم بۆچونە بون.

## گوێڵ: کارکردن زەروریە

١٢- وەزیری دەرەوە، گوێڵ، لە کۆبونەوەکەیدا لە گەڵ راڵستون دوبارەی چەند خاڵێکی کردەوە کە لە کۆبونەوەی ١٢ی تشرینی یەکەمدا باسیان کردبو: لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا هێشتا چاوەروانی ئاکامی کۆنکرێتی پرۆسەکە دەکات، پێی وابو دانانی راڵستون و کارەکانی ئایندە نیشانەن کە ئەمریکا بریاری داوە مامەڵە لە گەڵ بابەتەکەدا بکات، ئەمە لە کاتێکدا بۆ تورکیا مەسەلەی پەکەکە لە پلەی یەکەمدایە. بۆ ئەمریکا ئەمە یەکێکە لە هەزاران بابەت کە دەبێت مامەڵەی لە گەڵدا بکات، حکومەتی تورکیا لە هەوڵەکانی بۆ گەشەپێدانی ئابوری باشوری خۆرهەڵات بەردەوام دەبێت، لە پارێزگای دیاربەکر چوار ساڵ لەمەوبەر تەنها ١٥٠ گوند ئاوی بۆریان هەبو، ئێستا زیاتر لە ١.٠٠٠ گوند ئاویان هەیانە.

١٣- گوێڵ تێدەگات تورکیا ڕوبەڕوی چەندین تەحەدا بۆتەوە، تەئکیدی کرد کە دەبێت بارزانی و تاڵەبانی تێبگەن کە پەکەکە دەبێتە مەترسیش لەسەر خۆیان، وتی ناتوانێت بۆ خەڵکی تورکیا ئەوە ڕونبکاتەوە لە کاتێکدا سوریا بەدڵەراوکێوە هەوڵی داوە لە ١٩٩٠ وە ئۆجەلان بشارێتەوە و سەرکردەی پەکەکە، موراد قەرەیلان، لە تەلەفزیۆنی کوردەکانی عێراق دەردەکەوێت.

## گوێڵ لەسەر کەرکوک: پەیامەکە وەرگیرا

١٤- راڵستون داوای لە گوێڵ کرد حکومەتی تورکیا زمانی وروژێنەر لەسەر کەرکوک سارد بکاتەوە و هانی حکومەتی تورکیای دا لە گەڵ حکومەتی عێراق مەراقەکانی خۆی لەسەر ئەم بابەتە لە کەش و هەوای تایبەتدا ڕونبکاتەوە لە بری لە میدیاکاندا بیکات، وتیشی ئێمە تێبینیمان کردوە ئەو زمانەی تورکیا ڕەنگدانەوەی لە عێراق دروست کردوە.

گوێڵ لە وەڵامدا وتی بەلای ئەوەو پەکەکە و کەرکوک دو مەسەلەی جیاوازن، بەڵام سیاسی و ڕۆژنامەگەرەکان تێکەڵی یەکتریان دەکەن، گوێڵ هاورا بو کە زمانی وروژێنەری ئێستا ئاکامی نەخوازیاری لێکەوتۆتەوە، گوێڵ باسی مەراقەکانی حکومەتی تورکیا سەبارەت بە کەرکوک کرد.

گوێڵ ئیدیعای کرد سەدام کەوت چونکە سیاسەتی " گەورەترین حەزەکانی" گرتبوە بەر و خەمی ئەوەی هەیە کە کوردەکانی عێراق هەمان سیاسەتیان سەبارەت بە کەرکوک گرتۆتە بەر.

ئەم حەز و داواکاریانە توندوتیژی ئێستای عێراق بەرفراوانتر دەکات و زیادە بۆ زەمینەی سەکتاری نەتەوەییشی تێدەخزێنێت. ڕاپرسی لەسەر ناوچەیەک کارێکی جوان و دروستە ئەگەر ٩٠% دانیشتوانان لەسەر تەوەرێکی تایبەت یەکرا بن، بەڵام ئەگەر تەنیا ٥٥ - ٦٠% لە بەرژەوەندی تەوەرەکە دەنگ بدەن، ئەمە ناچاری دۆراو دەکات بەرهەڵستی ئەنجامەکە بکەن و توندوتیژی سەرهەڵدەدات.

١٥- وێرای ئەوەی گوێڵ لە باسکردنی مەراقەکان بەردەوام بو، وەلێ ڕاشیگەیاند تورکیا دەیەوێت زۆر زیاتر بۆعێراق بکات، هەزاران تورک لەوێ کاردەکەن و تورکیا کار لەسەر گۆرینی یاساکانی بۆ ناردنی کارەبای زیاتر بۆ عێراق دەکات. هەر دو میللەت پێویستیان بەیەکترە، بەڵام مەسەلەکانی پەکەکە و کەرکوک لە بەردەم باشکردنی پەیوەندیەکاندا وەستاون.



سەرچاوە
Serchawe

## سەرۆک وەزیرانی کورد جەخت لە دیالۆگ دەکاتەوە

١٦- راڵستون چاویشی کەوت بە ئەندامانی پەرلەمان Mehmet Dulger و Turhan Comez (لە پارتی داد و گەشەپێدان - ئاکەپە) و هەروەها Onur Oymen و Esat Canan (لە پارتی کۆماری ئۆپزسیۆن). هەمویان، بێجگە لە Canan، پشتگیری لە سیاسەتی حکومەتی تورکیا سەبارەت بە پێویستی کاری بەپەلە دژ بە پەکەکەیان کرد. Canan، کوردێکە لە پارێزگای هەکاری، جەختی لە دیالۆگ لە گەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم کرد... وتیشی ٢٠ ساڵ لە کاری سەربازی دژ بە پەکەکە کێشەکەی چارە نەکردوە، تەنها دیالۆگ دەتوانێت ئەوە بەدیبهێنێت.

١٧- کۆمێنت: وێرای ئەوەی کۆبونەوەکانی راڵستون لێرە جوڵەی بە مەسەلەکان کردوە، بەڵام لێدوانەکان کەم سەبر و تەحەمولی تورکی بەرامبەر بە پەکەکە پیشاندا، کارمەندانی تورکی لەو دەسکەوتانەی ئێمە بەدەستمان هێناون بەئاگان، بەتایبەت لە کامپی مەخمور، بەڵام داوای کاری راستەوخۆ دژ بە حزوری پەکەکە لە باکوری عێراق دەکەن. هەنگاوەکانی ئایندە بریتین لە داخستنی تەواوی کامپی مەخمور و کارکردن لەسەر پاکەجێکی بچوک بکرێتە ئامانجی کۆبونەوە سێ قۆڵیەکان لە کۆتایی مانگی ئازاردا.

کۆتایی کۆمێنت.

١٨- تێکستی نامەی حکومەتی تورکیا لە ١٠ی کانونی دوەم لەسەر پەکەکە (وەک وەرگیراوە):

١٠ی کانونی دوەم، ٢٠٠٧

ئیجرائات بۆ پەسندکردنیان بۆ بەرەنگاربونەوەی چالاکیەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە باکوری عێراق.

تیرۆریستەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە چەند کامپێک لە باکوری عێراق نیشتەجێ کراون و پێداویستی لۆجیستیک و چەک و تەقەمەنییان بۆ دابین دەکرێت و یارمەتی داراییشیان هەیە و هەلیان بۆ رەخساوە بێ کێشە لەم ناوچەیە پرۆپاگەندە بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

مەترسی تیرۆریزم دژ بە تورکیا کۆتایی پێنایەت ئەگەرهاتو حزوری پەکەکە لە باکوری عیراق کۆتایی پێنەهێنرێت.

تورکیا و ئەمریکا لەسەر ئەو هەنگاوانەی لەم رووەوە بکرێن لە دو لیدوانی دوقۆلیدا لیدوانیان کردوە و هەروەها لە دو لیدوانی دو قۆڵی تریشدا بەبەشداری عیراق، ئەمانە هیچ ئاکامیکیان لینەکەوتوتەوە.

چاوەروانیەکانی خەڵکی تورکیا لە پرۆسەی دانوستاندنە سێ قۆڵیەکان زیاتر بوە و بەتایبەت کاتێک ئاستی بەشداربوان بەرزکرایەوە، بەم هۆیەوە ئەگەر خولێکی تازەی کۆبونەوەی سێ قۆڵی سازبکرێت دەبێت بێگومان چەند بریارێک وەرگیرێن و جێبەجێ بکرێن و خەڵکیش لێی ئاگادار بن.

بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە لیستێکی ئیجرائات کە پەسند بکرێت بۆ لەناوبردنی چالاکیەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە باکوری عیراق لە ١ی ئابی ٢٠٠٦ درا بە ئەمریکا، ئەم لیستە تا ئەم ساتەش بەکارە.

ئەو نێردە تایبەتیانەی دانراون تا ئێستا چوار جار کۆبونەتەوە و راوێژیان بەیەکتر کردوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین لە ماوەی ئایندەدا دەبێت کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی بکرێت و لێکتێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بەم ئیجرائاتانەی خوارەوەی وەک یەکەم هەنگاو بەدەست بهێنێت:

١- رونکردنەوە لەلایەن ئەمریکا و حکومەتی عیراقەوە سەبارەت بەوەی پەکەکە / کۆنگرەی گەل تەنها مەترسی نین بۆ ئاسایشی عیراق لە ئایندەدا، بەڵکو پەیوەندیەکانی عیراق لە گەڵ دراوسێکانی و هەروەها ئاشتی و ئارامی ناوچەکەش دەخاتە مەترسیەوە، هەمو ئیجرائاتێک بە سەربازیشەوە بکرێت بۆ لەناوبردنی ئەم مەترسیە.

٢- راگەیاندنی حکومەتی عیراق کە پەکەکە / کۆنگرەی گەل رێکخراوێکی تیرۆریستە.

٣- رونکردنەوەیەکی هاوبەش ئامانجی لیدوانە سێ قۆڵیەکان بکات بە " کۆتایی هێنان بە چالاکیە تیرۆریستیەکان و حزوری پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە باکوری عیراق".

٤- لە کاتێکدا ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی عیراقی راشکاوانە باس لەو هەنگاوانە دەکەن کە ئەگەری بەکارهێنانیان دژ

بەحزوری پەکەکە / کۆنگرەی گەل لە عێراقدا هەیە خۆیان لە بەکارهێنانی کاری سەربازی لانەدەن.

٥- ڕەشنوسی ڕێکەوتنی بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم بدرێت بە حکومەتی عێراق.

٦- جێبەجێکردنی تەواوی ئەو بەڵێنەی سەرۆک تاڵەبانی سەبارەت بە پەکەکە. بۆیە:

٦ - ١. پارتی و یەکێتی ئینزارێک بە پەکەکە بدەن و داوای لێبکەن یەکسەر چەکەکانی دابنێت،

٦ - ٢. کەمکردنەوە و سنوردارکردنی توانای جموجۆڵکردنی پەکەکە لە باکوری عێراق،

٦ - ٣. دانانی هێزەکانی ئاسایش لە ناوچەکانی چالاکیەکانی پەکەکە،

٦ - ٤. پارتەکانی نزیک لە پەکەکە و پێکهاتەکانی تری لەو جۆرە وەک پارتی چارەی دیموکراتی کوردستان، پارتی بونیاتی دیموکراسی دابخرێن.

٧- لەناوبردنی کامپەکانی پەکەکە / کۆنگرەی گەل و لە ناوچەی سینات هافتینان دەستی پێبکرێت، لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەدرێژای ناوچەکانی سنوری تورکیا و عێراق، دواتریش هەڵسەنگاندن و چاودێری هاوبەش بکرێن،

٨- ڕوخاندنی مەخزەنەکانی تەقەمەنی لە کامپەکانی مەرگەسیش و نازدور کە پەکەکە / کۆنگرەی گەل مەوادی تەقینەوەیان تێیاندا هەڵگرتوە،

٩- گرتنی سەرکردەکانی پەکەکە لە باکوری عێراق و ڕادەستکردنیان بە تورکیا، بەتایبەت موراد قەرەیلان، دوران کالکان، مستەفا کاراسو، جەمیل بایک و فەهمان حسێن، لەسەر ئەمان زانیاری ورد بە عێراقیەکان دراوە لە گەڵ کۆپی فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن ئینتەرپۆلەوە.

١٠- کۆنترۆڵکردنی سەرجەم ڕێگاکان بۆ کامپەکانی پەکەکە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە،

١١- کۆنترۆڵکردنی لایەنی عێراق لە سنوری تورکیا و عێراق لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە،

١٢- گۆڕینەوەی دەوری و پێویستی زانیاریە هەواڵگیریەکان لەلایەن ئەمریکا و دەزگاکانی عێراق،

١٣- ڕێگرتن لە دەسەڵاتەکانی ناوچەی کوردی لە لێدوانی وروژێنەر و ئاگرین و بریندارکەر و لە بەرژەوەندی پەکەکە،

١٤- سەندنەوەی سەرجەم پاسپۆرت و دۆکیۆمێنتی تری ناسنامە کە لەلایەن گروپە کوردەکانەوە بۆ ئەندامانی پەکەکە دەرکراون.

١٥- دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەی بەیاسایی و نایاسیی دێنە ناو عێراقەوە بۆ کارکردن لە گەڵ پەکەکە، توندوتۆڵ کردنی تۆکمەی سنوری لە فرۆکەخانەی هەولێر بۆ ڕێگرتن لە هاتوچۆی عەناسری پەکەکە لە عێراقەوە بۆ ئەوروپا و بە پێچەوانەوەش.

١٦- قەدەغەکردنی چالاکیەکانی میدیاکان لە باکوری عێراق کە پرۆپاگەندە بۆ پەکەکە دەکەن، بەتایبەت ڕێگرتن لە پەخشی رادیۆی ڕۆژ لە قەندیل.

١٧- ڕێگرتن لە پشتگیری لۆجیستیکی کە عەناسری پەکەکە لە عێراق سودی لێوەردەگرن. (کۆتایی تێکست)

ژەنەراڵ ڕاڵستون دەرفەتی بۆ نەرەخسا ئەم پەیامە رونبکاتەوە پێشئەوەی ئەنقەرە بەجێبهێڵێت.

**Wilson**

٢٠ی جوولای ٢٠١٩

# ئەحمەد داود ئۆغلو هەوڵی چاککردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراق دەدەن



بەشی: ٢٣

راپۆرتی نهێنی و تایبەت ژمارە: ANKARA56007

ئامادەکراو لە: ١٢- ٣ - ٢٠٠٧

پۆلێنکراو لەلایەن: باڵیۆز Wilson

لە باڵیۆزخانە لە ئەنقەرە بۆ وازارەتی دەرەوە لە واشنتۆن

بابەت: کارمەندی باڵای تورکی لە سەر پەیوەندیەکانی تورکیا و کوردەکانی عێراق

١- راوێژکاری وەزیری دەرەوە / سەرۆک وەزیران احمد داود ئۆغلۆ لە رۆژی ٨ی ئازار بە باڵیۆز و کارمەندێکی باڵای ئەوروپای وت پەیوەندیەکان لە گەل سەرکردایەتی کوردەکانی عێراق بەرەوپێش دەچن و ئەگەر هەیە ئەمە پێش کۆتایی بەهار و هاوین رونەدات. داود ئۆغلۆ، رایگەیاند هەوڵەکانی ئێستای تورکیا بۆ دیالۆگ لە گەڵ کوردەکانی عێراق دەستپێشخەری تورکیا بۆ لە کۆتایی ساڵی رابوردو دەستی پێکرد، پێشی ناخۆش بو کە ئەو کۆبونەوەی هیوادار بوو لە سەرەتا یا ناوەراستی شوباتدا سازبکرێت روینەدا بەهۆی مەواعیدی تری لایەنی تورکی.

٢- دو روداو کەشوهەواکەیان ئـاڵۆزکرد، وەک داودغلۆ ئاماژەی پێدان، یەکێکیان باسکردنی شێواوی هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بە باکوری عێراق بو لەلایەن Onur Oymen جێگری سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن، باسکردنەکە پشتئەستور بو بە چەند شتێک کە Richard Holbrooke باڵیۆزی پێشوی ئەمریکا سەبارەت بە لێدوانەکانی لە گەڵ ئەردۆگان و بارزانی پێی وتبو. ئەوەی لەمە خراپتر بو قسەکانی سەرۆک بارزانی بو کە بەکەناڵی تورکی NTV وتبوی دەبێت تورکیا و دنیا لە گەڵ کوردستانێکی سەربەخۆدا رابێن، وەک بارزانی باسی کردبو ئەوە نزیکەی ٤٠ ملیۆن کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا دەگرێتەوە. ئەم لێدوانە رەوشی رای گشتی تورکیای زۆر وروژاند و حکومەت ناتوانێت لە دانیشتن لە سەر ئاستی باڵادا بەردەوام بێت.

٣- هەرچۆنێک بێت سەرۆک وەزیران، ئەردۆگان، پێداگری لە بەردەوامبونی دیالۆگ لە گەڵ سەرکردایەتی کوردی عێراق دەکات. کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٢٣ی شوبات بەخەستی باسی لە بابەتەکە کردوە و ئاکامەکەی رازیبون بوە لە سەر پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی. داود ئۆغلۆ وتی لە ئێستادا پەیوەندی لەسەر ئاستی نزم بەسە و دوای کۆبونەوەی باڵای کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین پەیوەندی باڵاتر واردە. ئەگەر لایەنی کوردی عێراق هەنگاوی باش بنێن ئەوە ئاماژەیەکی رونە کە ئەوان دژی تێرۆریزمن (بۆ نمونە پەکەکە)

٤- لەم لێدوانەدا و لە پەیوەندیەکانی پێشوتر لە گەڵ داود ئۆغلۆ باڵیۆز جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی تورکیا کەناڵی کراوە لە گەڵ کوردەکانی عێراق بهێڵێتەوە، ئەمە دەبێتە خاڵی ناوەند بۆ ئیدارەکردنی کێشەی ئاڵۆزی پەکەکە و دڵنەوایی دەدات کە ئەنقەرە ئەو پەیوەندیانەی پێویستن بۆ بەشداریبونێکی کاریگەرانە لە پشتگیریکردن لە پرۆسەی ئاشتبونەوەی نێو عێراق و پێشکەوتنی هەیە. داود ئۆغلۆ هاورا بو، بەڵام وتی رەوشی سیاسی، تایبەت دوای قسەکانی بارزانی لە NTV و بەرەچاوکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ٥ هەفتەدا وا دەخوازێت کە پرۆسەکە لە ئێستادا بەخاوی بەرێوەبچێت

٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## زۆربەی کوردەکان باوەڕیان هەیە کەگەندەڵی چۆتە نێو هەموو ئاستێکی حزبەکان و ئەو دو حکومەتە




**بەشی: ٢٤**

**ئەمریکا: گەندەڵی لە باکوری کوردی**

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە KIRKUK3706**

**ئامادەکراو لە ١٦ - ٠٢ - ٢٠٠٦**

**سەرچاوە: ناوچەی کەرکوک**

**ئامادەکراو لەلایەن: Scott Dean هەماهەنگکەری ناوچە، ناوچەی کەرکوک، وەزارەتی دەرەوە**

**بابەت: گەندەڵی لە باکوری کوردی**

١- پێشەکی و کورتەیەک: گەندەڵی گەورەترین کێشەی ئابوری کوردستانە. دەسەڵاتی رەهای دو حزبی فەرمانرەوا گەشە بە گەندەڵی دەدات. گەندەڵی پشتئەستورە بە پەیوەندی خێزانی- خێلەکی یاخود بە پێشمەرگەوە. گەندەڵی کوردی لە لوتکەدا بە چەند "عەرابێکی" سیاسی دەست پێدەکات کە بێدەنگانە گرێبەستەکان لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن. چەند ئەندامێک یا گەنجەکان، نەوەی سێیەمی سەرکردەکانی حزب هاوپەیمانی ئەو ئەندامانەی مەکتەب سیاسیەکانی هەر دو حزبەکەن کە نیەتی چاکسازیان هەیە. هەرچۆنێک بێت، پێناچیت هەوڵەکانیان بەرهەمی هەبێت تا مەسەلەی کەرکوک چارە نەکرێت و سنورەکانی کوردستان دیاری نەکرێن. (تێبینی: زانیاریەکانی ئەم تەلەگرافە لە ماوەی شەش مانگی رابوردو لە چەندین

سەرچاوە وەرگیراوە، عەرەب و مەسیحی و کورد و تورکمان و بازرگانی دەرەکی و کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.
کۆتایی تێبینیەکە). کۆتایی پێشەکی و کورتەکە

### گەندەڵی لە کوردستان و کەموکورتیەکانی دیموکراسی بەیەکەوە بەستراون

٢- گەورەترین سکاڵا کە کوردێکی ئاسا لە هەر دو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بیکات ئاستی بێئەندازەی گەندەڵیانە. زۆربەی کوردەکان باوەڕیان هەیە کە گەندەڵی چۆتە نێو هەمو ئاستێکی حزبەکان و ئەو دو حکومەتە هەرێمیەی کۆنترۆڵیان کردوە: حکومەتی هەرێم لە هەولێر، حکومەتی هەرێم لە سلێمانی. زۆربەی خەڵک باوەڕیان هەیە کە دو حزبەکە کۆنترۆڵی تەواوی هەمو بوارەکانی کۆمەڵگا بە پێویست دەزانن بۆ پاراستنی سەرچاوە نایاساییەکانی پارە پەیداکردن. بۆیە وەک حیکمەتێکی گشتی لە کوردستان گەندەڵی بە نوقسیانیەکانی دیموکراسیەوە دەبەستێتەوە.

### سەرچاوەکان: ماسی لە سەرەوە بۆگەن دەکات

٣- ململانێی توندی بێرەحمانەی نێوان دو حزبەکە وای لێکردون زۆر چاوچنۆکانە هەوادارییان ڕاگرن و خەڵکی تازە بگرنە خۆیان. هیچ لەو دو حزبە ناتوانێت بژاردەیەکی دروست بکات بۆ چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کارەکان و کێ دۆستیان بن. هیچ کام لەو دو حزبە ناتوانێت لێپرسینەوە لە ئەندامەکانی بکات.

حزبەکان ستایڵی سیستەمی سۆڤیەتیان هەیە کە تێیدا حکومەتی فەرمی لە گەڵ دەسەڵاتی داد و یاسا دانەر لە ژێر ڕەحمەتی حزبدان و هەر دو حکومەتەکەی هەرێمیان لە بۆچون و دیدی سەربەخۆ ڕوتکردۆتەوە. وەلاکردن بۆتە بەهایەکی هەمیشەیی، لێهاتوی و ڕاستگۆیی و دەستپاکی بەلاوە فرێدراون. سەرکردەکانی حزب هەر کە گەیشتنە دەسەڵات پاداشتی خۆیان دەبەن، ئەتباعەکانیشیان چاویان لێدەکەن. جەهالەت و خەمی بەردەوام بەرامبەر بەغداد یارمەتی دەدات خەڵک چاویان لە کێشەکە دابخەن. بۆیە لە کوردستان گەندەڵی لە لوتکەوە بۆ خوارەوە تەشەنە دەکات.

### بناغەی گەندەڵی پەیوەندیە خێڵەکیەکان و پێشمەرگایەتیە

٤- گەندەڵی لە کوردستان ڕێگەی مۆدێلی patron-client گرتۆتە بەر. جیاوازی نێوان دو ناوچەکە یەک پلەیە. گەندەڵی ئیدارەی هەولێر لە عەشرەتی بارزانیدا کۆبۆتەوە، گەندەڵی ئیدارەی سلێمانی بە پەیوەندی بە پێشمەرگە دێرینەکانەوە پابەندە. کرۆکی گەندەڵی لە هەر دو لا، بەواتایەکی تر "عەرابەکان" ئەوانەن کە هێزەکانی ئاسایشیان کۆنترۆڵ کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمانە بەردەوامی بە گەمەکە دەدەن، چونکە کۆنترۆڵکردنی چەک مانای ئەوەیە دەتوانن گرێبەستە نایاساییەکانیان بسەپێنن. هێزەکانی ئاسایش و تۆرەکانی گەندەڵی ئیعتمادیان بە سەروی خۆیانە و بۆیە زۆر دەگمەن هێڵەکانی حزب دەبەزێنن، بەواتایەکی تر ئەو کۆمپانیانەی لە هەولێر کاردەکەن لە سلێمانی کار ناکەن و پێچەوانەکەشی هەمان شتە. ئەم راستیە پیشەسازی تەلەفۆنی مۆبایلیشی گرتۆتەوە، بۆ نمونە ئاسیاسێڵ لە سلێمانی و کۆرەک لە هەولێر. بەقسەی کوردێک لە کەرکوک قازانجی ئاسیاسێڵ بەرێژەی ٥٠:٥٠ نێوان سێ ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەنک و کۆمپانیاکە دابەش دەکرێت.

## وەزارەتەکانی شارەوانی سەنتەرەکانی گەندەڵین

٥- چەند وەزیر و وەزارەتێک خراپترن لەوانی تر. لەوانەیە لە هەر دو حکومەتەکەی هەرێمدا وەزیر و وەزارەتی شارەوانیەکان زۆرترین گەندەڵیان بەرکەوێت. یەکێک لەو ساختەکاریە زۆرانەی ئەم وەزیرانە بەرێوەی دەبەن وەرگرتنی پارەیە لەو کەسانەی کە بەرامبەر کارەکانیان بۆ حزب زەویان پێدەبەخشرێت. وەزیر و هەمو ئەو کارمەندانەی بەرپرسن لە بەخشینی ئەم زەویە شتێکیان لە بەخشیشی وەرگری زەویەکە بەر دەکەوێت. زیادە بۆ ئەمەش وەزیر بەشێک لە زەویەکان بەخۆی و دۆستەکانی دەبەخشێت.

## ١٠% - ٣٠% پشکی نمونەییە

٦- گرێبەستە حکومیەکان بەگشتی کاری رۆژانەی گەندەڵیە، بۆنمونە، لە سلێمانی کەسێک کە عەرابێکی نەبێت ناتوانێت تەنانەت ئیعلانی تەندەری پرۆژەیەک وەربگرێت. شەر لە نێوان کۆمپانیەکان پێویست ناکات چونکە ئەوەندە پارە دەسورێتەوە هەر کەسێک پشکێکی بەر دەکەوێت. (کۆمێنت: ئەمە درێژە ناخایەنێت، لە گەڵ بەرفراوانبون و قوڵبونەوەی بازنەی گەندەڵی هاوکێشەی عەرز و تەڵەب تێکدەچیت). مقاولەکە ١٠% - ٣٠% لە نرخی گرێبەستەکە دەدات بە " شەریکی" و ١٠% بە بەرێوەبەری ئەو ئۆفیسە حکومیەی گرێبەستەکە ساز دەکات. ئەگەر گرێبەستەکە بۆ بیناکردن بێت ئەوا کەسەکە دەتوانێت مەوادی ژێر ستاندارد بەکاربێنێت و کارەکە بە ساختەکاریەوە بکات تا قازانجی خۆی مسۆگەر بکات. چاودێریکەری بیناکردن کارەکە پەسند دەکات چونکە پێی وتراوە ئەوە بکات پێش ئەوەی کارەکە ببینێت و ئەمیش شتێکی پێدەدەن. بەرێوەبەری ئۆفیسەکەش هەمان رێکەوتنی ژێربەژێر دەکات و مسۆگەری دەرچونی مەوادەکان لە تاقیگەکانی حکومەتدا دەکات.

### گەندەڵی سوتەمەنی

٧- گەندەڵی سوتەمەنی کارێکی ڕۆژانەیە، قەرەباڵغی سوتەمەنی فرۆشەکان لە شەقامەکاندا گەواهی ئەم ڕاستیەن. کەمی سوتەمەنی بەکاردەهێنرێت و لەوانەشە لەلایەن لایەنەکانەوە دروست بکرێت تا نرخی سوتەمەنی لە بازاری ڕەشدا بەرز بێتەوە، هەروەها سوتەمەنی بە تورکیا و سوریا دەفرۆشرێت، بۆ نمونە لە کانونی دوەمی ٢٠٠٦ چاودێرێکی نوێی گومرگ تێبینی کردوە کە چوار تانکەری سوتەمەنی کە لە تورکیاوە هاتبون زۆر قورس بون و کە کۆنترۆڵی کردوە دەردەکەوێت تانکەرەکان پڕن لە ئاو، کارمەندەکە شۆفێرەکان دەگرێت و تانکەرەکانیش حجز دەکات، هەر شەو دێت بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێم تەلەفۆن بۆ کارمەندەکە دەکات و پێی دەڵێت تانکەرەکان هی ئەون. شۆفێر و تانکەرەکان بەردەدرێن لە گەڵ داوای لێبوردنیش لە کارمەندەکەوە.

### "من دۆستی تۆم" و " ئەمە باشترین شتە بۆ تۆ"

٨- هەریەک لە کۆمپانیا گەورەکان بە یەکێک لە عەرابەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەگەر عەرابێک نەبێت ئەوا کۆمپانیاکە بەهۆی بێ ئێشیەوە زو دەپوکێتەوە. هەر کەسێک لە باکور وەبەرهێنان بکات لە لایەن کەسێک کە ڕاستەوخۆ بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لە بواری وەبەرهێنانەکەوە نەبەستراوە ١٠٪ - ٣٠٪ پشک لە کۆمپانیاکە یان پرۆژەکە دەبات. عەرابەکان لە ئەرزی واقیعدا قەد خۆیان پیشان نادەن. ئێمە لە سلێمانی گوێمان لێبوە کە سێ تا چوار عەراب هەن و هەر هەمویان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیین. ئەگەر هەر کەسێک هەوڵ بدات بۆ یەکێک لە کۆمپانیاکانیان کێشەیەک دروست بکات یا گرێبەستێکیان ببات، عەرابەکان تەنها دەڵێن:

### " ئەوە هی ئامۆزایەکی منە" و مەسەلەکە کۆتایی دێت.

### گەندەڵی باری ئابوری تێکشکاندوە

٩- گەندەڵی گەشەکردنی ئابوری هەمو کوردستانی تێکشکاندوە، بۆ نمونە هەمو کۆمپانیا تایبەتیە گەورەکان لە کوردستان بەشێوازێکی ئەستونی بۆ بوارە جیاکانی بازرگانی کۆکراونەتەوە (Cross-Sectoral Conglomerates)، بۆ نمونە گروپەکانی:

Diyar, Eagle, Falcon, KAR, Nasri, Sandi, Silver Star, Ster . ئەم دەستە خوشکە لە بوارەکانی بینا و هەنارده و هێنان و لۆجیستیک و زەوی و زار و کۆمپانیاکانی ئاسایش کار دەکان. ئیدیعا دەکرێت هەمو ئەم کۆمپانیایانە بەستراونەتەوە بە یەک یا زیاتر لەو عەرابانەی ملمانێی یەکتر ناکەن لە ناو پارتی لۆکاڵی دەسەڵاتدار. شێوازە ئەستونیەکەی بەڕیوەبردنیان پێویستە، چونکە گەندەڵی مانای ئەوەیە کە کەسێک ناتوانێت ڕێگە بدات کە ڕکابەرەکەی بە پەیوەندی بەهێزەوە کارەکانی ئەو وەربگرێت و بیان کات. بەم شێوەیە ئەم مقاولانەی پەیوەندیان بە سیاسەتمەدارەکانەوە هەیە، هێنان و هەناردەکردنی کاڵا و ڕێکخستنی شەحن و پاراستنی شەحن و شوێنی کارکردن دەکەن و زەوی و زار دەکرن و خۆیان پرۆژەکان بنیات دەنێن. تواناکانی بوارێکی تایبەت کارئاسانی بۆ دەستە خوشکەکە دەکات تا مونافەسەی کۆمپانیکانی تر یا بەرپرسەکان بکات.

١٠- ئابوری و حکومەتەکانی باکوری کوردی بەتوندی لە ئەختەبوتی پارتی و یەکێتیدا گیراون، ئەم ئەختەبوتە درێژ دەبنەوە بۆ ئەو ناوچە سنوریانە کە کوردی تێدا نیشتەجێیە لە پارێزگاکانی نەینەوا و صلاح الدین و دیالە و کەرکوکیش وەک بەرزترین نرخدار لە هەمو ئەوانی تر. پێمان وتراوە کە پارتی لە کەرکوک تەرکیزی زیاتری کردۆتە سەر زەوی و زار و یەکێتی لە سەر ساختەکاری لە گرێبەستەکاندا.

کەرکوک هێشتا بەتەواوی نەکەوتۆتە چنگیانەوە، هەرچەندە توندتر بەیەکێتیەوە وەک لەوەی بە بە پارتیەوە بەستراوەتەوە بەڵام بازرگانی ئەوەندە گەشەی نەکردوە. کۆمپانیاکان چاوەروانی سەرکەوتویەکن لە شەری کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە تا بە دڵنیاییەوە لە سایەی دۆخێکی چەسپاودا دەست بەکاربن.

نەوە نوێکانی پارتی و یەکێتی سیستەمەکە بەرەو نەمان دەبەن

١١- بازرگانێکی خۆرئاوا لە کوردستان و بەئاگا لە قەوارەی گەورەی گەندەڵی دەڵێت کە زۆربەی سەرکردەکانی حزب ئەوەی دەیکەن بە هەڵەی نازانن، پێیان وایە ئەوە قەرەبوکردنەوەی هەمو ئەو قوربانیانەیە لە خەباتکردندا پێشکەشیان کردوە. ڕیزی دوەمی سەرکردەکانیش لە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیدا لە خوار بارزانی و تاڵەبانیدا بەشداری گەندەڵی دەکەن. هەرچۆنێک بێت نەوەی سێیەم لە سەرکردەکان دابەشبون لە نێوان ئەوانەی هاتنی سەرەی خۆیان دەوێت و ئەوانەی دەیانەوێت کۆتایی بەگەندەڵی بهێنن. دوا گروپ هاوپەیمانیەتی سەرکردەکانی نەوەی دوەم دەکەن، وەک نێچیرڤان بارزانی لە پارتی یا نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی کە ئەمیش پشتگیری گۆرانکاری دەکات.

سەرچاوەکانمان تێبینی دەکەن کە بارزانی و تاڵەبانی و ریزی دووەمی سەرکردەکان خاوەنی حسابی بانکن، ماڵ و ئەندامانی خێزانەکانیان لە دەرەوەن و لە ناویشەوە خاوەنی توانای بەرچاون. ئەو بازرگانیە بیانییە لەو باوەڕەدایە ئەوانە لە کوردستان بەدرێژایی ئەو ماوەیەی چێژی خۆشی بەرهەمی کارەکانیان بکەن رێگری لە گۆڕان ناکەن، لە هەمان کاتیشدا دەزانن ئەگەر چاکسازی نەکرێت هەرچی بۆ کوردستانیان بەدەست هێناوە لە دەستی دەدەن.

٢٣ی جوولای ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## فازل میرانی: تاڵەبانی دەڵێت:

## ئێران نفوزی لەعێراق نییە، لە راستیدا ئەو خۆی زۆر لە تەهران نزیک بووە



**بەشی: ٢٦**

لە راپۆرتێکی ویکلیکس دا کە بەرواری ٥- ئازاری ٢٠٠٦ ی لەسەرەو نێردراوە بۆ وەزراتی دەرەوەی ئەمەریکا، تیایدا هەندێک رای فازل میرانی سکرتێری پارتی بڵاوکردۆتەوە کە لە بڕگەیەکیدا هاتووە" تاڵەبانی دەڵێت ئێران نفوزی لە عێراق نییە، لە راستیدا ئەو خۆی زۆر لە تەهران نزیک بووە، چەلەبی رەشوەی لە ئێران وەرگرتوە".

لەو راپۆرتەدا کە ئەمڕۆ ماڵپەڕی سپی بڵاویدەکاتەوە، کە تیایدا هاتووە" فازل میرانی وتوویەتی" سەرۆک تاڵەبانی زۆر " پەلەی بوو"، بەڵام میزاجی نەگۆڕاوە. سوننەکان وا بیریان دەکردەوە کە تاڵەبانی سەر بە شیعەکانە."

راپۆرتی تایبەت و نهێنی. ژمارە: C O N F I D E N T I A L SECTION 01 OF 02 KIRKUK 000053

سازکراوە لە ٥ - ٣ - ٢٠٠٦ کاتژمێر: ١٩:١١

سەرچاوە ناوچەی کەرکوک

**بابەت: پارتی دیموکرستی کوردستان گلەیی و بۆڵەبۆڵیان لە سەر تاڵەبانی هەیە**



سەرچاوە
Serchawe

بینراو و ڕێگەپێدراو لە لایەن: Scott Dean هەماهەنگکەری ناوچەیی - ناوچەی کەرکوک - وەزارەتی دەرەوە

١- پێشەکی و کورتەیەک:

هەماهەنگکەری ناوچەکە بەجیا لە ڕۆژی ٢٨ی شوبات لە گەڵ فەلاح بەکر، یاریدەدەرێکی نزیکی بارزانی، سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم - هەولێر (لە ئایندەیەکی نزیکدا حکومەتی یەکگرتوی هەرێم) و لە گەڵ فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دانیشتوە. بابەتەکە دوستکردنی حکومەت بو لە بەغداد.

بەکر لە گرنگی ڕۆڵی تاڵەبانی کەمکردەوە و بەقازانجی نوێنەرایەتیکردنی کورد لەلایەن بارزانیەوە قسەی کرد. حکومەتی نیشتمانی نوێ دەبێت چوار لایەنی گەورەی هەڵبژاردنەکانی تێدا بێت. هاوپەیمانی کوردستانی دەبێت جەعفەری وەک سەرۆک وەزیران پەسند بکات. کوردەکان نایانەوێت وەک ناوچەکانی تری عێراق کە لە شەردان پشتگوێ بخرێن.

میرانی شەرکەرە بیانییەکانی بە تەقینەوەکەی سامەڕا تۆمەتبار کرد: ئێران دەستی تێدا بوە. گوتیشی تاڵەبانیشی لە ئێران زۆر نزیکە و هەڵەشە و پەلەیە. چەلەبی ڕەشوەی لە ئێران وەرگرتوە و بەشێک بوە لە کێشەکە. بەبۆچونی میرانی باشترە پۆستەکان بۆ کەمایەتیەکان وەک لوبنان بەدوەری بدرێت. میال ئالوسی باشترە لە بەیان جابری وەزیری ناوخۆی ئێستا یاخود لە سەعدون ئەلدلیمی وەزیری بەرگری ئێستا. کۆتایی پێشەکی و کورتەکە.

٢- بارزانی، سەرۆکی هەرێم، نەک سەرۆک تاڵەبانی نوێنەرایەتی هاوپەیمانی کوردستانی کردوە لە دانوستانەکان لە بەغداد بۆ دروستکردنی حکومەت، بارزانی بۆ چوار ساڵی ئایندە سەرۆکی هەرێم دەبێت، تاڵەبانی کاندیدی هاوپەیمانی کوردستانی بو لە بەغداد بۆ هەر پۆستێکی نیشتمانی پێی بدرێت.

کۆمێنت: پۆستی نیشتمانی سەرۆک کۆمارە، بەکر زۆر لە بارزانیەوە نزیکە و ئەگەری زۆر هەیە کە هەڵوێستی ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی بارزانی بێت. ئەمە جەختکردنەوەیە لەو دژایەتی و بێمتمانەییەی نێوان دو پارتی سەرەکی و ئاستی یەکگرتنەوەی دو حکومەتی هەرێم پیشان دەدات. کۆتایی کۆمێنت.

- هاوپەیمانی کوردستانی هێڵی سوری نییە و جەعفەری وەک سەرۆک وەزیران پەسند دەکات، ئەمە پێچەوانەی هاوپەیمانی کوردستانیە کە کاندیدەکان بۆ سەرۆک وەزیران لە ڕوانگای هەڵوێستیان لە سەر سیاسەتە بنەڕەتیکان بەرانبەر فیدرالیەت

و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و دۆخی کەرکوک و چ سیاسەتێک ئەسبەقیەتی بۆیان هەیە هەڵدەسەنگێنێت.

وتەکانی میرانی:

- شەرکەرە بیانییەکان بەرپرسیارن لە تەقینەوەکەی سامەڕا. ئێران دەستی تێدا هەبوە. سوریا و ئێران دەیانەوێت کێشەکانیان لە گەڵ ئەمریکا لە عێراق چارە بکەن. ئێران مەبەستیەتی پیشانی بدات کە کاریگەری زۆری لە عێراق هەیە، دەبێت ئێمە سوریا و لوبنان و ئێران بخەینە ژێر فشارەوە.

- تاڵەبانی دەڵێت ئێران نفوزی لە عێراق نییە، لە ڕاستیدا ئەو خۆی زۆر لە تەهران نزیک بوە، چەلەبی ڕەشوەی لە ئێران وەرگرتوە و بەشێک بوە لە کێشەکە،
- پێویستە کورد وەک دوەم گروپی گەورەی عێراق مامەڵە بکرێت ( بەرامبەر عەرەب) نەک سێیەم (لە گەڵ شیعە و سوننەدا).
- سەرۆک تاڵەبانی زۆر " پەلەی بوو"، بەڵام میزاجی نەگۆڕاوە. سوننەکان وا بیریان دەکردەوە کە تاڵەبانی سەر بە شیعەکانە.

کۆمێنت: بەکر دڵگرانە کە کێشە ئەمنیەکان لە باشور ئەستەنگن لە بەردەم هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی. زۆرجار ئەم بابەتەی باس کردوە و وتویەتی بە یارمەتی ئێمە کوردستان دەبێتە مۆدێلێک بۆ بەشەکانی تری عێراق. هەرچۆنێک بێت کۆمێنتەکانی کەمتر چێژی جیابونەوەی تێدابو وەک دو ڕۆژ پێشتر لای کامەران قەرەداغی لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق.

لە ڕاستیدا میرانی - بێئەوەی پرسیاری لێکرابێت - لە ڕەفتاری خۆی دەرچوو کە جەختی لە بەڵێنەکانی کورد لە پرۆسەی دروستکردنی حکومەتدا کرد. ئێمە کۆمێنتەکانی تری میرانی دەنێرین سەبارەت بەو خاڵانەی گرنگ و شایانی بایەخن، هیچ ڕونکردنەوە یا نمونەی نەدا لەسەر وەسفردنی تاڵەبانی بە "پەلەکەر" یا نزیک لە ئێران.

٢٦ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# مەسرور بارزانی:

## نەوشیروان مستەفا کەسێکی زیرەکە، گەمەکەرێکی ڤانیعکەرەو بەهیچ شێوەیەک شوێنی متمانە نییە



**بەشی: ٢٧**

**ڕاپۆرتی نهێنی و تایبەت ژمارە: BAGHDAD623_a09**

**ئامادەکراو لە: ١٠ی ئازاری ٢٠٠٩**

**ئامادەکراو لە لایەن:**

**بۆ: وەزیری دەرەوە / کۆماندۆی ناوەندی ئەمریکا / کۆماندۆی ئەوروپای ئەمریکا**

**بابەت: گێژاوی ناخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڵبژاردنەکان**

لە کاتێکدا ئێمە چاودێری گرژیەکانی نێوان کورد و عەرەب دەکەین، سەرکردایەتی سیاسی کورد دوچاری لەرزانی سیاسی جدی بۆتەوە. دانوستانە درێژخایانەکانی ناو یەکێتی لە گەڵ نەوشیروان مستەفا وایکردووە سەرکردەکانی کورد پێداگری بکەن لە لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتو لە هەرێمی کوردستان.

١- سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەفزی دەکەن ڕێگە بدەن نەوشیروان لیستێکی جیاوازی لە یەکێتی هەبێت

چونکە هاوسەنگی هێزی نێوان پارتی و یەکێتی لە کورسیەکانی پەرلەمان تێکدەچێت. سەرکردەکانی پارتی پێداگریان کرد کە ڕێکەوتنیان لە گەڵ یەکێتیدا وەک خۆی دەمێنێتەوە، درک دەکەن بەوەی کە لاسەنگی کورسیەکان دوژمنایەتی کۆنیان زیندو دەکاتەوە و ئەمەش بەدەوری خۆی زەرەر بە هاوپەیمانی کورد دەگەیەنێت و لاوازی دەکات لە مامەڵەکردن لە گەڵ حکومەتی ناوەند و مالیکی سەرۆک وەزیران.

وێڕای ئەوەی سەرکردەکانی کورد چاوەڕوانی دەکەن کە ڕوبەڕووی ڕەخنەی باڵیۆزخانە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببنەوە بەهۆی بوونی لیستێکی نادیموکراسی داخراو، وەلێ هەست دەکەن زۆریان لە دەست دەردەچێت ئەگەر هاوپەیمانی کورد تێک بچێت. (کۆتایی کۆمێنت).

## کێشە خەستەکانی ناو یەکێتی

٢- لە ٧ی ئازاردا، یەکسەر دوای سەردانی هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆک تاڵەبانی گەڕایەوە بۆ سلێمانی بۆ دانوستان لە گەڵ ژمارەیەک ئەندامی ناڕازی سەرکردایەتی یەکێتی. گوتەبێژی یەکێتی، مەلا بەختیار بە کارمەندی سیاسی وتووە، خاڵی سەرەکی ئەجێندا چاوخشانەوەیە بە کاروبارەکانی مەکتەبی سیاسیدا و، دوای ئەمەش خاڵی هەڵبژاردنەکانی داهاتوە لە هەرێم. دواتر دوبارەی پلانی ریفۆرمی تاڵەبانی سەبارەت بە دەستتێوەرنەدانی یەکێتی لە ئیشوکاری حکومەت کردووە، باسیشی لە پێویستی چارەی پێگەی نەوشیروان مستەفا لە ناو یەکێتیدا کرد.

هەرچەندە گروپی ریفۆرمی نەوشیروان مستەفا هەفتەی پێشوو ئیستقالەیان کردووە، بەڵام نەوشیروان مستەفا بەردەوامە بگاتە ڕێکەوتنێک لە گەڵ تاڵەبانیدا. لە ٨ی ئازار ڕاوێژکاری تاڵەبانی، ئارام یارەویسی، بە کارمەندی سیاسی وتووە دانوستانەکان بەردەوامن.

٣- لە ٦ی ئازار لە نانخوارادنێکی میوانداری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک، ئەندامی یەکێتی، رزگار عەلی بووین، جلال جەوهەر، ئەندامێکی گروپی ریفۆرمی نەوشیروان (لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئیستقالەی کردوە)، ڕەفزی کرد باس لە تازە بڕیاری نەوشیروان سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕێکەوتنی خۆی بکات. لە باتی ئەوە باسی لە نارەزاییەکانی خۆی لە گەڵ تاڵەبانیدا کرد و گوناهباری کردن کە تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح هیچیان بۆ کوردەکان ناکەن.

لە خاڵی چواری ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: لە ٤ی ئازار سەرۆکی دەزگای هەواڵگری پارتی، مەسرور بارزانی، بە ڕاوێژکاری

تایبەت بۆ باکوری عێراق،Krajeski، وتوە کە کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی پەیوەندیان بە ریفۆرمەوە نییە بەڵکو لە سەر دەسەڵات و کێ دەبێتە کاندید بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم. سەبارەت بە نەوشیروان مستەفا وتویەتی: نەوشیروان کەسێکی زیرەکە، گەمەکەرێکی ڤانیعکەرە و بەهیچ شێوەیەک شوێنی متمانە نییە و لە دەرەوەی سلێمانی هێزی نییە ... تاد. لە خاڵی پێنجەمیشدا هاتوە: هەرچەندە حکومەتی هەرێم هێشتا بریاری نەداوە لە سەر کرواەیی لیستەکان، میرانی رونیکردەوە کە هەنگاوی تەکتیکی نەوشیروان لە لیستی خۆیدا هاندەرێک بو بۆ پێداگری پارتی و یەکێتی لە سەر لیستی داخراو. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کاتێک نەوشیروان بێتە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، پارتی ئەو بەبەشێک لە یەکێتی دەزانێت، ئەگەر نەوشیروان بیەوێت لیستی خۆی هەبێت، هەر کورسیەک بیباتەوە لە سەر کورسیەکانی یەکێتی هەژمارد دەکرێت، کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، وتی پارتی ناتوانێت ریسکی درزکەوتنە نێوان یەکێتی و پارتی قبوڵ ناکات.

لە کۆمێنتی ئامادەکەری ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:

ناشێت بیرۆکەی کە لیستی کراوە لەوانەیە شەری نێوان پارتی و یەکێتی هەڵگیرسێنیتەوە بەئاسانی و بێ بنەما بەلاوە بخرێت... هەر دولا لاسەنگی هێزی نێوانیان زۆر پێ قورسە، بەتایبەت کاتێک یەکێتی لە گێژاودایە.

بەلای ئەمریکاوە هەڵبژاردنەکە وەک خۆی وەسف بکرێت: زۆر کراوە نییە و تایبەتیش ديموكراسی نییە... ئێمە لە دۆخی تایبەتی کوردەکان تێدەگەین، بەڵام نابێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەدروست بزانین. دەبێت لە پەیوەندیە تایبەتیەکانمان لە گەڵیاندا رەق و توند بین و لە بوارە گشتیەکانیشدا بە ئاگا بین.

٢٧ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## نەوشیروان مستەفا پێیوابووە لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگەدا راوێژ بە ئیسرائیلیەکان بکرێت



بەشی: ٢٩

راپۆرتی نهێنی ژمارە: KIRKUK28505

ئامادەکراوە لەلایەن Richard K. Bell هەماهەنگکەری ناوچە

لە ١٣ - ١٢ - ٢٠٠٥

دانیشتنی باڵیۆزی ئەمریکا لە گەڵ بارزانی لە ٢ی دیسەمبەر و لە گەڵ جلال تاڵەبانی لە ٣ - ١٢

### یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم

تاڵەبانی وتی "پێشنیازی بۆ پارتی کردوە سەرۆکایەتی حکومەتی بۆ ساڵێک و دو مانگ بەدەستەوە بێت و، دوای ئەوە یەکێتی بۆ ساڵێک پۆستەکە وەربگرێت. لە سەرەتادا پارتی رازی بووە، بەڵام ئێستا پێشنیازی دوو ساڵ بۆ هەر دوولا دەکات. نەوشیروان مستەفا وتی کە یەکێتی رازی نابێت پارتی هەر دو پۆستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیان هەبێت، بۆیە یەکێتی گۆڕینی زووی پۆستەکە داوا دەکات. پارتی داوای هەر دوو پۆستی سەرۆک وەزیران و وەزارەتی ناوخۆشی کردوە. مستەفا و تاڵەبانی داوای یارمەتی ئەمریکایان لە دانوستانەکاندا کرد. بەرای تاڵەبانی راگەیاندنی رێکەوتنی پارتی و یەکێتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا زۆر سودی بۆ کورد دەبێت.

**C O N F I D E N T I A L SECTION 01 OF 02 KIRKUK 000004**

**بابەت: یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ڕاپۆرتەکە سازکراوە لە ٩ - ١ - ٢٠٠٦**

**ڕاپۆرتەکە ئامادەکراوە و پۆلێنکراوە لە لایەن: Richard K. Bell هەماهەنگکەری ناوچە**

١- پێشەکی و کورتەیەک: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٧ی کانونی دووەم رایان گەیاند گەیشتونەتە رێکەوتن بۆ یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی. مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، و کۆسرەت رەسوڵ علی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەمەیان راگەیاند.

٢- لە خاڵێکی رێکەوتنەکدا هاتوە کە پارتی و یەکێتی جەختیان لە پشتگیریکردن بۆ جلال تاڵەبانی کردۆتەوە بۆ مانەوەی وەک سەرۆک کۆمار.

٣- حکومەتی هەرێم چاوەروان دەکات دۆخی کەرکوک پێش هەڵبژاردنی ئاینده بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان چارە بکرێت. حکومەتی هەرێم وا چاوەروان دەکات لەو کاتەدا کەرکوک بەشێک بێت لە حکومەتی هەرێم. بە پێی دەستوری نوێی عێراق رەوشی کەرکوک و ناوچە جێناکۆکیەکانی تر دەبێت پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ چارە بکرێت. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە کانونی دومی ٢٠٠٥ دا بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوە.

٣- جێگری بەپرسی تیمەکە لە ٨ی کانونی دومم چاوی کەوت بە رزگار علی (ینک)، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، عبدالرحمن مستەفا (کوردێکی سەربەخۆ)، پارێزگار، پێدەچوو هەر دوکیان بە راگەیاندنی رێکەوتنەکە دڵخۆش بن. بەڵام هیچ کامیان کۆمێنتیان لە سەر ناوەرۆکەکەی نەبوو. وەزیرێکی حکومەتی هەرێم لە هەولێر کە زۆر کراوەیە لە گەڵ دیبلۆماتەکانی خۆرئاوا هیچ باسێکی نەکرد، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بەرپرسێکی باڵای یەکێتی بە راشکاوانە پێی وتین کە لێدوانەکان بۆ یەکگرتنەوە فرۆشتنەوەیەتی بە خەڵک.

٤- ئێمە گوێمان لێبوە کە وەک شیرینی بۆ یەکێتی لەوانەیە پۆستی وەزیری دەرەوەی عێراق بە بەرهەم ساڵح بدرێت کە ئێستا وەزیری پلاندانە لە حکومەتی عێراق.

کۆمێنت: رێکەوتنەکە بێگومان پێگەی کورد لە دانوستانەکان بۆ دروستکردنی حکومەتی نوێی عێراق بەهێز دەکات و وەڵامێکە

بۆ داواکاری خەڵک. یەکێتی وازی لە هەندێک لە داواکاریەکانی هێناوە، لەوانە گۆڕینی پۆستی سەرۆک وەزیران هەر ساڵێک تا هیچ حزبێک هەر دو پۆستی سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی لە یەک کاتدا بەدەستەوە نەبێت. دەبێت بێمتمانەیی زۆر کاڵبنەوە تا دو حزبەکە سەرکەتووبن لە یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە.

**لە تەلەگرافێکی تری تایبەت و نهێنیدا بە ژمارە KIRKUK1206 لە ٢٨ - ١ - ٢٠٠٦ دا**
**ئامادەکراوە و لەلایەن Richard K. Bell هەماهەنگکەری ناوچە لە کەرکوک داڕێژراوە**
**باس لە ماوەی دو ساڵ دەکات بۆ یەکگرتنەوەی دو دەزگای ئاسایشی هەولێر و سلێمانی.**

**لەو تەلەگرافەدا هاتوە:**

عومەر فەتاح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - سلێمانی لە ٢٥ی کانونی دووەم بە هەماهەنگکەر و جێگرەکەی وتووە کە چاوەڕوان دەکات لە چەند ڕۆژی داهاتودا هەر دوو حزبە گەورەکە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی بۆ حکومەتی یەکگرتوی هەرێم دیاری بکەن. (تێبینی: سەرچاوەیەکی یەکێتی پێی وتین کە ئەرسەلان بایز، بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر، دیاری کراوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران، عومەر فەتاح یەکەم کاندید بوە و ئەمە دابەزینی پێگەکەیەتی . کۆتایی تێبینی).

فەتاح هۆکارە تەکنیکیەکان و کەمی متمانەی نێوان هەر دوو لای بۆ ڕونکردینەوە لە دواخستنی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان پێشمەرگە و ناوخۆ و داد و دارایی. وەزارەتی داد لە هەولێر و سلێمانی نیزام و ڕێنمایی نەگونجاو لە گەڵ یەکتردا دەرکردوە، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەبێت چارەیان بکەن. بەهەمان شێوە وەزارەتەکانی دارایی دوو بودجەی جیاوازیان دارشتوە. هەر دوو هێزی پێشمەرگە تا ئێستاش متمانەیان بەیەکتر نییە. نەوشیروان مستەفا، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، دواتر پێی وتین دەشێت کوردەکان ڕاوێژ بە ئیسرائیلیەکان بکەن چۆن میلیشیای دوژمن بەیەکتر یەک دەگرنەوە، چونکە ئەوان لە پێشودا ڕووبەڕوی کێشەی لەو جۆرە بونەتەوە.

٤- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی ڕونکردینەوە کە هەر دو حزبەکە پلانیان داناوە بۆ دەزگایەکی نوێی ئاسایش و چاوەڕوان دەکرێت پرۆسەکە دوو ساڵی پێویست بێت. عوسمان حاجی محمود، وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی پێی وتین کە هەر دوو حزب ڕێککەوتون کە سەرۆکی هەرێم کۆمیتەیەک دروست بکات بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی ئاسایشی نوێ و دەست نیشانکردنی بەرپرسەکانی. عوسمان نیەتی دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆکانی لەو دەزگا نوێیەدا دەربری و داوای هاریکاری



سەرچاوە Serchawe

لە ئەمریکا کرد بۆ دروستکردنی دەزگایەکی پرۆفیشناڵ و بێلایەن.

رون نەبوو ئایا دەزگا تازەکە شوێنی دەزگاکانی ئێستای پارتی و یەکێتی دەگرێتەوە یاخود ئەو دوانە بەیەکەوە دەلکێنن و گەورەی دەکەن.

٥- وەک لە مانگی کانونی یەکەمدا سەرۆک وەزیران (سلێمانی) پێداگری لەوە کردەوە کە نابێت ئەمریکا سلێمانی بخاتە ژێر بەرنامەی تیمی ئاوەدانکردنەوە لە هەولێر، بەڵکو بەجیا مامەڵە لە گەڵ سلێمانی بکات.

لە کۆمێنتی بەرپرسە ئەمریکیەکەدا هاتووە: هەر دو پارتی کوردی دەیانەێت یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم بە پەلە و کاریگەر نمایش بکەن و، هەروەها پارەتیشیان بدات لە دانوستاندەکانی بەغدادا. هەرچۆنێک بێت، شەیتان لە وردەکاریەکاندا خۆی حەشار داوە. یەکگرتنەوەی پێشمەرگە و ئاسایشی دژ بەیەکتر زۆر کێشەدار دەبێت. هەر دوو حزبەکە وەلا بۆ خۆیان پەیدا دەکەن، پارتی بە ڕێگەی خێڵەوە وەلا بەدەست دەهێنێت و یەکێتی زیاتر لە سەر بنەمای سیاسی کار بۆ ئەوە دەکات.

٢٨ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆسرەت رەسوڵ وتوویەتی: من هەرگیز پشتگیری لە سیستەمی بنەماڵە ناکەم



**بەشی: ٣٠**

**تەلەگرافی ژمارە KIRKUK3206**

**ئامادەکراو لە ٩ - ٢ - ٢٠٠٦**

**تایبەت و نهێنی**

**ئامادەکراو و دارێژراو لەلایەن Scott Dean، هەماهەنگکەری ناوچە، ناوچەی کەرکوک، وەزارەتی دەرەوە.**

**بابەت بۆچونی سەرکردەیەکی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەر یەکگرتنەوە و دانوستانەکانی بەغداد.**

١- هەماهەنگکەری ناوچە لە ٧ی شوبات چاوی بە کۆسرەت رەسوڵ، بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی کەوت. رەسوڵ باسی لە یەکگرتنەوەی هەر دو حکومەتی هەرێم و گۆرانکاریە سیاسیە نیشتمانیەکان لە بەغداد کرد.

٢- لە سەر یەکگرتنەوەی دو ئیدارەکە کۆسرەت رەسوڵ وتی:

- مەکتەبی سیاسی لە ٩ی شوبات لە گەڵ تاڵەبانی لە بەغداد کۆدەبێتەوە بۆ باسکردنی یەکگرتنەوە و دروستکردنی

حکومەتی ناوەند. یەک خاڵ دەبێت بڕیاری لێبدرێت ئایا یەکێتی چاوەڕوان بێت بۆ دیاریکردنی جێگری سەرۆک وەزیران تا حکومەتی ناوەند دروست دەبێت.

- ڕێکەوتن لە سەر وردەکاری پلانی یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم سازکراوە.

- داوا لە عومەر فەتاح، سەرۆک وەزیران لە سلێمانی کراوە، ببێتە جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی یەکگرتوی هەرێم. زۆرینەی (منی تێدا نیە) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پشتگیری کاندیدکردنیان کردوە و ئەویش پەسندی دەکات.

- یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە و داد کاتی زۆرتریان پێویستە، چونکە هەر دو حکومەتی هەرێم سیستەمی جیاوازیان هەبوە، بۆ نمونە دەزگای ئاسایش لای ئێمە سەر بەوەزارەتی ناوخۆیە، لای ئەوان کورەکەی بارزانی بەرێوەی دەبات، .... تاد. گرنگە پێشمەرگە دێرینەکان خانەنشین بکرێن و گەنج بهێنرێنە شوێنەکانیان، هەمان شت بۆ پۆلیس و ئاسایشیش بکرێت. سەبارەت بەیەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش وتی: ئەوە مومکنە ئەگەر بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەفتار بکات نەک وەک سەرۆکی پارتی دیموکرات کوردستان.

- ئەستەنگە سیاسیەکان لە ڕێگەی یەکگرتنەوەدا، بۆ نمونە کەم متمانەیی، گەورەترن لە ئاستەنگە تەکنیکیەکان.

- دەبێت دەسەڵاتی هەمو کەسێک دیاری بکرێت، بارزانی و تاڵەبانی لە کوردستان لە سەروی یاساوەن و دەبێت ئەمە بگۆرێت تا دەسەڵاتیان دیاریکراو بێت. لێرە (لای ئێمە) دیموکراسیەت بەرقەرار بوە، شەفافیەت لە بودجەدا هەیە، بەرپرسان تا ماون دەسەڵاتیان بەدەستەوە نیە، هەڵبژاردن بڕیار دەدات کێ دەسەڵاتدارە. من هەرگیز پشتگیری لە سیستەمی بنەماڵە ناکەم. دانوستانەکانی هەنوکە لە سەر دروستکردنی حکومەت لە بەغداد و لە سەر یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم هیچ کاریگەریان لە سەر خێرایی ئەنجامدانی چاکسازی لە کوردستان نیە.

- دەبێت ئەمریکا پشتگیری دیموکراسی لە کوردستان بکات، نەک پارتێکی تایبەت لە هەرێم.
- بە وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی دەڵێم هاریکاریت لە سەر بابەتی زیندانیەکان بکات.

کۆمێنت: کەسێک دەڵێت هەر یەک لە ینک و پدک لە دانوستانەکان بۆ حکومەتی ناوەندی چەندی دەست کەوێت کاریگەری لە سەر دانوستانەکان بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم دەکات. پێدەچیت ڕەسوڵ پشتگیری ئەرسەلان بایز بکات بۆ پۆستی



سەرچاوە
Serchawe

جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وا بەرچاو دەکەوێت ئەم شەرە بدۆڕێنێت. ئێمە پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بەدی ناکەین. DEAN

**ڕاپۆرتی تایبەت و نهێنی ژمارە KIRKUK12606**

**ئامادەکراو لە بەرواری ١٥ - ٧ - ٢٠٠٦ لەلایەن Tim Uselmann هەماهەنگکەری ناوچەی کەرکوک**

لە دو چاوپێکەوتنی جیای کارمەندی ئەمریکی لە ١ و ٢ی تەموز لە گەڵ نەوشیروان مستەفا و نێچیرڤان بارزانی (سەرۆکی حکومەت) هەر دوکیان رایان گەیاند کە یەکێتی و پارتی رێکەوتون کۆتایی بەدەستتێوەردانی حزب لە کاروباری حکومەتدا بهێنن، دیاریکردنی جێگری وەزیرەکان دوابخەن و .... تاد. بەشێک لە خاڵەکانی ئەو راپۆرتە:

٥- بارزانی وتی پێویستە پارتی و یەکێتی بەیەکەوە هەنگاو بنێن، لایەنێکیان نابێت هەست بکات ئەوی تر هەڵیدەلوشێت، بەڵکو هەر دولا دەبێت هەست بکەن کە بەشێکن لە یەک دەستە (تیم) و وتیشی ئەمە بۆ یەکێتی زەحمەتترە چونکە ئەوان دەنگی زۆریان تێدایە.

٨- مستەفا وتی جێگرتنەوەی سەرۆکی هەرێم بابەت نییە، ئێرە وەک ئەمریکا نیە سەرۆکی هەرێم هەندێک لە دەسەڵاتەکانی لە گەڵ جێگرەکەی دابەش کردوە، سیستەمەکە لە سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانەوە شۆردەبێتەوە. لە واقیعدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیران، زۆر دەسەڵاتترە لە عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمان.

٩- کۆمێنت: کۆبونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی (لە دوکان) ئاماژەیەکی زۆر ئەرێنە، هەرچەندە دو حزبەکە بەردەوامن لە جیاوازیان لە سەر چەند خاڵێکی بنەرەتی. بڕیاریان بۆ دەستنیشان نەکردنی جێگری وەزیرەکان پێدەچیت زیاتر بەهۆی رێکنەکەوتنیان بێت لە سەر ئەوەی کێ دابنێن لەوەی یارمەتی بارزانی و عومەر فەتاح بدەن تا کارەکانیان باشتر بەرێوە ببەن. هەمو جومگە بەهێزەکان حزب شتی راست دەڵێن، بەڵام کاڵفامیە بیربکرێتەوە کە قۆناغێکی نوێی هاریکاریکردن بەرێگەوەیە. لەم رووەوە بارزانی و فەتاح دەتوانن سودی مۆراڵ و تەکنیکی لە پشتگیری ئەمریکا لێیان بکەن. کۆتایی کۆمێنت JBIGUS.

٢٩ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ویکلیکس چۆن باسی عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرکردەی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات دەکات؟



بەشی: ٣١

ماڵپەڕی "سپی" وەک ماڵپەڕێکی سەربەخۆ لەماوەی پێشوودا ٢٦ بەشی لە راپۆرتەکانی ویکلیس لەسەر کورد بڵاوکردەوە، لەوانە راپۆرت لەسەر سەرکردە کوردەکان و پارتەکانی باشوور و باکور و پەیوەندیە سیاسی و دیبۆلماسی و ئەمنییەکانیان بە رژێمەکانی ناوچەکەوە، وا جارێکی دی چەند بەڵگەنامەیەکی تری ویکلیکس لەسەر سەرکردەی کوردی رۆژهەڵاتی عەبدولرەحمان قاسملۆ بڵاودەکاتەوە کە وەک راپۆرتەکانی پێشووی لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێڕدراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ویکلیکس رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بەدوای قازانجی مادیدا ناگەڕێت، کارەکەی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی میدیای تایبەتی و نهێنیە، سەرەتا لە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لەژێر ناوێ رێکخراوی "سەن شاین"ی رۆژنامەوانی دەستیان بەکارکردو، بەڕێوەبەرەکەشی گەنجێکی ئوسترالییە بەناوی " جولیان ئاسانج "ە و لەسەرەتاوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە زیاتر لە ١،٢ یەک ملیۆن و دووسەد هەزار بەڵگەنامەیان لەبەردەستدایەو بڵاویدەکەنەوە.

ئامانجی رێکخراوەکە وەک ئاماژەی بۆ دەکەن ئاشکراکردن و رسواکردنی ئەو سیاسەت و هەڵوێستە نا ئەخلاقیانەیە کە رژێمە سەرکوتکارەکانی ئاسیا و پاشماوەی رژێمەکانی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی تریش بەئەمەریکاشەو کە پیادەیان کردووە.

لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا لە ساڵی ٢٠١٠ دا ویکلیکس ٧٦ هەزارو ٩٠٠ بەڵگەنامەی لەسەر شەڕی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بلاوکردەوە، هەر لە هەمان ساڵدا ٤٠٠ هەزار بەڵگەنامەی لەسەر شەڕی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە عێراق بڵاوکردەوە، دواتر ویکلیکس بەلێشاو ئەو برووسکەو نامە نهێنیانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای بڵاوکردەوە.

کورد لەنێو ئەو بەڵگەنامانەدا بە بەراورد بە گەلانی تر بەشێکی بچووکی ئەو بەڵگەنامانەی بەردەکەوێت کە بڵاوکراونەتەوەو، ئەمڕۆ هەر خوێنەرێکی ئینگلیزیزان لە هەر کونجێکی ئەم جیهانەدا دەتوانێت ئەو راپۆرتانە ببینێت، بەوانەشەوە لەسەر کوردیش بڵاوکراونەتەوە، کارێکی زۆر نەگونجاویشە هەموو جیهان بتوانێت لەسەر تۆ راپۆرتی نهێنی و ئاشکرا بخوێنێتەوە، کەچی هاوڵاتی کورد لەبەر نەزانینی زمانی ئینگلیزی بەشێکی زۆر لە خوێنەری کورد ناتوانێت هیچ زانیارییەک دەربارەی ئەو راپۆرتانە بزانێت، سپی ئەم ئەرکە قورسەی خستۆتە سەر شانی و لەبەشی دۆکۆمێنتی ماڵپەڕەکەدا هەر رۆژەو بەشێکی ئەو راپۆرتانە بڵاودەکاتەوە کە بەشێکیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵی رابردووە. بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە بەپێی بەرواری راپۆرتەکە لە رووی مێژوویەوە بڵاودەکرێتەوە.

راپۆرتەکان لە زمانی ئیگلیزیەوە دەقاو دەق و زۆر بەجوانی و وەرگێردراوەتە سەر زمانێکی رۆژنامەوانی جوانی کوردی و لە بەشی " دۆکۆمێنت"دا بڵاوکراونەتەوە. تێکڕای راپۆرتەکانیش دەقە ئیگلیزیەکەی وەک بڵاوکراونەتەوە لەلای ماڵپەڕی "سپی" پارێزراوە..

بەشی ٢٧ی راپۆرتەکانی ویکلیکەس لەسەر کورد

بەشی یەکەم لە راپۆرتی ویکلیکس لەسەر عەبدولڕەحمان قاسملۆ..

تێڕامانەکانی قاسملۆ، سەرکردەی کوردی ئێران

١٦ی شوبات ١٩٨٨ BAGHDAD855_a88

نهێنی

١- تەواوی تێکست نهێنیە.

٢- کورتەیەک: لە شاخەکان دابەزیوە بۆ یەکێک لە سەردانەکانی بۆ بەغدا، سەرکردەی کوردی ئێران قاسیملۆ لە ١٠ی فێبرواری سەدامی بینیوە. قاسملۆ رایگەیاند کە بۆردومانی خەستی ئەو ناوچەیەی بارەگای سەرەکی ئەوی لێیە ( نزیک لە شاری ماوەت) لە ماوەی پێشودا ناچاری کردوە ٣٥ کیلۆمەتر شوێنەکەی بەرەو باکوری ناوچەکە بگوازێتەوە. ئیدیعاشی کرد ١٠



سەرچاوە
Serchawe

- ١٢ هەزار شەرکەری چالاکی هەیە و دەشتوانێت داوای شەرکەری زیاتر بکات و چەکی هەبێت (دەسکەوتی شەرە لە گەڵ ئێرانیەکان) و پارە ( بەهۆی قاچاغچیەتیەوە). ندایەکی ئاراستەی ئەمریکا کردوە بۆ (پشتگیری مۆراڵی و سیاسی). باسی لەوەش کرد کە حزبەکەی بەردەوام دژ بە دەستگیرکردنی ڕەهائین وەستاوەتەوە، باڵیۆزی ئیتاڵیا بە ناوی ڕەهائینە ئیتاڵیەکان کە لای تاڵەبانین پەیوەندی پێوەکردوە و گەش بینە کە بتوانێت ئازادیان بکات.

٣- قاسملۆ پەیوەندیەکانی لە گەڵ تاڵەبانی بە باش وەسفکرد، هەرچەندە سیاسەتی بێلایەنی خۆی نێوان تاڵەبانی و عێراقیەکان چەند جارێک گرژی دروستکردوە. قاسملۆ دەرک بە پێویستی هاوپەیمانی لە گەڵ گروپە ئۆپزسیۆنەکانی تری ئێران دەکات، بەڵام ڕەجاوی کە بە " موغامر" وەسفی کرد ئەو هاوپەیمانیەی ناوێت. کارە سەربازیە سنورداره‌کانی ڕەجاوی لە باکور پەیوەندیەکانی لە گەڵ تاڵەبانی ئاڵۆز کردوە، لە ئێستادا ڕەجاوی هەوڵەکانی بەرەو باشور دەبات. بە پێچەوانەی ڕەجاوی قاسملۆ خۆی دور ڕاگرتوە لە وێنەگرتنی لە گەڵ سەدام. قاسملۆ دۆخی کوردستانی ئێرانی بە جێگیر وەسف کرد، لە کاتێکدا دۆخی کوردستانی عێراق لە ماوەی سێ مانگی پێشودا بە خەستی تێکچوە. (بە واتایەکی تر لە تێرامانی دەسەلاتی ناوەند لە بەغدا). کامپینی عێراق بۆ روخاندنی گوندەکان لە ئێران بە بەرفراوانی نەکراوە. کۆتایی کۆمێنت.

٤- لە کۆتایی کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ سکرتێری گشتی عبدالرحمن قاسملۆ لە شاخەکان دابەزی بۆ بینینی سەدام لە ١٠ی شوباتدا. بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێران لە سوید و فەرەنسا دەژین قاسملۆ لە سەردانەکەی بۆ بەغدا هەر ٥ تا ٧ مانگێک پەیوەندی بە باڵیۆزی ئەو دو وڵاتە لە بەغدا دەکات. بەرپرسی بەشی سیاسی قەناعەتی بە باڵیۆزی سوید کرد بۆ بینینی قاسملۆ، ئەوە بو لە ١٢ی شوبات قاسملۆ داوەتی نانی نیوەڕۆ کرا و دانیشتنەکە شەش سەعاتی خایاند. قاسملۆ زۆر کراوەیە و بە ئەتەکێتە و زمانی ئینگلیزی زۆر باش بەکار دەهێنا، یەکێک لەو شەش زمانانەی دەیزانی ( کوردی، فارسی، عەرەبی، فەرەنسی و زمانی چیکی)، قاسملۆ لە سەردانی بۆ باڵیۆزی سوید بەرپرسانی بیرۆی حزبەکە لە سوید و فەرەنسا لە گەڵ بو ( عبداڵلە قادری، ئیبراهیم جورابچی و سەلام عەزیزی).

### داواکاری بۆ پشتگیری مۆراڵی

٥- قاسملۆ داوایەکی بەهێزی پشتگیری سیاسی و مۆراڵی لە ئەمریکا کرد. باسی لەوە کرد کە حزبی دیموکرات بەردەوام سیاسەتی ئەوە بوە کە بە توندی تیرۆریزم و ڕفاندنی ڕەهائینی ڕەتکردۆتەوە. وتارێکی خۆی دا بە بەرپرسی بەشی سیاسی کە لە ڕابوردویەکی نزیکدا لە ڕێگەی نوێنەرەکەی لە سیمپۆسیەمی پاریس لە سەر تیرۆریزم پێشکەش کرابو. تێیدا هاتوە



سەرچاوە
Serchawe

کە تێرۆریزم وەک ئامرازێک بە دەست گروپە شۆڕشگێرەکان ڕەتدەکاتەوە. قاسملۆ ڕایگەیاند سەرسورما بەوەی سەرۆکی ئەمریکا چاوی کەوت بە گروپێکی سەرلێشێواوی تێکدەری ئەفغانیە فەندەمەنتیلستەکان و پێداگری دەکات لە پشتیوانی گروپە بێسەروبەرەکانی نیکاراگوا. ئەمە لە کاتێکدا هیچ بایەخێک بە "گروپە دیموکراتە ڕاستگۆیەکان" نادات، ئەو گروپانەی خەبات بۆ "دانپێنان بە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی دنیادا" دەکەن.

٦- بەرپرسی بەشی سیاسی گوتی کە تەعاتوفێکی گشتی لە ئەمریکا بۆ دۆخی کورد هەیە، بەڵام زۆر لە سەر ئەم پرسە نەزانراوە، قاسملۆ بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەرەکانەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات. قاسملۆ گوتی ئەمجارە کە لە بەغدادە یەکێک لەو شتانەی کردویەتی داواکردنی ڤیزا بو بۆ (JONATHAN RANDAL)(پاریس)، گوتیشی کە ڕانداڵ خەریکی نوسینی کتێبێکە لە سەر کورد و بۆ ماوەی ١٤ سەعات چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردوە. قاسملۆ گلەیی ئەوەی کرد کە " سۆڤیەت دەڵێن کە ئەمریکا پشتگیری حزبی دیموکراتی ئێران دەکەن و ئەمریکیەکانیش گومانیان هەیە کە سۆڤیەت پشتگیریمان دەکەن".، لە ڕاستیدا حزبی دیموکرات دۆستی نیە، "شاخەکان تەنها دۆستی کوردن".

٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ویکلیکس چۆن باسی عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرکردەی رۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات دەکات؟



**بەشی: دووەم**

### رەهائینە ئیتاڵیەکان

٧- قاسملۆ باسی لەوە کرد کە لەو رۆژانەدا چاوی بە باڵیۆزی ئیتاڵیا (تۆسکانۆ) کەوتوە و بەڵێنی پێداوە چی بتوانێت بیکات دەرباری سێ رەهائینە ئیتاڵیەکە کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تاڵەبانیەوە رفێنراون، باسیشی لەوە کرد لە رابوردودا لە چەند حاڵەتیکدا رۆڵی هەبوە لە کاریگەرکردن لە سەر تاڵەبانی بۆ ئازادکردنی رەهائین، "باوەری توندی هەیە" کە ئەمجارەش سەرکەوتو دەبێت.

(ئینتباعێکی پێدام کە ئەمە یەکەمجار بو ئیتاڵیەکان پەیوەندییان پێوە کردوە و بۆ خۆی پێشتر هەوڵی ئەوەی نەداوە). قاسملۆ باسی ئەوەی کرد کە ئەو گروپانەی پەنایان بۆ تیرۆریزم بردوە بایەخی زیاتریان لە حزبی دیمەوکراتی کوردستانی ئێران پێدراوە، جەختیشی کردوە لەوەی حزبی دیموکرات رێکخراوێکی بنکەفراوان و تۆکمەیە.

### بنکەکانی پشتگیری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٨- قاسملۆ گوتی کە ئەو ٨ تا ١٢ هەزار شەرکەری مەیدانی هەیە و دابینکردنی پێداویستیە لۆجیستیەکانی سنوردارن، ئەو



سەرچاوە Serchawe

دەتوانێت زۆر زیاتر لەو ژمارەیە کۆ بکاتەوە، راشیگەیاند لە نێو کوردەکانی ئێران راکەبەری کاریگەری ئەوتۆی نیە "٨٠%ی خەڵک لە گەڵ ئەون".

کەم نرخاندنی خۆشی بۆ دۆخەکە لە عێراق نەشاردەوە " لە ئێران شتێکی هاوشێوەی کوردێکی وەک تەها مەعروف وەک جێگری سەرۆک یاخود وەزیری کوردمان نیە"، هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی جاش لای ئێمە نیە.

٩- لە داواکاریەکەی بۆ "پشتگیری سیاسی و مۆراڵی" ئەمریکا قاسملۆ رونیکردەوە داوای پارە و چەک ناکات.، گوتی " بێگومان هەمو کەسێک زیاتری دەوێت، بەڵام ئێمە زۆرمان هەیە". رایگەیاند کە حزبی دیموکرات لە ساڵانی رابوردودا توانیویانە چەکی زۆر لە چەکداران و پاسدەرانی ئێران بگرن. قاسملۆ نەیدەویست باسی وردەکاری سەرچاوە داراییەکانی بکات، تەنها گوتی "هەر خێزانێک لە کوردستان ئارەزومەندانە پشکی خۆی پێشکەش دەکات". لە درێژەی قسەکردنەکەدا دەرکەوت حزبی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە رێگەی قاچاخەوە پارەیان دەست دەکەوێت.

قاسملۆ گوتی ئەو تەنها ٣% باج لە بازرگانی کاڵاکانی نێوان عێراق و ئێران وەردەگرێت، لە بەرامبەر "زێتر لە ٢٠% باج کە تاڵەبانی لێیان دەسێنێت". نمونەی ئەو کاڵانەی بۆ ئێران دەبرێن ریزبەند کرد، وەک ویسکی، ڤیدیۆ، ئەوانەشی بۆ عێراق دەبرێن وەک فەرش و فستق. پێشوتر چا لە عێراقەوە دەهێنرا و شەکر لە ئێرانەوە، بەڵام دواتر چا و شەکریش لە عێراقەوە بۆ ئێران دەهێنران. قاسملۆ گوتی لە تاڵەبانی پرسیوە ئەگەر سەرچاوە داراییەکانی وشک بن چەن دەتوانێت خۆی رابگرێت، تاڵەبانی لە وەڵامدا پێی وتوە: "دو مانگ". قاسملۆ گوتی لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ئەو دەتوانێ بە لایەنی کەمەوە بۆ دو ساڵ بەردەوام بێت.

١٠- قاسملۆ دۆخی کوردستانی ئێرانی بە جێگیر وەسف دەکات، بە واتایەکی تر زۆر یا کەم وەک دۆخی ساڵی ١٩٨٠ یە کاتێک حزبی دیموکرات کۆنترۆڵی شارەکانی لەدەستدا و شەری بەرەنگاربونەوەیان گۆری بۆ تەکتیکی شەری گەرێلا. ئێرانیەکان ئێستا کۆنترۆڵی شارەکان دەکەن و رێگا سەرەکیەکانی نێوان شارەکان لە سەعات ٨ ی بەیانی تا ٥ی ئێوارە لە ژێر کۆنترۆڵیاندایە و حزبی دیموکرات بەشەو کۆنترۆڵیان دەکات. قاسملۆ راشیگەیاند دەربارەی ئایندە گەشبینە چونکە کوردستانی ئێران پشتگیری تەواوی دەکەن. قاسملۆ گوتی ئامادەیە بۆ ٢٥ ساڵ لە شاخەکان بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر خومەینی زو بمرێت ئەوا دۆخی تەهران زۆر بەخەستی تێکدەچێت، باری ئابوری ئێران جەنجاڵێکی بێ سەروبەرە.

کاتێک پرسیاری لێکرا ئایا ئەو یاخود تاڵەبانی و بارزانی کۆنترۆڵی زیاتر شوێنیان کردوە، قاسملۆ گوتی سێ ساڵ پێشتر

ئەو کۆنترۆڵی زۆرتری هەبو، بەڵام ئێستا کوردەکانی عێراق شوێنی زۆریان بە دەستەوەیە، هۆکارەکەشی شێکردەوە، گوتی هۆکار ئەوە نیە من وەزعم خراپ بێت بە پێچەوانەوە دانم بەخۆدا گرتوە، هۆکارەکە ئەوەیە بۆ ڕژێمی بەغدا لە سێ ساڵی رابوردودا دۆخی کوردستان عێراق زۆر بە توندی خراپ بوە.

باسی لەوەش کرد کە چەند ساڵێک پێشتر کاری کردوە تا تاڵەبانی و سەدام بەیەکەوە درێژە بە دانوستانەکانیان بدەن، بەڵام پرۆسەکە بەردەوام نەبو.

٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ویکلیکس چۆن باسی عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرکردەی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات دەکات؟




**بەشی: سێهەم**

**ناچار بوون بارەگاکان بگوێزرێنەوە**

**١١- قاسملۆ نەیشاردەوە کە لە ماوەی دواییدا بەهۆی قەسفی خەستی ئێرانیەکانەوە ناچار بو بارەگاکانی بگوازێتەوە. بارەگاکانی پێشوتر،**

**لە سەر نەخشەیەک کە زۆر وردەکاری نەبو دەرکەوت نزیکن لە زابی بچوک کە دێتە ناو خاکی عێراقەوە ( نزیکەی N 4520E3601 )، لەوێ نەخۆشخانەیەکی گەورەیان هەبو کە پزیشکە فەرەنسیەکان هەمو مانگێک دەهاتن بۆ کارکردن، زۆرجار حزبی دیموکرات خراوەتە دۆخێکی نائاساییەوە گوایە لە هەمان کاتدا قوربانیەکانی تاڵەبانی و حکومەتی عێراق لەو نەخۆشخانەیە چارە دەکرێن. بارەگاکان بەرگەی دۆخەکەیان نەدەگرد، چونکە سوپای ئێران نزیک بو لە ڕۆژهەڵاتی شوێنەکە و سوپای عێراق نزیک لە ڕۆژئاوا و هێزەکانی تاڵەبانیش لە قوڵایی ڕۆژئاوا لە پشت عێراقیەکانەوە بوون(هەریەک لێیان بۆ ئەوی تر خۆی مات دابو).**

**ئێستا بارەگاکان ٣٥ کیلۆمەتر بەرەو باکور نزیک لە سنوری ئێران گوازراونەتەوە (N 4515E3620)، قاسملۆ گوتیشی زۆربەی کاتەکان لە ناو خاکی ئێراندایە، سوپای عێراقیش لە بەری ڕۆژئاواوە لێیان دورە.**

پێدەچێت لە ئێستادا بارەگاکانی لە ناوچەیەکی بێ خاوەن بێت و حزبی دیموکراتیش کۆنترۆڵی دەکات. قاسملۆ گوتی نەخۆشخانەکە دروست کراوەتەوە و پزیشکە فەرەنسیەکانیش بۆ کارکردن دێن.

١٢- قاسملۆ گوتی ئامانجی ئێرانیەکان لە شەرەکانی ماوەت نزیک روباری کۆگەسور کە کەوتۆتە باشوری بارەگاکانی پێشوی بۆ پاککردنەوەی باڵی رۆژهەلات- رۆژئاوای هێزەکانی تاڵەبانیە، راشیگەیاند کە بارەگاکانی تاڵەبانی کەوتونەتە رۆژهەلاتی باشوری ماوەت (لە شوێنێک لە دۆڵی روباری شلێر کە لە گەڵ کۆگەسور لە باشوری ماوەت یەک دەگرنەوە، نزیک لە N 4540E3547 ). ئێرانیەکان کۆنترۆڵی ئەو مەوقعە دەکەن کە دەروانێتە رۆژهەلاتی ماوەت، عێراقیەکان کۆنترۆڵی گردەکانی رۆژئاوای باشوری ماوەت دەکەن، شەری زۆر لەو ناوچانە و لە شاخی رۆژئاوای ماوەت کە ئێرانیەکان بەشێکیان بەدەستەوەیە رویانداوە.

هەر ئەو بەیانیە قاسملۆ لە بارەگاکەیەوە تەلەفۆنی بۆ کرا کە عێراقیەکان هەر ئەو ساتە هێرشێکی تازەیان بۆ سەر بنکەکانی ئێرانیەکان لە رۆژئاوای ماوەت دەست پێکردوە، قاسملۆ گوتی ماوەت وەک پێنجوین بە تەواوی چۆلکراوە.

## پەیوەندیەکان لە گەڵ تاڵەبانی

١٣- قاسملۆ رایگەیاند کە "دۆستایەتیەکی زۆر باشی" لە گەڵ تاڵەبانی هەیە، بەمزوانە داوای لە تاڵەبانی کردوە کاڤیاری ئێرانی بۆ بهێنێت، کاتێک بۆی هێناوە تاڵەبانی بە سوعبەتەوە وتویەتی بە رێگەی تایبەتەوە بۆی سازکرا بری زیاتری کاڤیار لە رێگە پێدراو بهێنێت و ئەگەر دەسەلاتەکانی ئێران بیانزانیە بۆ کێیە "لەوانەیە توشی شۆک ببونایە".

قاسملۆ نەیشاردەوە کە جار هەبوە بابەتی هەستیار نێوانیان رویداوە، بۆ نمونە، ماوەیەکی کورت پێش ئێستا ٥٢ سەربازی عێراقی، شەشیان ئەفسەر بون، پەنایان بۆ لای حزبی دیموکرات برد، تاڵەبانی داوای رادەستکرنیان بەخۆی کرد، ناکۆکیەکە بۆ دو هەفتە بەردەوام بو بەلام قاسملۆ پێداگر بو لەوەی حزبی دیموکرات دەبێت لە سەرجەم بابەتەکانی نێوان عێراق و کوردەکانی عێراق بە "تەواوی بێلایەن بێت"، دواتر سەرباز و ئەفسەرەکانی رادەستی سوپای عێراق کرد. لە گەڵ ئەوەی قاسملۆ کەسێکی کراوەیە هاوکاتیش زۆر بە ئاگاییەوە وشەکانی بژاردە دەکات، حەزی نەکرد باس لە پەیوەندیەکانی لە گەڵ مسعود بارزانی بکات، بەلام پێی وایە کە پدک ی بارزانی لە ئەرزی واقیعدا هیچکات حزب نەبوە، بەڵکو ئەوان زیاتر " عەشرەتێکن".

### سەدام بەرپرسە

١٤- سەرەرای ئەووەی قاسملۆ رەغبەتی نەبو باسی دانیشتنەکەی لە گەڵ سەدام بکات نەشی دەویست بلێ شتێکی وا رویداوە (هەرچەندە کە بە تەنیا بوە لە گەڵ باڵیۆزی سوید کراوەتر بوە).

قاسملۆ باسی پەندێکی فارسی کرد، دەڵێت: "ئەگەر بتوانی خوا ببینت هیچ پێویست ناکات خۆت بە یەکێک لە دوازدە ئیمامەکە گرێبدەیت).

قاسملۆ بە پێچەوانەی رەجاوی سەرکردەی موجاهدینی خەلق بە "هیچ شێوەیەک نایەوێت" لە گەڵ سەدام وێنەی بگیرێت و تەنانەت سەردانەکەی بۆ بەغدا و چاوپێکەوتنی سەدام لە میدیاکاندا باس بکرێت، لە ئێران هەواڵی لەوجۆرە بەباش نابینرێت. بەرپرسی بەشی سیاسی فشاری خستە سەر قاسملۆ کێ لە عێراق بەرپرسی پرسی کوردە، قاسملۆ گوتی "سەدام". ئەو بەرپرسی ورد و درشتی ئەو پرسەیە، هەروەها لە کاروباری رۆژ بە رۆژیشدا. لە عێراق سێ کەس زۆر گرنگن: "سەدام، عەدنان خیرالله - وەزیری بەرگری و ئامۆزا و برای هاوسەری سەدام - بەرپرسە لە باشور و علی حسن المجید، ئامۆزا بەرپرسە لە باکور. قاسملۆ وتی ئەو علی حسن، کە زۆرجار لە بارەگاکەی لە کەرکوکە، نەبینیوە. پێدەچێت قاسملۆ کەمتر لە خوا خۆی بە کەسەوە گرێ نادات.

### وێرانکردنی گوندەکان

١٥- بەرپرسی بەشی سیاسی پرسیاری لە قاسملۆ دەرباری کامپینی عێراقی بۆ وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان کرد، قاسملۆ گوتی کە "زۆربەی" گوندەکان روخێنراون، لەم خاڵەدا هەست بە هەڵچونی دەرونی ئەو نەکرا. بەرپرسەکە لێی پرسی ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر زیادبونی ژمارەی گەریلا و پەنابەران نەکردوە، لە وەڵامدا گوتی تا رادەیەکی زۆر ژمارەی گەریلاکانی زیاد کردوە، بەڵام نە خۆی و نە تاڵەبانیش هانی بیرۆکەی رۆیشتنی پەنابەران بۆ ناوچەکانی تر ناکەن بەهۆی کێشە و بەربەستی گەورە بۆ دابینکردن خۆراک بۆیان و خزمەتگوزاریەکانی تر.

قاسملۆ رایگەیاند کە کاریگەری راستەوخۆی کامپینی عێراق بۆ روخاندنی گوندەکان لەناوبردنی تەواوی ژیانی تەقلیدی کشتوکاڵیە. کورد لە عێراق تەنها دو بژاردەی لە بەردەمدایە، رو لە شارەکان بکات یاخود بمێنێتەوە:

لە سەنتەرە تازە دروستراوەکان تەنها وەسیلەی ژیان جاشایەتیە. قاسملۆ گوتی ئێرانیەکان تا ئێستا ٢٥ گوندیان لە کۆی گشتی حەوت هەزار گوند لە کوردستانی ئێران روخاندوە ( ژمارەی کوردی لە ئێران بە حەوت ملیۆن مەزەندە کرد)، کۆمێنتێکیشی دا: "بەداخەوە هەر لایەنێک نیەتی هەیە عادەت و رەفتاری خراپی لایەنەکەی تر فێربێت"، گوتی یەکێک لەو عادەتە خراپانەی کە ئێرانیەکان هەیانە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویە". "هەر دولا بەکاریان هێناوە، عێراقیەکان زۆرتر". بەرپرسی بەشی سیاسی لێی پرسی بە هۆی زۆری دەشت لە سروشتی کوردستان ئایا پەلامارەکانی هێلیکۆپتەر و هێزە ئاسمانیەکانی تر کێشەی گەورەیان بۆ پێشمەرگە دروستکردوە؟ قاسملۆ گوتی: "نە ئێمە و نە کوردەکانی عێراق مەراقی هێلیکۆپتەرمان نیە، دەتوانین لەو بوارەدا ئاگامان لە خۆمان بێت، ئەوەی کێشەی جدیە بۆمان قەسفی مەدفەعیە و زیاتریش لە گەڵ چەکە کیمیاویەکان".

٦ی دیسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ویکلیکس چۆن باسی عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرکردەی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات دەکات؟



### بەشی: چوارەم

### تێرامانی کورد بۆ عێراق

١٦- قاسملۆ لە ڕێرەوی خۆی دەرنەچو تا ڕەخنە لە عێراق بگرێت، بەڵام دابرانی ئەو بەرهەڵستانە ڕەت ناکاتەوە کە ڕێگا دەدەن تێبینیەکان بۆ دەربڕینی کەم نرخاندنی خۆی بۆ عەرەب و ڕژێمی عێراق دەربڕێت، بە تایبەتی گوتی کە هیچ حەزی لە بەغدا نیە و تەجەنوبی هاتن بۆی دەکات ئەگەر زۆر پێویست نەبێت. پێچەوانەی ئارەزوی خۆی دانی نا بەوەدا کە کۆمەڵگای ئێران نەرمتر و دینامیکترە..، "بەڵێ لە ورمیە خەڵک دەتوانن چ کاتێک ویستیان تەلەفۆن بۆ ئەمریکا بکەن، ئازادیش بۆ گەشت بۆ دەرەوەی وڵات"، قاسملۆ بە پەلە جەختی کرد لەوەی کە لەعراق کەمتر دەستتێوەردان لە ژیانی تایبەتی خەڵک دەکرێت و عێراق پشتگیری لە "ئایدیای مۆدێرن" دەکات. قاسملۆ لەعنەتی لە شا کرد، "بەڵام خومەینی زۆر خراپترە". قاسملۆ گوتی دو جار لە ١٩٧٩ خومەینی بینیوە و "بێشەرمانە درۆی دەکرد". قاسملۆ باسێکی درێژی پراکتیزە کردنی شیعە بۆ "التقیە"،(فێلکردن بۆ خزمەتکردنی مەبەستێکی بەرزتر) کرد، وەک بەشێک لە کەسایەتی شیعە.

### ڕەجەوی

١٧- قاسملۆ ڕایگەیاند کە حزبی دیموکرات پێویستی بە هاوپەیمانی لە گەڵ گروپە ئۆپزسیۆنەکانی ئێرانە، چونکە

ئاشکرایە خۆی بە تەنیا ناتوانێت رژێم بروخێنێت. قاسملۆ راشکاوانە گوتی کە سەدان هەزار مەلا پشتگیری رژێم دەکەن بۆ دابینکردنی گوزەرانیان، روخاندنی رژێم کارێکی ئاسان نیە. بەرپرسی بەشی سیاسی پرسیاری دەربارەی ئەگەری هاوپەیمانی لە گەڵ رەجاوی لێکرد کە بە پێی راپۆرتەکان کاری سەربازی لە باکور ئەنجامداوە. قاسملۆ رەجاوی بە "مغام" وەسفرد کە ئەوپەری ١٢٠٠ شەرکەری هەیە بەڵام ماشێنێکی باشی پرۆپاگەندەی هەیە، گوتیشی رەجاوی "هەوڵی چەند کارێکی لە باکورد داوە"، بەپێچەوانەی حزبی دیموکرات مجاهدینی خلق هێزی واقیعی لە ئێران نیە، لە درێژەی وەڵامدا گوتی " لە راستیدا لە نێو هەمو گروپەکانی ئۆپزسیۆن تەنها حزبەکەم پێگەیەکی بەهێزی لە ناو ئێراندا هەیە". قاسملۆ گوتی دوا کاری رەجاوی لە باکور کێشەی بۆ حزبی دیموکرات دروستکردوە چونکە بەرەنگاری هێزەکانی تاڵەبانی بۆتەوە، لە ئێستادا رەجاوی لە باکور چالاکی ناکات روی لە باشور کردوە. هەروەها گوتی "پێدەچێت رەجاوی شایستەی هیچ جۆرە هاوپەیمانیەک نەبێت، رەجاوی خۆی زۆر بە زل دەزانێت و وا بیردەکاتەوە کە بەتەنیا دەتوانێت کاربکات".

## کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٨- نوێنەری حزبی دیموکرات لە پاریس (لە گەڵ هاورێکەی لە ستۆکهۆڵم لە ١٥ی شوبات دەگەرێنەوە بۆ ئەوروپا) گوتی "نزیکەی٢٠٠" نوێنەری حزب بەشداری کۆنگرە بون کە لە بارەگا نوێکەیان بەسترا. لە رابوردودا دو ساڵ جارێک دەبەسترا، بەڵام بەهۆی گرفتی زۆر بۆ گەیشتنی زۆربەی ئەندامانی حزب لە شوێنە جیاکانی کوردستانی ئێرانەوە و تێپەربونی سنور بۆ بارەگاکانی حزب لە عێراق ئێستا بریار دراوە تا سێ ساڵی تر کۆنگرە نەبەسترێت.

قاسملۆ، کە بەردەوام جەخت لە سروشتی دیموکراسی حزبەکەی و سیاسەتەکانی دەکاتەوە (رونیشی کردۆتەوە مەبەستی ئەو لە دیموکراسی بە تێگەیشتنە رۆژئاواکەیە نەک رۆژهەڵاتیەکەی)، رایەگەیاند کە بۆ پۆستی سکرتێری گشتی رکابەری نەبو.

بەرپرسی بەشی سیاسی لێی پرسی ئایا هیچ نوێنەری حزب لە ئەمریکا بەشداری کردبو، لە وەڵامدانەوە دەرکەوت لە کۆنگرەی پێشوتر یەک نوێنەر بەشدار بو بەڵام لە دوا کۆنگرەدا کەس بەشدار نەبو.

## کۆمەڵە

١٩- باڵیۆزی سوید ئاشکرای بێتاقەتی خۆی کرد کە دو هەفتە پێشتر ڤیزای گەشتیاری داوە بە کەسایەتیەکی ناوداری کوردی ئێران، شێخ عزالدین حسێنی، ئێستا ئەو داوای پەنابەری سیاسی کردوە. زاواکەی، شەمسی، بە ناوی ئەوەوە داوای

ڤیزەکەی کردبو، نوێنەری کۆمەڵە لە بەغدا (گرووپێکی بچوکی مارکسی کوردی ئێران). قاسملۆ گرنگی ئاینیی شێخ حسێنی بە گەورە نەزانی و هەروەها دەربارى کۆمەڵە هەمان هەڵسەنگاندنی هەبو.

**بایۆگرافی**

٢٠- قاسملۆ لە ساڵی ١٩٣٠ لە دایکبوە، خوێندنە سەرەتاییەکانی لە ورمیە تەواو کردوە و لە تەهرانیش چۆتە کۆلێجی ئەمریکی. بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە پاریس بەڵام بەهۆی چالاکی شۆرشگێرانە لە ئێران دەرکرا، زەمالەیەکی بۆ خوێندن لە زانکۆی پراگ پێدەدرێت. بۆ ماوەی بیست ساڵ پرۆفیسۆری ئابوری بوە لە پراغ. لە ١٩٦٨ کاتێک هێزەکانی سۆڤیەت هاتنە پراغ قاسملۆ ئەوێی جێهێشت. لە ساڵانی هەفتاکان ناو بە ناو وەک پسپۆرێکی ئابوری کاری بۆ وەزارەتی پلاندانان لە بەغدا کردوە. لەو کارەیدا ڕۆڵی زۆر گرنگی هەبوە لە بواری ئابوری عێراقدا.

قاسملۆ باڵایەکی ناوەندی هەیە و بونیادێکی باریک، سیبەتی کەوتۆتە قژی بەڵام جموجۆڵی گەنجێکی هەیە، زۆر بە باشی و بە نەرمی و خۆشیەوە باس و چیرۆکەکان پێشکەش دەکات.

٦ی دیسەمبەری ٢٠١٩

**سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٠ی کوردی = جوونی ٢٠٢٠ی زایینی**

**نۆژەن کردنەوە: خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe